جان بۆدریار

# رۆحی تیرۆریزم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
سامان عەلی حامید

چاپی یەکەم
٢٠١٤

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی ڕێنما
زنجیرە: (٤٦٦)

---

ناسنامەی کتێب

رۆحی تیرۆریزم

| | | |
|---|---|---|
| نووسینی | : | جان بۆدریار |
| بابەت | : | هزری سیاسی |
| وەرگێڕانی | : | سامان عەلی حامید |
| نەخشەسازیو بەرگ | : | فواد کەوڵۆسی |
| ساڵی چاپ | : | ٢٠١٤ |
| نۆبەتی چاپ | : | چاپی یەکەم |
| شوێنی چاپ | : | چاپخانەی گەنج |
| تیراژ | : | ١٠٠٠ |

لەبەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کتێبخانە گشـــتییەکان ژمارە (١١٤٣)ی ســـاڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە

سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.
ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

## پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی | ٩ |
| (١) رۆحی تیرۆریزم | ١١ |
| (٢)دەسەڵاتی دۆزەخیی | ٣٣ |
| أ ـ کۆنوێژێکی شینگێڕانە بۆ دوو تاوەرەکە | ٣٥ |
| ب ـ چەند گریمانەیەك دەربارەی تیرۆریزم | ٤٥ |
| ج ـ زەبروزەنگی جیهانیی | ٦٥ |
| (٣) دەمامکی شەڕ | ٧٧ |
| (٤) پۆرنۆگرافیای شەڕ | ٨٥ |
| پەراوێز | ٩١ |

پێشکەشە: بۆ
نالی

# پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی

لە پاش مانگ‌و نیوێك لە رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، جان بۆدریار لە رۆژنامەی لۆمۆندا وتاری «رۆحی تیرۆریزم»ی بڵاوکردەوە. وتارەکە، لە لایەنی شیکاری ئەو رووداوەی کە لەو رۆژەدا روویدا و لە لایەنی روانین لە رووداوەکە و شرۆڤەکردنییەوە بە جۆرێك گرنگ بوو کە من هەستم بە پێویستیی وەرگێڕانی کرد بۆ سەر زمانی عەرەبی، بۆ ئەو خوێنەرانەی کە بۆیان نەرەخساوە بە زمانی فەرەنسی بیخوێننەوە یان ئەو کەسانەی کە هەر لە بنەڕەتدا بە فەرەنسی ناخوێننەوە. ئیدی بەم چەشنە لە پاش مانگێك لە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی لۆمۆندا لە بەرواری ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١دا، گۆڤاری «أخبار الادب» لە قاهیرە‌و «الفکر العربي المعاصر» لە بەیروت‌و رۆژنامەی «القدس» لە لەندەن تا ڕادەیەك لە یەك کاتدا ئەو وەرگێڕانەیان بڵاوکردەوە کە من بۆ وتارەکەم کردبوو، کە لە ناوەندە رۆشنبیریی‌و سیاسییەکانی فەرەنسادا گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەرمی دروستکرد. دوابەدوای ئەوەش بڵاوکراوەکانی گالیلە وتارەکەی لە دوتوێی کتێبێکدا چاپ‌و بڵاوکردەوە، هێندەی نەبرد بۆدریار کتێبێکی بە شوێندا هێنا بە ناوی «دەسەڵاتی دۆزەخیی» کە سێ وتاری لەخۆ گرتبوو تێیدا درێژە بە رامانەکانی خۆی سەبارەت بە دەرەنجام‌و واتاکانی ١١ی سێپتەمبەر دەدات. ئینجا ئەوەبوو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ مانگەکانی سازکردنی رای گشتیی جیهانیی بوو بۆ شەڕی دووەمی کەنداو و داگیرکردنی عێراق، ئەم پرسەش هانی بۆدریاری دا وتاری «دەمامکی شەڕ» بنووسێت کە تێیدا پەڵپە بانگەشەئاساکانی ئەمەریکا بە درۆ دەخاتەوە و پەردە لە سەر ئەو شتە هەڵدەماڵێ کە بە پاڵنەرە راستەقینەکانی ئەو شەڕەی دەزانێت، کە تەنانەت ناوێرێت ئامانجی راستەقینەی خۆشی ئاشکرا بکات کە تەقەللایەکە



بۆ سڕینەوەی شورەیی ئەو سووکایەتییەی کە بە تاکە زلهێزە مەزنەکەی جیهان‌و لەسەر خاکی خۆی کرا. ئەوجا رووداوی ئابڕووچونی بەندیخانەکانی عێراق‌و بەتایبەتی بەندیخانەی ئەبوغرێبی بە دوادا هات‌و دروستیی ئەو شیکارییەی سەلماند کە بۆدریار لە وتارەکەی پێشوویدا پێشچاوی خستبوو. ئەمەش ئەو پرسە بوو کە هانی بۆدریاری دا وتاری پۆرنۆگرافیای شەڕ بنووسێ، هەڵبەت نەك وەك درێژدادڕییەك بەڵکو وەك بەردەوامبوونێك لە سەر شیکارییەکەی خۆی لە وتاری دەمامکی شەڕدا.

هەر ئەم یەکێتی بابەت (بابەتی ١١ی سێپتەمبەر)و یەکانگیریی لە شیکاریی‌و میتۆد و روانین دا بوو، بە لێکدی دووریی بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە هەمەجۆرانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە، هانی ئێمەیدا وەریانبگێڕین‌و پێکەوە لە دوتوێی کتێبێك‌و لەگەڵ وەرگرتنی رەزامەندیی نووسەر، چاپ‌و بڵاویان بکەینەوە.

ئامانج لەم بەراییە کە چی تر نییە جگە لە روونکردنەوەی پاڵنەری وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە گرنگانە دەربارەی رووداوێك کە هیچ گومانی تێدا نییە بووە مۆرکێك بۆ سەرەتای سەدەی بیست‌و یەك، تەنها ئەوەیە کە خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات جان بۆدریار، بێ ئەوە پێ بزانێت، وەڵامی زۆرێك لەو گریمانانە دەداتەوە کە ژمارەیەك لە بیریاران‌و گەورە رۆژنامەنووسانی عەرەب لە پاش ١١ی سێپتەمبەر دەربارەی دووان، ئێمەش پرسی هەڵهێنجانی واتاکان بۆ خودی خوێنەر خۆی جێدەهێڵین.

**بەدرەدین عەرودکی**

## (١)
# رۆحی تیرۆریزم

زۆر رووداومان بینی، هەم لە رووداوە جیهانییەکان، لە رووداوی مەرگی دایانا ـ وە تا پاڵەوانێتی جیهانیی تۆپی پێ، یان رووداوە توندوتیژ و کردەییەکان لە نموونەی شەڕ و کۆمەڵکوژییەکان. بەڵام هەرگیز بە رووداوێکی سەمبولیکیی زایەڵەداری جیهانیی ئاشنا نەبووین، واتە رووداوێك کە نەك هەر تەنها ناوبانگێکی جیهانیی لە خۆ بگرێت، بەڵکو خودی جیهانگیریی خۆشی تووشی شکست بکات. بە درێژایی ئەم ماوەی داوەستانەی ساڵانی نەوەدەکان، بە دەربڕینی ماسیدۆنیۆ فێرناندیز Macedonie Fernandez ی نووسەری ئەرجەنتینیی، «مانگرتنی رووداوەکان»مان بینی، بەڵام مانگرتنەکە کۆتایی هات. رووداوەکان دەستیان لە مانگرتنەکەیان هەڵگرت. بەڵکو ئەوەتا ئێمە لەگەڵ تەقینەوەکانی نیویۆرکو سەنتەری بازرگانیی جیهانییدا رووبەرووی رووداوە رەهاکە، دایکی رووداوەکان، دەبینەوە. ئەو رووداوە پەتییەی کە لە نێو خۆیدا هەموو ئەو رووداوانە چڕ دەکاتەوە کە



هەرگیز پێشان روویان نەداوە.

بە هۆی ئەم رووداوەوە، گەمەی مێژوو و هێز، هەروەها مەرجەکانی لێکدانەوەش، سەروبن بەراوەژوو بوون. هەربۆیە دەبێت پەلە نەکرێت، ئەگەر رووداوەکان لە سەر باری داوەستاوییان بەردەوامبن پێویستە پێشدەستیی بکرێن. کاتێکیش کە تا ئەو ڕادەیە پڕتاو دەبنەوە پێویستە بە شێنەیی رێ بکرێت. بە بێ بوون بە ژێر دار و پەردوی گوتارەکانو تەمومژو هەورەکانی شەڕەوە و، شانبەشانی دەستگرتن بە درەوشاوەیی ئەو وێنانە کە لە بیر ناچنەوە.

هەموو گوتار و لێدوانەکان پەردە لە سەر نەمانو لەناوچوونێکی سامناکو زەبەلاحی گرێکان سەبارەت بە هەمان رووداو و ئەو جادووەش کە دەیکات هەڵدەماڵن. پرۆتیستۆی مۆڕاڵییو یەکێتی پیرۆزیش دژ بە تیرۆر، لە ئاستی شادیی لەڕادەبەدەر لە بەردەم بینینی ماڵوێرانبوونی ئەم زلهێزە و، بەڵکو باشتر لەمە، لە بەردەم بینینیدان لە دۆخێکدا کە خۆی خۆی وێران دەکات، کە بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش خۆی لەناودەبات. چونکە ئەوە ئەو خۆیەتی کە، بە هۆی ئەو هێزەیەوە کە لە تاقەت بە دەرە، ئەم هەموو زەبروزەنگە بەربڵاوەی ئەمڕۆی جیهانو پاشان ئەو خەیاڵپەروەرییە تیرۆریستییەی جۆشداوە کە (بێ ئەوەی پێ بزانین) لە ناخی هەمووماندایە.

راستیی ئەوەی کە ئێمە خەونمان بەم رووداوەوە بینیبێتو، کە هەموو خەڵکیی بەبێ جیاوازی خەونیان پێوە بینیبێت، چونکە ناشێ کەس خەون بە تەفروتوونابوونی هەر هێزێکەوە نەبینێت کە بووەتە خاوەنی ئەو ڕادەیە لە باڵادەستییو هەژمون، پرسێکە لە روانگەی ویژدانی مۆراڵیی خۆرئاواوە ناپەسەندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکە قەوماوە و کتومت لەگەڵ زەبروزەنگی هەموو ئەو گوتارە جێی بەزەییانەدا دێتەوە کە دەیانەوێت لەناویبەرن.

بە واتایەك لە واتاکان، ئەوە ئەوان خۆیانن ئەو کارەیان کرد، بەڵام ئەوە ئێمەین کە ئەوەمان ویست. ئەگەر ئەمەش نادیدە بگرین رووداوەکە هەموو رەهەندێکی سەمبولیکیی لە دەست دەداتو دەبێتە تەنها رووداوێكو هیچی

تر، تەنها کردارێکی ستەمکارانە، تەنها وڕێنەیەکی کوشندەی ژمارەیەك لەو دەمارگیرانەی کە ئەو دەمە هەر هێندە بەسە لەناوببرێن. بەڵام ئێمە زۆر چاك دەزانین کە پرسو مەسەلەکان بەو شێوەیە نین. ئەم وڕێنە دژکارەی ترسیش بۆ وەدەرنانی خراپەکاریی، لێرەوە هاتووە: چونکی خراپە لێرە، لە هەموو شوێنو جێیەکە، لەم رووەوە وەك بابەتی خواستێکی لێڵو نا ڕوون وایە. بەبێ ئەم دەسیسە قوڵە، ناکرێ رووداوەکە ئەو زایەڵەیەی کە هەیبوو وەدەستبهێنێت، گومان لەوەدا نییە کە تیرۆریستانیش، لە چوارچێوەی ستراتیجی سەمبولیکییاندا، دەرك دەکەن کە دەتوانن پشت بەم دەسیسە پەنهانە ببەستن.

ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر، قینی بەشخوراوانو چەوساوان لە هێزی جیهانیی باڵادەست، قینی ئەوانەی کە کەوتونەتە نێو بەرە خراپەکەی سیستەمی جیهانییەوە، تێدەپەڕێنێت. ئەم خواستە تەڵەکەبازە لە نێو دڵی ئەوانەدایە کە هەمان بەروبوومەکەی دەبەشنەوە. هەستەوەریی بەرانبەر بە هەموو سیستەمێکی پایانیی، بەرانبەر بە هەموو هێزێکی پایانیی، بۆ خۆشبەختیی، هەستەوەرییەکی گشتییە، دوو تاوەرەکەی سەنتەری بازرگانیی جیهانییش ـ کتومت لە رووی هاوقەدییانەوە ـ بە تەواوی، بەرجەستەی ئەو سیستمە پایانییەیان دەکرد.

هیچ پێویست بە غەریزەی مەرگ یان وێرانکاریی و، تەنانەت بە کاریگەرییەکی خراپ نییە. چونکە بە جۆرێکی ئێجگار لۆجیکیی و بە چەشنێکی بێ چەند و چون، هەڵاوسانی هێز، ویست بۆ وێرانکردنی دەبزوێنێ. کەواتە ئەو بەشدارە لە خۆ وێرانکردنیدا. کاتێك کە دوو تاوەرەکە هاڕەیان کرد باری سەرنجی ئەوە دروستبوو کە ئەوان (واتە دوو تاوەرەکە. و.ك) لە رێگای خۆ وێرانکردنی تایبەت بە خۆیانەوە بە پیر خۆکوشتنی دوو فڕۆکە خۆکوژەکەوە دەچن. هەروەها گوترا: «تەنانەت خوداش ناتوانێ جاڕی شەڕ لە دژی خۆی بدات». با، بێشك دەتوانێ جاڕی شەڕ لە دژی خۆی بدات. خۆرئاوا لە دۆخی خواوەندا (هەموو هێزە خواوەندیی و رەوایەتییە مۆراڵییە رەهاکان) بووە خۆکوژ و جاڕی شەڕی لە دژی خۆی دا.



فیلمە هەمەجۆرەکانی کارەساتەکان گەواهی ئەم وڕێنەیەن کە هەڵبەت بە هۆی وێنە و لە رێگای بەکارهێنانی فێڵە سینەماییەکانەوە وەدەریان دەنێت. بەڵام ئەو سەرنجبەرییە گشتییەی کە وەك فیلمە پۆرنۆگرافییەکان دەینوێنێ ئەوە دەردەخات کە پەڕینەوە رووەو کردار هەمیشە نزیکە، چونکە دیاردەی جوڵەی نکوڵیی لە هەر سیستمێکدا بە ئەندازەی نزیکبوونەوەی لە کامڵبوون یان هێزی رەها، بەهێزتر دەبێت.

وێڕای ئەوە پێدەچێت تیرۆریستان (سەرەڕای شارەزایان) پێشبینی هاڕەکردنی دوو تاوەرەکەیان نەکردبێت، کە هاڕەکردنێك بوو، لە هێرش بۆ سەر پینتاگۆن زیاتر، پێداکێشانی سەمبولیکیی هەرە گەورەی پێکهێنا. داڕووخانی سەمبولیکیی تەواوی سیستمێك بە هۆی دەسیسەیەکی پێشبینی نەکراوەوە بە جێ گەیەنرا، وەك ئەوەی کە ئەوان لە رێگای هەرەسهێنانی خۆییانەوە، لە رێی خۆ لەناوبردنیانەوە، بۆ تەواوکردنی رووداوەکە چوونە نێو گەمەکەوە.

بە واتایەك لە واتاکان، تەواوی سیستمەکە، بە کارکردی لەرزۆکییە ناوخۆییەکەی، بە توندیی یارمەتی کردە بنەڕەتییەکە دەدات. بە ئەندازەی ئەوەش کە سیستم لە سەر ئاستی جیهانیی چڕدەبێتەوە بێ ئەوەی لانیکەم تەنها تۆڕێك پتر پێکبهێنێ، بەو ئەندازەیە لە خاڵێکدا لەرزۆك دەبێت (لەوەوبەر هاککەرێکی سادەی خەڵکی فلیپین توانی لە رێگای لاپتۆپەکەیەوە ڤایرۆسی I love you بڵاوبکاتەوە کە هەموو جیهان گەڕا و تەواوی تۆڕگەلێکی زانیاریی تێکدا). لێرەدا هەژدە خۆکوژ بە یاریدەی چەکی مەرگی رەها کە بە کاریگەریی تەکنەلۆجیا بوو بووە دوو ئەوەندە، پرۆسەی کارەساتێکی سەرتاپاگیریان سەر ڕێگا خست.

کاتێك کە دۆخەکە لە لایەن هێزێکی جیهانییەوە بەم شێوەیە قۆرخکراو دەبێت، کاتێك کە رووبەرووی ئەم چڕکردنەوە سەرسوڕهێنەی هەموو ئەرکەکان لە لایەن میکانیزمی تەکنەلۆجیی و تاکە هزر دەبینەوە، ئەو تاکە رێگە هەموارەی تر چییە جگە لە رێگای وەرچەرخاندنی تیرۆریستییانەی دۆخەکە؟ ئەوە

هەر هەمان سیستمە کە مەرجە بابەتییەکانی ئەم کردارە دژکارە توندوتیژەی هێناوەتە گۆڕێ. چونکە کاتێك کە هەموو کارتەکانی لە نێو دەستی خۆیدا کۆکردووەتەوە، ئەوی دی بە گۆڕینی یاساکانی گەمەکە ناچار دەکات. یاسا نوێیەکانیش یاساگەلێکی دڕندانەن چونکە گرەوەکەش گرەوێکی دڕندانەیە. چونکە بەرانبەر بە سیستمێك کە لەڕادەبەدەریی هێزی ئەم سیستمە خۆی کێشەیەکی بەرەنگاریی دەهێنێتە ئاراوە کە چارەسەرکردنی دژوارە، تیرۆریستان بە کردەیەکی رەها وەڵام دەدەنەوە کە ئەمیش هەر دیسان ئاڵوگۆڕکردنی ئەستەمە. تیرۆر ئەو کردارەیە کە تایبەتمەندییەك دەگەڕێنێتەوە دژوارە بۆ بەراوەژووکردنی سیستمێکی ئاڵوگۆڕی گشتێنراو سادە بکرێتەوە. هەموو تایبەتمەندییەکان (چەشنەکان، تاکەکانو کلتورەکان) کە بە مەرگی خۆیان نرخی دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەچوونی جیهانییان دا تاکە هێزێك بەڕێوەی دەبات، ئەمڕۆ لە رێگای ئەم وەرچەرخاندنە تیرۆریستییانەی دۆخەکەوە تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە.

تیرۆر دژی تیرۆر ـ هیچ ئایدیۆلۆجیایەك لە پشت هەموو ئەمانەوە نییە. چونکی ئێمە لێرە بەدوا چووینە ئەودیو ئایدیۆلۆجیا یان سیاسەتەوە. ئەو وزەیەی کە تیرۆر تەیاری دەکات هیچ دۆزێك تەنانەت گەر ئیسلامییش بێت ناتوانێ راڤەی بکات. چیی تر ئامانجی ئەو تەنانەت گۆڕینی جیهانیش نییە، بەڵکو (وەك بیدعەکان لە سەردەمی خۆیدا) ئامانجی ریشەکێشکردنێتی بە هۆی قوربانییکردنەوە، بەڵام ئامانجی سیستم وەدیهێنانێتی بە زەبری هێز.

تیرۆر وەك ڤایرۆس، لە هەموو شوێنو جێیەکە. تەشەنەسەندنێکی جیهانیی تیرۆر هەیە کە ـ وەك تارمایی هاوشانی هەموو سیستمێکی بە هەژمون ـ لە هەموو جێیەك لە ئامادەباشیدایە تا وەك بەکرێگیراوێکی دووفاق خۆی چالاك بکاتەوە، هیچ سنوورگەلێکی جیاکەرەوە نەماوە بوار بە گەمارۆدانی بدات، چونکە ئەو لە ناوجەرگەی ئەو کلتورەدایە کە لە دژی دەجەنگێ. ژێر پێ نانی ئاشکرا (هەروەها قین) کە لە سەر ئاستی جیهانیی چەوساوە



و پاشکەوتووان لە رووبەرووی جیهانی خۆرئاوادا دادەنێت، بە نهێنی دەچێتە پاڵ ژێر پێ نانی ناوەکیی نێو چوارچێوەی سیستمی باڵادەست. سیستمی باڵادەست دەیهەوێت بەرەنگاری هەموو نەیارییەکی ئاشکرا ببێتەوە، بەڵام تیرۆر بونیادێکی ڤایرۆسییانەی هەیە ـ وەك ئەوەی هەموو ئامرازێکی باڵادەست نەیار و هەوێنی لەناوچوونی خۆی دەربهاوێژێت ـ سیستمیش هیچی لە دژی ئەم شێوە گەڕانەوە نیمچە میکانیکییانەی هێزی تایبەت بە خۆی پێناکرێتو دەستەوسانە. تیرۆر تەوژمی کتوپڕی ئەم گەڕانەوە بێدەنگەیە.

کەواتە ئەمە پێکدادانی شارستانییەکان یاخود ئایینەکان نییە، هاوکات لە ئیسلامو ئەمەریکاش تێدەپەڕێنێت کە ئێمە دەمانەوێت ململانێکە لە نێوانیاندا چڕبکەینەوە تا وەهمی ململانێیەکی ئاشکرا و چارەسەرێك کە لە رێگای هێزەوە دەکرێت، بە خۆمان ببەخشین. دروست ئەمە دوژمنایەتییەکی ریشەییە بەڵام لە رێگای تارمایی ئەمەریکاوە (کە رەنگە ناوەندی سەرەکی بێت بەڵام هەر خۆی بە تەنها بەرجەستەی جیهانگیریی نییە)و لە رێگای تارمایی ئیسلامەوە (کە ئەمیش هەر دیسان بەرجەستەی تیرۆر نییە)، ئاماژە بۆ جیهانگیریی سەرکەوتوو دەکات لە ململانێیدا لەگەڵ خۆی.

بەم واتایە دەتوانین دەربارەی جەنگێکی جیهانیی بدوێین کە جەنگی سێیەم نییە بەڵکو چوارەمە و تاکە جەنگیشە کە بە راستیی شایستەی خەسڵەتی جیهانییە چونکە بابەتەکەی خودی جیهانگیریی خۆیەتی. دوو جەنگی جیهانیی یەکەمو دووەم وەڵامدەرەوەی فۆرمی کلاسیکیی جەنگ بوون، چونکە یەکەمیان سنوورێکی بۆ سەردەمی باڵادەستیی ئەوروپا و دەورانی کۆڵۆنیالیزم دانا، دووەمیش کۆتایی بە نازیزم هێنا، هەرچی جەنگی سێیەمیشە کە بە کردەوە لە فۆرمی جەنگی سارد و جەنگی پێشگرییدا بەرپابوو، سنوورێکی بۆ کۆمۆنیزم دانا. لە جەنگێکەوە بۆ یەکێکی تریش هەموو جارێك هەنگاوێکی تر بە ئاراستەی سیستمی جیهانیی تاكو تەنهادا پێشڕەوییمان دەکرد. ئەمڕۆش ئەو سیستمە جیهانییە تاكو تەنهایە، کە لە رێگای هێزەوە

بە پایانی خۆی گەیشتووە، لەگەڵ هێزە نەیار و بەربڵاوەکانی هەموو شوێنو جێیەکی ناوجەرگەی خودی جیهانیی، لە هەموو بارگرژییەکانی هەنوکەدا، لە ململانێدایە. جەنگێکی کاولکاری هەموو شانەکانو، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە لە فۆرمی جەستەگەلی ناتەبادا یاخی دەبن، بەرەنگارییگەلێکن دەرك نەکردنیان گەیشتووەتە ئاستێك کە پێویست دەکات ناوبەناو لە ڕێگای دراماگەلی ئاشکرای وەك جەنگی کەنداو یان جەنگی ئەمڕۆی ئەفگانستانەوە، بیرۆکەی جەنگ رزگار بکرێت. بەڵام جەنگی چوارەمی جیهان لە شوێنێکی تر هەڵدەگیرسێ. ئەو جەنگەیە کە هاوڕای هەموو سیستمێکی جیهانییو هەموو دەسەڵاتێکی بە هەژمونە ـ گەر ئیسلام بە سەر جیهاندا باڵادەستبووایە تیرۆر لە دژی ئیسلام ڕادەوەستا، چونکی ئەوە جیهان خۆیەتی کە بەرەنگاریی جیهانگیریی دەکات.

تیرۆریزم نامۆراڵییە، رووداوی سەنتەری بازرگانیی جیهانییش، ئەو بەرەنگارییە سەمبولیکییە، نامۆراڵییە و، وەڵامی جیهانگیرییەك دەداتەوە کە ئەمیش هەر دیسان نامۆراڵییە. کەواتە با ئێمە خۆشمان نامۆراڵیی بین، گەر بشمانەوێت لەم بوارەدا لە شتێك بگەین با بڕۆین تا بزانین ئەو شتە چییە کە دەشێ لە پشت چاکە و خراپەوە ببینرێت. با ـ لەکاتێکدا کە دەرفەتی گوزەراندنی رووداوێکمان بۆ رەخساوە کە نەك هەر بەرەنگاریی مۆراڵ بەڵکو بەرەنگاریی هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی لێکدانەوەش دەکات ـ هەوڵبدەین ببینە خاوەنی ژیرێتیی خراپە. چونکە، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان چاکە و خراپە، خاڵە سەرەکییەکە کتومت لێرەدایە: ئاراستەی تەواو پێچەوانەی فەلسەفەی خۆرئاوایی، فەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەریی. ئێمە، بە جۆرێکی ساویلکانە، بڕوامان وایە کە پەرەسەندنو پێشکەوتنی چاکە و پتربوونی هێزەکەی لە هەموو بوارەکان (بواری زانستەکان، تەکنیکەکان، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ)دا لەگەڵ شکستی خراپەدا وێك دێتەوە. پێناچێ کەس پەی بەوە بردبێت کە چاکە و خراپە لە هەمان کاتدا و بە هەمان رێتم هێزیان زیاد دەکاتو، سەرکەوتنی یەکێکیان نابێتە مایەی لەناوچوونی ئەوی دیکەیان. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە. چونکە ئێمە خراپە،



وەك ئەوەی هەڵەیەکی ناکاو بێت، بە میتافیزیکیی لە قەڵەم دەدەین. بەڵام ئەم بەڵگەنەویستە کە هەموو شێوەکانی ململانێی دوو سەرەی لێکەوتۆتەوە، وەك ململانێی چاکە لە دژی خراپە، بەڵگەنەویستێکی وەهمییە. چونکە چاکە لە خراپە کەم ناکاتەوە، وەك چۆن خراپە لە چاکە کەم ناکاتەوە. چاکە و خراپە لە هەمان کاتدا وابەستەن وەکی چۆن پەیوەندیشیان پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. لە راستیدا چاکە ناتوانێ شکست بە خراپە بهێنێت تەنها بە دەستهەڵگرتنی نەبێت لە چاکەبوون، چونکە لەو ڕێگایەوە کە هەر خۆی بە تەنها دەبێتە قۆرخکاری هێزی جیهانیی، بەو هۆیەوە دەبێتە مایەی گەڕانەوەی ئاگرەکان بە هەمان ئەندازە لە زەبروزەنگ.

لە نێو جیهانی باویشدا هاوسەنگییەك هەبوو لە نێوان چاکە و خراپەدا بە گوێرەی پەیوەندییەکی دیالەکتیکی کە بە هەر نرخێك بووە چالاکییو هاوسەنگیی جیهانی مۆراڵیی دەستەبەر دەکات ـ تا ڕادەیەك بەو جۆرەی کە لە جەنگی سارددا هەبوو کاتێك کە رووبەرووبوونەوەی نێوان دوو زلهێزەکە هاوسەنگیی ترسو بیمی دابین دەکرد. کەواتە باڵادەستیی هێزێك بە سەر یەکێکی تردا بوونی نییە. پەتی ئەم هاوسەنگییە لەو ساتەوە پچڕا کە تیایدا جەمسەرگیرییەکی تەواوی چاکە پەیدا بوو (هەژمونکردنی ئەرێنیی بە سەر هەر شێوەیەك لە شێوەکانی نەرێنێتیدا تەنها مەرگی لێبترازێت، هەروەها بە سەر هەموو هێزێکی نەیاری چاوەڕوانکراودا ـ سەرکەوتنی بەردەوامی بەهاکانی چاکە)، لەم پێودانگەوە پەتی هاوسەنگییەکە پسا وەك ئەوەی خراپە سەربەخۆییەکی نا ئاشکرا بەدەستبهێنێتەوە و، بۆ لەمەودوا بە چەشنێکی توانیی پەرە بستێنێت.

هەڵبەت لەگەڵ رەچاوکردنی رێژەکانیشدا دەکرێت بگوترێ تا ڕادەیەك ئەمە بوو ئەو شتەی کە لە سیستمی سیاسیدا روویدا لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزمو سەرکەوتنی جیهانیی هێزی لیبراڵیزمدا. ئەو دەمە دوژمنێکی تارماییئاسا سەریهەڵدا و بە هەموو جیهاندا پەرەیسەند و وەك ڤایرۆس دزەی کردە هەموو شوێنو جێیەکەوە و لە هەموو کەلێنەکانی هێزەوە دەرپەڕی،

ئەو دوژمنە تارماییئاسایە ئیسلام بوو. بەڵام ئیسلام چیی تر نییە جگە لە بەرەی بزواوی ڕسکانی ئەو دوژمنایەتییە. ئەم دوژمنایەتییە لە هەموو شوێنێکە و، لە قووڵاییی هەر یەکێك لە ئێمەدا بوونی هەیە. کەواتە ئەوەی کە هەیە ترسو بیمە لە دژی ترسو بیم بەڵام ترسو بیمێکی وێکنەچووە. ئەم وێکنەچوونەشە کە هێزی هەرە گەورەی جیهان بە تەواوی لە چەك داماڵراو دەکات. لەو سۆنگەیەشەوە کە لەگەڵ خودی خۆیدا لە بەرەنگارییدایە، چی تری لە توانادا نییە تەنها نغرۆبوون نەبێت لە نێو لۆجیکی خۆیدا کە تایبەتە بە پەیوەندیگەلی هێز، بێ ئەوەی بتوانێ لە سەر زەمینی بەرەنگاریی سەمبولیکییو مەرگ گەمە بکات، ئەو سەر زەمینەی کە چیی تر هیچ بیرۆکەیەکی دەربارەی نەماوە چونکە لە کلتوری تایبەت بە خۆیدا سڕیویەتییەوە.

تا ئێستا ئەم هێزە گشتگیرە توانیویەتی بە شێوەیەکی فراوان هەموو قەیرانو، هەموو نەرێنێتییەك بۆ نێو خۆی بە کێش بکاتو لە چوارچێوەیان بدات، لەم ڕێیەشەوە رەوشێکی ئێجگار نائومێدکەری خوڵقاندووە (نەك تەنها بۆ بەشخوراوانی سەر زەوی، بەڵکو بۆ دەوڵەمەند و دارایانیش لە ناز و نیعمەتی زەوەند و زۆریاندا). ڕووداوی سەرەکییش لەوەدا خۆ دەبینێتەوە کە تیرۆریستان وازیان لەو جۆرە خۆکوژییە هێناوە کە لە زیانی پەتییدا خۆ دەنوێنێ، چونکە ئەوان هێرشبەرانە و کارایانە و، بە گوێرەی مەزەندەیەکی ستراتیجیی کە بەوپەڕی سادەیی مەزەندەی لەرزۆکیی لە ڕادەبەدەری دوژمنە، لەرزۆکیی سیستمێك کە گەیشتووەتە نیمچە کەماڵو، پاشان کتوپڕ بەرانبەر بە کەمترین پریشك کاردانەوەی هەیە، گرەو لە سەر مەرگی خۆیان دەکەن. ئەوان توانییان مەرگی خۆیان بکەنە چەکێکی رەها دژ بە سیستمێك کە لە سەر کەنارخستنی مەرگ دەژیو، ئامانجیشی بەر بنەمای ژمارەی سفر لە مردووان دادەمەزرێت. هەر سیستمێك بەر بنەمای ژمارەی سفر لە مردووان دابمەزرێت سیستمێکی بێ ئەنجامە. هەموو ئامرازەکانی ترساندنو وێرانکردنیش دژ بە دوژمنێك کە مەرگی خۆی کردووەتە چەکی هێرشی دژکار، هیچیان پێ ناکرێت. «ئەو بۆردومانەی کە ئەمەریکا دەیکات



هیچ بایەخێکی نییە! چونکە پیاوانی ئێمە، بارتەقای ئاوات خواستنی ئەمەریکییەکان بە ژیان، ئاواتی مردن دەخوازن!»، شێوازیی هاوسەنگیی نێوان ئەو حەوت هەزار کوژراوەش کە بە وەشاندنی گورزێك کەوتنەوە، لەگەڵ سیستمێکدا کە بەر بنەمای ژمارەی سفر لە مردووان دادەمەزرێت، لێرەدایە.

کەواتە بەم جۆرە و لێرە لەم شوێنەدا، هەموو شتێ بەر بنەمای مەرگ پاڵدەداتەوە، نەك تەنها لە ڕێگای هێرشی توندی مەرگەوە و بە بەرچاومانەوە، لە کاتی ڕوودانیدا، بەڵکو لە ڕێگای هێرشی مەرگێکی پتر لە تەنها مەرگی واقیعییەوە، لە ڕێگای مەرگێکی سەمبولیکییو قوربانییەوە ـ واتە ڕووداوە رەها و مسۆگەرەکە.

## ئا ئەمەیە رۆحی تیرۆریزم

داخۆ هەمیشە سیستەم لە ڕێی وشەگەلی پەیوەندییەکانی هێزەوە پەلامار نادرێت، ئەمە ئەو خەیاڵە «شۆڕشگێڕانە»یە کە خودی سیستم خۆی دەیسەپێنێ، ئەو سیستمەی کە تەنها لەو ڕێیەوە درێژە بە ژیانی دەدات ئەوانەی کە بە بەردەوامیی پەلاماری دەدەن، بە جەنگان لە سەر زەمینەی واقیع کە هەمیشە زەمینەی خۆیەتی، ناچار دەکات. بەڵام گواستنەوەی ململانێکە بۆ بواری سەمبولیکیی، بۆ ئەو شوێنەی کە بنەما بنەمای بەرەنگارییو، گەڕانەوەو، زیادکارییە. بە هەمان ئەو شێوەیەی کە لە بەرەنگاریی مەرگدا هەیە کە تەنها لە ڕێگای مەرگێکی هاوشێوە یان باڵاترەوە دەتوانرێ وەڵامبدرێتەوە. واتە بەرەنگاربوونەوەی سیستمەکە لە ڕێگای بەخششێکەوە کە تەنها لە ڕێگای مەرگی تایبەت بە خۆیو هەرەسهێنانی تایبەت بە خۆیەوە دەتوانێ وەڵامیبداتەوە.

گریمانە تیرۆریستییەکە بەو جۆرەیە کە خودی سیستم خۆیشی وەك وەڵامدانەوەیەکی بەرەنگارییە هەمەجۆرەکانی مەرگو خۆکوژیی، خۆی لەناودەبات. چونکە نە سیستمو نە دەسەڵات دەتوانن لە دەست ئەرکی سەمبولیکیی قورتاربن ـ تاکە بەختی کارەساتەکەشیان پشت بەم تەڵەیە

دەبەستێ. لە نێو ئەم بازنە گێژکەرەی ئاڵوگۆڕی ئەستەمی مەرگیشدا، مەرگی تیرۆریست خاڵێکی ئێجگار پچوك پێکدێنێ، بەڵام ئومێد و بەتاڵییو بەرزبوونەوەیەکی بێئەندازی تینو تاو دەبزوێنێ. لە دەوری ئەم خاڵە ئێجگار پچوکەش، هەموو سیستەم، سیستمی واقیعو هێز، چڕدەبێتەوە و، کرژ دەبێتو، دەچێتەوە یەکو لە نێو چالاکیی باڵای تایبەت بە خۆیدا تێکدەشکێت.

تاکتیکی مۆدێلی تیرۆریستیی لە بزواندنی لەڕادەبەدەرییەك لە واقیعو ناچارکردنی سیستم بە هارەکردن لە ژێریدا، خۆی دەنوێنێ. هەموو گاڵتەجاڕییەکی دۆخەکە و لە هەمان کاتدا زەبروزەنگی وەگەڕخراوی دەسەڵات دژ بە خۆی هەڵدەگەڕێنەوە، چونکە کردە تیرۆریستییەکان ـ لە یەك کاتدا ـ ئاوێنەی زەبەندی زەبروزەنگی تایبەت بە دەسەڵات خۆیو مۆدێلی زەبروزەنگێکی سەمبولیکیی قەدەغەکراون لێی، تاکە زەبروزەنگ کە ناتوانێ بینوێنێ: زەبروزەنگی مەرگی تایبەتی خۆی.

هەر بۆیە هەموو هێزی ئاشکرا لە بەرانبەر مەرگی کەمبایەخ بەڵام سەمبولیکیی، هەندێك لە تاکەکەساندا، دەستەوسانە.

پێویستە لەوە بە ئاگا بین کە تیرۆرێکی نوێ پەیدا بووە، شێوەیەك لە کرداری نوێ کە گەمەکە دەکاتو دەست بەسەر یاساکانیدا دەگرێت تا بتوانێ تێکیبدات. پرسەکە هەر هێندە نییە کە ئەو خەڵکانە بە چەکگەلی هاوتا خەبات ناکەن چونکە گرەو لە سەر مەرگی خۆیان دەکەن کە هیچ وەڵامێکی شیاو وەڵام نادرێتەوە («ئەوانە ترسنۆکن») بەڵکو دەستیان بە سەر تێکڕای چەکەکانی هێزی باڵادەستدا گرتووە. دەستیان بە سەر سەرمایە و پارەبازیی بۆرسە و تەکنیکەکانی زانیاریو تەکنیکەکانی فڕۆکەوانییو زەبەلاحیی رووداو و تۆڕەکانی میدیادا گرتووە. هەموو شتێکی نوێگەریو جیهانگیرییان رەچاو کردووە بێ هیچ گۆڕانێك لە ئامانجدا کە بەر بنەمای وێرانکردنی وەدی دێت.

بۆ مەبەستی فێڵو تەڵەکەی زیاتریش هەلومەرجی ژیانی رۆژانەی بێزراوی



ئەمەریکییان وەك داڵدە و وەك گەمەیەکی دوولایەنە بەکارهێناوە. لە دەوروبەری شارەکاندا دەژین، لە بار و دۆخێکی خێزانییدا دەخوێننەوە و دەخوێنن بەر لەوەی رۆژێك لە رۆژان وەك بۆمبگەلی تەوقیتکراو بێدار ببنەوە. کۆنترۆڵی سەر ئەم نهێنیکارییەش کە هیچ فڕوفێڵێکی تێدا نییە، بە ئەندازەی تەقینەوە سەرسوڕهێنەکانی رۆژی ١١ی سێپتەمبەر کۆنترۆڵێکی تیرۆریستانەیە. چونکە چیی تر بووەتە جێی گومانی هەموو تاکێك کە دەپرسن: داخۆ هەر مرۆڤێکی بێوەی بە زەبری هێز نەبووەتە مرۆیەکی تیرۆریست؟ گەر ئەو کەسانە بۆیان بلوێت بژین بێ ئەوەی هیچ کەس پەییان پێ ببات، کەواتە هەموو یەکێك لە ئێمە تاوانکارێکە کەس پەی پێ نابات (هاوکات هەموو فڕۆکەیەکیش جێی گومانە)، لە راستیدا رەنگە ئەمەش راست بێت. رەنگە ئەمە بە فۆرمێکی ناهۆشیارانە لە تاوانی پێشبینیکراو، بە وردی دەمامکدار و سەرکوتکراو، بەڵام هەمیشە بە توانا، گەر بۆ سەرهەڵدانیش نەبێت ئەوا لانیکەم بۆ کارتێکران بە پەنهانیی لە بەردەم رووداوی خراپەدا، تەبا بێت. ئیدی بەم جۆرە رووداوەکە تەنانەت لە وردەکارییەکانیشدا پەلدەهاوێژێ ـ ئەمەش سەرچاوەی تیرۆرێکی زەینیی دیکەی لێهاتووانەترە.

جیاوازییە ریشەییەکە لەوەدایە تیرۆریستان هاوشانی ئەوەی خاوەنی ئەو چەکانەن کە چەکگەلی سیستمن، وێڕای ئەوە خاوەنی چەکێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەن، کە مەرگی خۆیانە. گەر تەنها بە چەکە تایبەتەکانی سیستم دژ بە سیستم بجەنگینایە ئەو دەمە دەسبەجێ لەناودەبران. گەر تەنها بە مەرگیشیان بەرەنگاری نەبوونایەتەوە ئەو کاتە بەخێراییەکی هاوشێوە، هاوشێوەی قوربانییدانێکی بێهودە لەناودەچوون ـ هەر ئەمەشە ئەو کارەی کە تیرۆر تا ڕادەیەك بە بەردەوامیو تا رۆژگاری ئەمرۆ کردویەتی (وەك تیرۆرکارییە خۆکوژییەکانی فەلەستینییەکان)و بەم هۆیەشەوە شکستخواردو بووە.

هەموو شتێك دەگۆڕێت هەر لەگەڵ تێکڕای ئامرازە نوێیە بەردەستەکانیان لەگەڵ ئەم چەکە ئێجگار سەمبولیکییەیان بەکارهێنا. چونکە چەکی

سەمبولیکیی، بەشێوەیەکی بێکۆتا وزەی کاولکەر زیاد دەکات. ئەوە ئەم فرەییەی فاکتەرەکانە (کە بەلای ئێمەوە وەدیهێنانی دژوار دەردەکەوێ) کە ئەم چەشنە زاڵییە بە ئەوان دەبەخشێ. لە کاتێکدا کە، لە بەرانبەردا، ستراتیجی ژمارەی سفر لە مردووان، ستراتیجی جەنگی «خاوێن»و، تەکنیك، بە وردی تێبینی ئەو گۆڕانکارییە ناکات کە بە هۆی هێزی سەمبولیکییەوە بە سەر هێزی «راستەقینە»دا هاتووە.

سەرکەوتنی سەرسوڕمێنی ئەم چەشنە دەستدرێژییە، کێشەیەك دەهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی شتێکیش تێبگەین پێویستە لە سەرمان دەستبەرداری نۆرمی خۆرئاوایی روانینەکانمان بین تا بزانین لە نێو ئۆرگانو لە نێو ویستو نیازی تیرۆریستاندا چی دەگوزەرێ. ئەم چەشنە چالاکییە بوونی ئەوپەڕی سنوور لە گرنگیپێدانو ئەقڵانییەت لە ئێمە دەخوازێ، کە دژوارە بتوانین وێنای بوونی بکەین لای ئەوانی تر. تەنانەت لەم دۆخەشدا ـ بەو جۆرەی کە لە نێو هەر ئۆرگانێکی ئەقڵانیی یان دەزگایەکی هەواڵگریی نهێنییدا باوە ـ هەمیشە دزەکردنی زانیارییگەل یاخود هەڵە و چەوتیی، رێی تێدەچێت.

کەواتە نهێنی ئەم چەشنە سەرکەوتنە لە شوێنێکی دیکەدایە. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە پرسەکە لای ئەوان پرسی گرێبەستی کارکردن نییە بەڵکو گفتو ئەرکی قوربانییکردنە. ئەم چەشنە ئەرکە لە هەر خۆدزینەوە یان تێکدانێك پارێزراوە. پەرجووەکەش لە هەڵکردندایە لەگەڵ تۆڕی جیهانییو لەگەڵ تەکنیکەکاندا بێ لەدەستدانی پیچێك لەم پەیوەندییە گیانی بەگیانییە لەگەڵ ژیانو مەرگدا. بە پێچەوانەی گرێبەستەوە گفت تاکگەل وابەستەی یەکدی ناکات، چونکە تەنانەت «خۆکوژییان» بە قارەمانیی تاکەکەسیی تەماشا ناکرێت، بەڵکو کردەیەکی قوربانییکردنی هەرەوەزییە، داخوازییەکی ئایدیالیی چەسپاندویەتی. کۆکردنەوەی نێوان ئەم دووانەشە: بونیادی جێبەجێکار و گفتی سەمبولیکیی، کە ئەم چەشنە کارە سەروو ئاساییەی شیاندووە.

چیی تر هیچ بیرۆکەیەکمان دەربارەی ئەوە نییە کە ئەژماری سەمبولیکیی



چییە، بە هەمان شێوەی گەمەی پۆکەر، واتە: کەمترین گرەوی شیاوو زۆرترین دەرەنجامگەلی شیاو. هەر ئەمەشە کە تیرۆریستان لە دەستدرێژییکردنە سەر مانهاتن دەستگیریان بوو، کە بە جۆرێکی باشیش تیوریی پاشاگەردانیی بەیان دەکرد، واتە: پێداکێشانێکی کاریگەر، ئەنجامگەلێك دەبزوێنێ، ئەستەمە ئەژمار بکرێت، بەڵام پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی بێسنووری ئەمەریکییەکان («گەردەلوولی بیابان»)، تەنها ئەنجامگەلێکی کەمبایەخی دا بە دەستەوە ـ گەردەلوولێك بوو، گەر دەربڕینەکە راست بێت، ئەوەندەی راوەشانی باڵەکانی پەپولەیەکی خایاند.

تیرۆرە خۆکوژییەکە تیرۆری هەژاران بوو، بەڵام ئەم تیرۆرە تیرۆری دەوڵەمەندانە. کتومت هەر ئەمەشە کە ئێمە دەترسێنێت: چونکە چیی تر ئەوان دەوڵەمەند بوون (لەبەر ئەوەی خاوەنی هەموو ئامرازێکن) بێ ئەوەی دەست لە ویستی لەناوبردنمان هەڵبگرن. راستە ئەوان، بە گوێرەی قۆناغی بەهاکانی ئێمە، گزی دەکەن، چونکە ئەوە گەمەی پێ ناڵێن کە مرۆڤ گرەو لە سەر مردنی خۆی بکات. بەڵام ئەوان گوێ بەوە نادەن، وێڕای ئەوەی کە چیی تر یاساکانی گەمەکە موڵکی ئێمە نین.

هەموو شتێك لە بارە بۆ کەمکردنەوە لە بەهای کارەکانیان. بۆ نموونە وەك ناوبردنیان بە «خۆکوژان»و «شەهید». تا لە دواییدا دەسبەجێ ئەوە بگوترێ کە شەهید هیچ ناسەلمێنێو، لەگەڵ راستییدا هیچ پەیوەندییەکی نییە، بەڵکو هەروەها ئەو (لەگەڵ ئاماژەدان بە نیچەدا) دوژمنی ژمارە یەکی راستییە. راستە کە، مردنیان هیچ ناسەلمێنێ، بەڵام لە سیستمێکدا کە تێیدا راستیی بۆ پەیپێبردن دژوارە، شتێك بوونی نییە کە بسەلمێنرێ ـ یان ئەوە ئێمەین کە لافی خاوەنبوونی لێدەدەین؟ لە لایەکی ترەوە ئەم بەهانە تەواو مۆراڵییە هێندە نابات بەراوەژوو دەبێ. گەر شەهیدبوونی خۆویستەکیی خۆکوژ شتێك نەسەلمێنێ، ئەوا شەهیدبوونی ناخۆویستەکیی قوربانییانی دەستدرێژییش دیسان هیچ شتێك ناسەلمێنێ. لە بەکارهێنانی ئەو قوربانییانەشدا وەك بەهانە، برێك لە بێئابڕوییو نالەباریی هەیە (ئەمەش

پێشدەستیی لە بڕیاردان لە ئازارارەکانیانو مردنیان ناکات).

بەهانەیەکی تر کە لە نیازێکی خراپەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەیە: ئەو تیرۆریستانە مەرگی خۆیان لە بەرامبەر شوێنێك لە بەهەشت دەگۆڕنەوە. کەواتە کارەکەیان کارێکی خۆڕایی نییە، هاوکات کارێکی ڕەسەنو بە ئابڕووش نییە. تەنها کاتێك دەبێتە کارێکی خۆڕایی کە باوەڕیان بە خودا نەبێت، کاتێك کە مەرگ ناهومێد بێت، بەو جۆرەی کە لە ڕوانگەی ئێمەدا وایە (گەرچی شەهیدە مەسیحییەکان هیچ شتێکی دیکەیان ئومێد نەدەکرد تەنها ئەم هاوسەنگییە باڵایە نەبێت). کەواتە، لێرەشدا دیسان، ئەوان بە چەکگەلێکی هاوتا ناجەنگێن لەبەرئەوەی ئەو ڕزگاربوونەی کە ئێمە ناتوانین تەنانەت ئومێدی بۆ بخوازین، مافی خۆیانە. ئیدی بەم چەشنە ئێمە ماتەم بۆ مەرگمان دەگێڕین، بەڵام ئەوان دەتوانن مەرگیان بکەنە گرەوێکی ئێجگار دیار و ئاشکرا.

پێشتر و لە بنەڕەتدا هەموو ئەمانەش : دۆز، بەڵگە، ڕاستیی، پاداشت، ئامانجو ئامرازەکان ـ فۆرمێك لە ئەژماری خۆرئاوایی پەتیین. تەنانەت مەرگیش، ئێمە بە ڕێژەکانی کەڵكو بە وشەکانی پەیوەندی نێوان کوالێتیو نرخ، دەیقەبڵێنین. ئەم ئەژمارە ئابورییە ئەژماری هەژارانو ئەوانەیە کە چیی تر تەنانەت ئازایەتیی نرخدانیشیان نەماوە.

دەشێ چی ڕووبدات ـ جگە لەو جەنگەی کە خۆی لە خۆیدا چیی تر نییە جگە لە پەردەیەکی پشتیوانیی نەریتیی؟ باس لە تیرۆری بایۆلۆجی دەکەن، یان جەنگی ڤایرۆسیی، یا تیرۆری ئەتۆمیی. بەڵام هیچ کام لەمانە لە چەشنی بەربەرەکانێی سەمبولیکیی لە قەڵەم نادرێن، بەڵکو لە جۆری قڕکردنن بێ ورتە، بێ شانازی، بێ مەترسیو، لە چەشنی دوایین چارەسەرن. بەڵام هەڵەیە گەر لە کردەی تیرۆریستییدا لۆجیکێکی کاولکاری پەتیی ببینین. بە بڕوای من کاری ئەوان، کە لە مەرگیان جوێ نابێتەوە ( هەر ئەمەشە کە دەیکاتە کردەیەکی سەمبولیکیی )، ئامانجی کەنارکردنی



ناکەسیی ئەوی تر نییە. هەموو شتێك لە بەرەنگارییو لە زۆرانبازییدا، واتە هەروەها لە پەیوەندی زۆرانبازییدا، لەگەڵ هێزی دوژمن، کەسییە. چونکی ئەوە ئەوە کە تۆی ڕیسوا کرد، ئەوە ئەوە کە پێویستە ڕیسوا بکرێت، نەك تەنها ڕیشەکێش بکرێت. دەبێت ئابڕووی بتکێنرێت. هەرگیز ئەمەش لە ڕێگای هێز یان لە ڕێگای لەناوبردنی ئەوی ترەوە دەستەبەر ناکرێت. چونکە پێویستە ئەویدی لە ناوجەرگەی دوژمنایەتییەکەدا بکرێتە ئامانجو ونجڕ ونجڕ بکرێت. ئەو پەیمانەشی لێبترازێت کە تیرۆریستان بە یەکدییەوە گرێ دەدات، شتێك هەیە وەك پەیمانی زۆرانبازیی وایە لەگەڵ نەیار. کەواتە ئەمە کتومت پێچەوانەی ئەو ترسنۆکییەیە کە دراوەتە پاڵیان، هەروەها کتومت پێچەوانەی ئەو کارەشە کە بۆ نموونە ئەمەریکییەکان لە جەنگی کەنداو کردیان (ئەو کارەی کە ئەمڕۆش لە ئەفگانستان دووبارەی دەکەنەوە): ئامانجێکی نا ئاشکرا و، پاکتاوکردنێکی کردەگەرایانە.

لە نێو هەموو ئەم شتە ناکاوانەشدا پێش هەر شتێك دەست بە بینینی وێنەکانەوە دەگرین. هەروەها پێویستە لە سەرمان ئەم کاریگەریو ئەفسوونەی وێنەکان بهێڵینەوە چونکە بمانەوێ یان نا دیمەنی سەرەتایی ئێمەن. ڕووداوەکانی نیویۆرك، لە کاتێکدا کە بنجی دۆخو هەلومەرجی جیهانیی چەسپاند، هاوکات پەیوەندی وێنەی بە واقیعیشەوە قووڵتر کردەوە. لە کاتێکیشدا کە بەبێ ڕاوەستان وێنەگەلێکی ئاسایی یەکجار زۆر و لێشاوێك لە ڕووداوگەلی هاولێکچوو بەرەنگار دەبووینەوە، هاوکات کاری تیرۆریستیی لە نیویۆرك گیانی تازەی بە بەری وێنە و ڕووداودا دەکردەوە.

تیرۆریستان، لەو چەکانەی سیستم کە دژ بە سیستم بەکاریانهێنا، کاتی ڕاستەقینە و پەخشکردنی جیهانیی ڕاستەوخۆی وێنەکانیان قۆزتەوە. وەك چۆن دەستیان بە سەر پارەبازیی لە بۆرسەو زانیاری ئەلیکترۆنیو هێڵی فڕینی فڕۆکەکاندا گرت، دەستیان بە سەر ئەویشدا گرت. ڕۆڵو کاریگەریی وێنە یەکجار تەمومژاوییە، چونکە لەو کاتەدا کە ڕووداو شکۆمەند دەکرێت، ڕووداو دیل دەکرێت. وێنە لە یەك کاتدا وەك پتربوونێکی بێسنوور و وەك

وەرچەرخاندنو بێلایەنکردن رۆڵی خــۆی دەگێڕێت ( لە کاتی رووداوەکانی ئایاری ســاڵی ١٩٦٨دا پرســەکە بەو جۆرە بوو). هەر ئەمەشە کە هەمیشە لە یادمان دەچێ کاتێك کە باس لە «مەترســـی» ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەریی دەکەین. وێنە رووداو بەکاردەبات، بە مانای ئەوەی کە بەرەو خۆی کێشی دەکاتو پاش ئەوە رووەو بەکاربردن پاڵی دەنێت. راستە کاریگەرییەکی پێدەبەخشێ کە تا ئێستا بەخۆیەوەی نەبینیوە، بەڵام لەو روانگەیەوە کە رووداو - وێنەیە.

کەواتە دۆخی راســـتەقینەی رووداوەکە کامەیە و چییە گەر وێنە و خەیاڵو گریمانگەل لە هەموو شـــوێنێك لـــە واقیعدا بە فرەیـــی هەبن؟ لە دۆخی هەنووکەدا بڕوامان وابوو (رەنگە پیچێك بە شادومانییەوە) کە گیان بە بەردا هاتنەوەیەکی واقیعو زەبروزەنگی واقیع لـــە جیهانێکی بە ناو گریمانکراودا دەبینین. «دەی! ســـا چیرۆکەکانتان دەربارەی گریمانکراوەکان کۆتاییهات - ئەو شـــتەی کە دەیبینن، راستییە!». هاوکات بۆمان رەخسا لەودیو کۆتاییە جاڕدراوەکەیەوە زیندووبوونەوەیەکی مێژووی تێدا ببینین. بەڵام داخۆ بە راست واقیع لە خەیاڵ تێدەپەڕێنێ؟ گەر وا دەربکەوێت کە بە راستیی تێیدەپەڕێنێ هۆیەکـــەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وزەکەیـــی هەڵمژیوە و لەبەر ئەوەی ئەو خۆشـــی بووەتە خەیاڵ. بگرە تەنانەت تا ڕادەیەکیـــش دەتوانین بڵێین واقیع ئیرەیـــی بە خەیاڵ دەبات.. ئەوە جۆرێك لە زۆرانبازییە کە لە نێوانیاندا هەیە و بەم چەشنەیە: کێیان بە جۆرێکی لێدێت کە وێناکردنی دژوارتر دەبێت.

وێناکردنی هاڕەکردنی دوو تاوەرەکەی سەنتەری بازرگانیی جیهانیی، دژوارە. بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو رووداوە بکاتە رووداوێکی راســـتەقینە. زەبروزەنگـــی زیاتر بەس نییە بـــۆ کرانەوە بە رووی واقیع دا. چونکی واقیع پرەنسیپە، ئەوە ئەم پرەنسیپەشە کە بزر بووە. واقیعو خەیاڵ ئاڵۆزن، ئەفسوونی تەقینەوەکەش سەرەتا ئەفســـوونی وێنەیە (چونکە ئەو دەرەنجامانەی کە لە یەك کاتدا مایەی شـــادیی‌و هەســـتکردن بە کارەساتن، خۆیان لە خۆیاندا تا ڕادەیەکی زۆر خەیاڵیین).



کەواتە لەم دۆخەدا، راســـتەقینە وەك پاداشـــتێکی تیرۆر، وەك موچڕکێکی ســـەربار، وە پاڵ وێنە دەخرێت. چونکە هەر هێندە بەس نییە کە ســـامناکە بەڵکو سەرەڕای ئەوە راستەقینەشە. لە بری ئەوەش کە زەبروزەنگی واقیع لە پێشدا لێرەدا بێت ئینجا موچڕکی وێنەی وە پاڵ بخرێت، وێنە لە پێشدا لێرەیە ئینجا موچڕکی واقیعی ســـەربار دەخرێت. شتێکە وەك بڵێی وەك خەیاڵێکی ســـەربار وایە، خەیاڵێك کە لە خەیـــاڵ تێدەپەڕێنێ. بالارد Ballard لە پاش بۆرخیس Borges بەو چەشنە باسی لە سەر لەنوێ داهێنانەوەی واقیع دەکرد کە سامناکترین جۆری خەیاڵە.

کەواتـــە ئەم زەبروزەنگە تیرۆریســـتییە نە گەڕانەوەی بڵێســـەی واقیعو نە گەڕانەوەی کڵپەی مێژووشـــە. ئەم زەبروزەنگە تیرۆریستییە «راستەقینە» نییە، لە راستەقینە خراپترە، واتە سەمبولیکییە. چونکە زەبروزەنگ خۆی لە خۆیدا دەشێ، تەواو سادەو ئاشتیخواز بێت. تەنها زەبروزەنگی سەمبولیکیی جوداکاریی دەهێنێتە گۆڕێ. لەم رووداوە دەگمەنەشدا، لەم فیلمی کارەساتەدا لە مانهاتن، لە ســـەر باڵاترین ئاست، هەردو توخمەکەی جادوی جەماوەریی لە سەدەی بیستدا ئاوێتە دەبن کە ئەمانەن: جادوی سینەمای سپیی‌و جادوی تیرۆری ڕەش.

دواجـــار ئێمە هەوڵدەدەین واتایەکی بە ســـەردا بســـەپێنین، تەقەللا دەکەین راڤەیەکی بۆ بدۆزینەوە، بەڵام نە واتا و نە راڤەیەکی هەیە، بەڵکو ئەوە تەنها ریشـــەییبوونو نالەباریی دیمەنەکەیە کە تازە و ســـەختگیرە. دیمەنی تیرۆر، ترسو بیمی دیمەن دەسەپێنێ. دژ بەم شـــەیدابوونە نامۆراڵییەش (تەنانەت گەر کاردانەوەیەکی مۆراڵیی گشتییش بخولقێنێ) سیستمی سیاسی هیچی پێ ناکرێو دەستەوســـانە. ئەوە شـــانۆی دڵڕەقیی تایبەت بە خۆمانە، تاکە شانۆیە کە بۆمان ماوەتەوە - لەڕادەبەدەرە بە واتای ئەوەی کە بڵندترین خاڵی سەرسوڕمێنو بڵندترین خاڵی بەرەنگاریی پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەوە لە هەمان کاتدا نموونە پچوککراوە رۆشنەکەی پنتی زەبروزەنگێکی راستەقینەیە لەگەڵ ئەوپەڕی زایەڵەدا - دەرەنجام خاوێنترین شـــێوەی سەرسوڕهێنە - نموونەیەکی

قوربانییە بە هۆی رۆشنترین شێوەکانی بەرەنگاریی سەمبولیکییەوە لە بەرانبەر سیستمی مێژوویی‌و سیاسیدا ڕادەوەستێت.

دەشێ لە هەر کۆمەڵکوژییەك ببەخشرێن گەر واتایەکی هەبێت، گەر بشێ بەوپێیەی کە زەبروزەنگێکی مێژووییە راڤە بکرێت ـ ئەمەیە رێسای مۆراڵیی زەبروزەنگی ئەرێنیی. دەشێ لە هەر زەبروزەنگێکیش ببەخشرێن گەر ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەریی جاڕیان لێنەدایە («تیرۆر بوونی نەدەبوو گەر میدیا جەماوەرییەکان نەبوونایە»). بەڵام هەموو ئەمانە وەهمیین. میدیاکان بە باشیی بەکارناهێنرێن، میدیاکان بەشێك لە رووداوەکە پێکدێنن، بەشێك لە دیمەنی ترس‌و بیمەکە پێکدێنن‌و، بەم ئاراستەیە و یەکێکی تردا رۆڵی خۆیان دەگێڕن.

دواتر کرداری داپڵۆسین بە هەمان پێچۆکەی پێشبینی نەکراودا تێدەپەڕێ کە کرداری تیرۆریستیی پێیدا تێدەپەڕێ‌و، کەسیش نازانێ لە کوێ ڕادەوەستێ‌و ئەو وەرچەرخانانە چین کە بە دوایدا دێن. لە لایەنی وێنە و میدیاوە هیچ جیاوازییەکی شیاو لە نێوان سەرسوڕمێن‌و سەمبولیکییدا نییە، هیچ جیاوازییەکی شیاو لە نێوان «تاوان»و داپڵۆسیندا نییە. ئەم سەرهەڵدانەی شیاوێتیی وەرچەرخانیش کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە، سەرکەوتنی راستەقینەی تیرۆرە. سەرکەوتنێکی ئاشکرایە لە پەلو پۆ هاویشتن‌و دزەکردنی رووداوەکەدا ـ نەك لە داوەستانی راستەوخۆی ئابوری‌و سیاسی‌و دارایی‌و لە بۆرسەی کۆی سیستم‌و لەو خامۆشبوونە مۆراڵی‌و سایکۆلۆجییەدا کە لێیدەکەوێتەوە، بەڵکو لە کەوتنە کزیی سیستمی بەهاگەلی ئایدیۆلۆجیای ئازادی‌و، ئازادی جموجوڵ‌و.. هتددا، کە شانازیی جیهانی خۆرئاوا پێکدێنن‌و بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی بە سەر پاشماوەی جیهاندا پشتیان پێ دەبەستێ.

تا ئەو سنوورەی کە بیرۆکەی ئازادی، کە بیرۆکەیەکی تازە و نوێیە، لە نێو مۆراڵ‌و ویژدانەکاندا بەرەو لەناوچوون دەچێ‌و، جیهانگیریی لیبراڵییش کتومت رووەو وەدیهاتن لە فۆرمێکی پێچەوانەدا هەنگاو هەڵدەگرێ: لە فۆرمی



جیهانگیرییەکی پۆلیسیی‌و، چاودێرییەکی هەمەگیر و، ترس‌و بیمێکی ئەمنییدا. شێواویی‌و ئاڵۆزیی لە ئەوپەڕی گوشارەکان‌و چەشنەکانی کۆت‌و بەندییدا، هاوشێوەی ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی فێندەمێنتاڵدا هەیە، کۆتایی دێت.

داشکان‌و کەوتنە کزیی لە بەرهەمهێنان‌و، بەکاربردن‌و، پارەبازیی‌و، گەشەکردندا (بە دڵنیاییەوە نەك لە گەندەڵییدا!). هەموو شتێك بەو چەشنە بەڕێوە دەچێت وەك ئەوەی سیستمی جیهانیی کشانەوەیەکی ستراتیجیی بکشێتەوە و چاوگێڕانەوەیەکی بە سوێ بە بەهاکانیدا بکات ـ پێدەچێ وەك کاردانەوەیەکی بەرگریکارانە بە رووی شۆکی تیرۆردا، بەڵام لە بنەڕەتدا بە پیر فەرمانە نهێنییەکانییەوە دەچێت ـ سەقامگیرییەکی زۆرەملێ کە زادەی پاشاگەردانییەکی رەهایە، بەڵام بە سەر خۆیدا دەسەپێنێ، بە واتایەك لە واتاکان شکستی تایبەت بە خۆی دەشارێتەوە.

سەرکەوتنی تیرۆریستان فۆرمێکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموو شێوەکانی تری زەبروزەنگ‌و شڵەژانی دژ بە سیستم، لە بەرژەوەندی ئەواندا کار دەکات. تیرۆری زانیاری‌و، تیرۆری بایۆلۆجی‌و، تیرۆری ئەنتراکس‌و واتەوات، هەمووی دەدرێتە پاڵ بن لادن. تەنانەت ئەو دەتوانێ کارەساتە سروشتییەکانیش وەپاڵ دەستکەوتەکانی خۆی بخات. هەموو شێوەکانی شێواوی‌و جموجوڵە گوماناوییەکان کەڵك‌و سود بەو دەگەیەنن. بەڵکو تەنانەت بونیادی ئاڵوگۆڕی جیهانیی گشتێنراویش لە بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕی ئەستەمدا کار دەکات. پرسەکە وەك بڵێی نووسینەوەیەکی میکانیکیی تیرۆرە کە تیرۆری بێ نیازی زانیاری بە بەردەوامی تەیاری دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەو دەرەنجامە سامناکانەدا کە لێیدەکەونەوە: گەر ژاراویبوون لەم چیرۆکی ئەنتراکسەدا لە رێگای گیرسانێکی هاوزەمانەوە خۆی بخاتە مەترسییەوە، بەهەمانشێوەی گیرسانی گیراوەیەکی کیمیایی لەگەڵ بەرکەوتنی بە گەردیلەیەکدا، هۆیەکەی لەبەر ئەوەیە کە کۆی سیستمەکە گەیشتووەتە ئاستێك لە مۆلەقیی کە بەرانبەر هەر دەستدرێژییەك کاردانەوەی دەبێت.

ئەم دۆخە لەڕادەبەدەرە هیچ چارەســـەرێکی نییە، بە تایبەت شەڕ کە چیی تر ناخولڵقێنێ تەنها دۆخێك نەبێت کە لەوەوبەر دیتراوە، لەگەڵ هەمان تۆفان لە هێزگەلی ســـەربازییو، زانیاری تارماییو، دووپاتبوونەوەی بێســـود و، گوتارە فریودەر و جێی بەزەییەکانو، پەرەســـەندنی تەکنیکییو ژاراوییگەر. بە کورتی، وەك دۆخمان لە شـــەڕی کەنداودا، نا ـ ڕووداو، ڕووداوێك کە لە ڕاستیدا ڕووی نەدا، دەهێنێتە ئاراوە.

کەواتە هەر ئەمەشە هۆکاری بوونەکەی: ڕووداوێکی ساختەی دووپاتەوەبوو کە لەوەوبەر دیتراوە، لە شـــوێنی ڕووداوە ڕاستەقینە و سەرنجبەر و دەگمەنو چاوەڕواننەکراوەکـــەدا دادەنرێت. دەســـتدرێژییە تیرۆریســـتییەکە لەگەڵ لە پێشـــتریی ڕووداو لە هەموو مۆدێلەکانی ڕاڤەکـــردن وێك دێتەوە، بەڵام ئەم جەنگە سەربازییو تەکنەلۆجییە، نەفامانە بە پێچەوانەوە لەگەڵ لەپێشتریی مۆدێل لـــە ڕووداو وێك دێتەوە، کەواتە لەگەڵ گرەوێکی ســـاختە، لەگەڵ شـــتێك کە ڕووی نـــەداوە، وێك دێتەوە. شـــەڕ وەك درێژبوونەوەیەکی بزریی سیاسەت بە ئامرازگەلی دیکە.

(٢)

# دەسەڵاتی دۆزەخیی

## أ ـ كۆنویژێكی شینگێڕانە بۆ دوو تاوەرەكە

سەرەتا و پێش هەر شتێك، بۆچی دوو تاوەرەكە (١)؟ بۆچی تاوەرە دوانەكەی سەنتەری بازرگانیی جیهانیی؟

تا ئەو كاتە هەموو ئاپارتمانە زەبەلاحەكانی مانهاتن شێوە ستونییەكی ركەبەرانە بەرەنگار دەبوونەوە و، پانۆرامای بەناوبانگی شاریان لێ بەرهەم دەهات. ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٧٣دا و لەگەڵ بونیادنانی سەنتەری بازرگانیی جیهانییدا گۆڕانی بە سەردا هات. ئیتر پەیكەری سیستم لە هەڕەمە تاك ستونییو هەڕەمەكانەوە گۆڕا بۆ كارتی كونكراو و خشتەی ئاماریی. ئەم گوزارشتە هونەرییە بیناسازە بەرجەستەی سیستمێك دەكات كە چیی تر بە ركەبەر نەماوە بەڵكو بووەتە دیجیتاڵییو ژمارەیی، لەو كاتەدا كە ركەبەركێ، بە تای بەرژەوەندی تۆڕەكانو قۆرخكارییدا، بزر دەبێت.

راستیی ئەوەی كە ئەوان دوو دانەن، مانای نەبوونی هەر ژێدەر و



سەرچاوەیەكی رەسەن دەگەیەنێ. گەر تەنها یەكێك بوونایە قۆرخكاریی بە تەواوی بەرجەستە نەدەبوو. تەنها دوانەیی نیشانە، بە راستیی كۆتاییەك بۆ ئەو واتایەی كە هەیەتی دادەنێت. لەم دوانەییەدا جادویەكی تایبەت هەیە. ئەوان بەرزێتییان هەرچۆنێك بێت، وێڕای ئەوە راوەستانێكی ستونیی دەگەیەنن. ئەوان لە هەمان رەگەزی ئاپارتمانەكانی دیكە نین، بەڵكو لە پێچەوانەبوونەوەی وردی هەریەكەیان لە ئەویترییاندا دەگەنە لوتكە.

هێشتا رووالّەتە شوشە و پۆڵاكانی ئاپارتمانەكانی سەنتەری رۆكفلەر، لە پێچەوانەبوونەوەیەكی بێكۆتای شاردا، دەتروسكانەوە. بەڵام دوو تاوەرەكە نە رووكار و نە روویان هەبوو. هاوكات لەگەڵ بزربوونی گوتاری ستونگەراییدا، گوتاری ئاوێنەش گوم دەبوو. لەگەڵ ئەم دوو ستونە تەواو هاوتا و كوێرەدا، تەنها چەشنێك لە قوتوی رەش مایەوە، زنجیرەیەكی داخراو بە سەر دوانەدا، وەك ئەوەی بیناسازیی، بە چەشنی سیستم، چیی تر تەنها لە رێگای كۆپیكردنو لە ماوەی كۆدێكی بۆماوەییەوە كە ناگۆڕێت، كار بكات.

نیویۆرك تاكە شارە لە جیهاندا كە بەم چەشنە، بە درێژایی مێژووی خۆیو، بە جۆرێكی دڵسۆزانەی سەرسوڕمێن، فۆرمە هەنووكەكەی سیستمو هەموو بارگۆڕینەكانی وێنە دەكێشێت. كەواتە ئەو دەمە پێویستە گریمانی ئەوە بكەین كە هاڕەكردنی دوو تاوەرەكە ـ كە رووداوێكە لە مێژووی شارە نوێیەكاندا دەگمەنە ـ پێشدەستیی كۆتایی دراماتیكیی ئەم چەشنە لە بیناسازییو سیستم دەكات كە بەرجەستەی دەكات. دوو تاوەرەكە تەنها لە دیزاینی زانیارییگەرا و داراییو ئامارییو ژمارەیی پەتییاندا، مێشكی ئەو سیستمە بوون، كەواتە تیرۆریستان، بە لێدانیان لێرە، لە سەنتەری دەماریی سیستمیان وەشاند. زەبروزەنگی جیهانیی هەروەها بە بیناسازییو ترسو بیم لە ژیانو كاركردن لە نێو ئەم تابوتە شوشەییو پۆڵاییینو چیمەنتۆییانەدا تێدەپەڕێت. ترسو بیم لە مردن تیایاندا ناشێ لە ترسو بیم لە ژیان تیایاندا جوێ بكرێتەوە. هەربۆیە پرۆتیستۆكردنی ئەم زەبروزەنگە هەروەها بە وێرانكردنی ئەم بیناسازییەدا تێپەڕ دەبێت.

ئەم دڕندە بیناسازییانە هەمیشە سەرنجبەرییەکی دڕدۆنگ‌و، شێوەیەکی لێکدژ لە بە کێشکردن‌و سەرکۆنەکردن‌و، پاشان، لە شوێنێکدا، خواستێکی نهێنییان بۆ دیتنییان کە لە بەر چاوان بزر دەبن، بزواندووە. لە دۆخی دوو تاوەرەکەدا، ئەم هەماهەنگییە تەواو و دوانەییەی دەچێتە سەر کە دروست تایبەتمەندییەکی ئەستاتیکییە بەڵام کتومت تاوانێکە دژ بە فۆرم، بێ چەندو چونە کە فۆرم، هەوڵ بۆ وێرانکردنی بە کێش دەکات. وێرانکردنەکە خۆی، ڕێزی لەو هەماهەنگییە نا. دوو پیاکێشان کە تەنها چەند خولەکێك ماوەی نێوانیانە ـ لێدوانێك کە دەتوانێ هانبدات وا بڕوا بکرێت کە تەنها ڕووداوێکی ناکاو بوو، هاوکات لێرەشدا کاریگەریی دووەم هەیە کە کاری تیرۆریستیی دەقەومێنێ.

هەرەسهێنانی دوو تاوەرەکە، ڕووداوە سەمبولیکییە هەرە گەورەکەیە. بیهێننە پێشچاوی خۆتان گەر ئەوان هاڕەیان نەکردبا، یان گەر تەنها یەکێکیان هاڕەی کردبا، هەرگیز کاریگەرییەکە هەمان ئەو کاریگەرییە نەدەبوو کە لە پێکەوە هەرەسهێنانیان بە دەست هات. بەڵگە ئاشکرا و ڕوونەکەش بۆ لەرزۆکیی هێزی جیهانیی هەمان بەڵگە نەدەبوو. ئەو دوو تاوەرە کە نیشانەی ئەو هێزە بوون، لە کۆتاییە دراماتیکییەکەیاندا کە لە خۆکوژیی دەچێت، هێشتا بەرجەستەی ئەو هێزە دەکەن. بە دیتنیشیان کە خۆبەخۆ هەرەس دەهێنن، وەك ئەوەی کە بە کاریگەریی تەقینەوەیەکی ناوخۆیی دابڕوخێن، هەستی ئەوەمان لا دروست بوو کە ئەوان وەك بڵێی وەك بە پیرەوە چوونێکی خۆکوژانەی دوو فڕۆکە خۆکوژەکە، خۆیان لەناو دەبەن.

لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە ئەوان هەم بابەتێکی بیناسازیی‌و هەم بابەتێکی سەمبولیکییشن، وەك ئاشکرایە ئەوە بابەتە سەمبولیکییەکە بوو کە کرایە ئامانج، دەتوانین بڕواشمان وابێت کە ئەوە تووناکردنی ماتەریالییان بوو کە بووە هۆی هەرەسهێنانی سەمبولیکییان. بەڵام پرسەکە بە پێچەوانەوەیە: ئەوە دوژمنکاریی سەمبولیکیی بوو کە بووە مایەی هاڕەکردنی ماتەریالییان، وەك بڵێی ئەو هێزەی کە تا ئێستا ئەم دوو تاوەرەی هەڵگرتبوو، کتوپڕ تەواوی ورەی لە دەست دابێت، وەك بڵێی ئەم هێزە بە فیز و لوتبەرزە لە



ناکاو لە ژێر کاریگەریی ڕەنجێکی ئێجگار چڕدا، ڕەنجی ویستی ئەوەی کە ببێتە نموونە دەگمەنەکەی جیهان، داڕووخا. بەڵام پاش ئەوەی کە، لە بوونیان وەك سەمبولێکی گران بە هەڵگرتن، ماندو بوون، ئەمجارە لە لایەنی ماتەریالییەوە هاڕەیان کرد، بە جۆرێکی ستونیی داڕووخان‌و، تین‌و هێزیان بە پێش تەماشای تاساوی تێکڕای جیهانەوە داڕما.

پرسێکی یەکجار لۆجیکییە کە کەڵەکبوونی هێزی هێز، ویستی تەفروتووناکردنی بزوێنێت. بەڵام لێرەدا شتێك هەیە کە لەمە زیاترە: ئەو شتەش ئەوەیە کە ئەم هێزە خۆی لە شوێنێکدا لە تووناکردنی خۆیدا هاوبەش‌و بەشدارە. ئەم ڕەتدانەوە ناوخۆییە بە هێزە بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە سیستمەکە لە کەماڵ‌و هێزی زەبەند نزیکدەبێتەوە. کەواتە هەموو شتێك لە ڕێگای جۆرێك لە دەسیسەی کتوپڕەوە جێبەجێ بوو، وەك ئەوەی کۆی سیستمەکە، بە هۆی لەرزۆکییە ناوخۆییەکەیەوە، بەشداری لە گرەوی خۆ پاکتاوکردن‌و، پاشان گرەوی تیرۆردا بکات. دەڵێن: خواوەند خۆشی ناتوانێ جاڕی شەڕ لە دژی خۆی بدات. با، بێشك دەتوانێ: ئەوەتا خۆرئاوا، لە ناوەندی خواوەند و زەبەندێتیی هێزی خواوەندیی‌و ڕەوایەتیی مۆراڵیی ڕەهادا، بووە خۆکوژ و جاڕی شەڕی لە دژی خۆی دا.

سەبارەت بەوە کە پێویستە لە جێی دوو تاوەرەکە چی بونیاد بنرێتەوە، ئەمە پرسێکە چارەسەرکردنی دژوارە ـ ناتوانین وێنای شتێکی هاوتا بکەین کە شایانی وێرانکردن بێت. دوو تاوەرەکە شایانی وێرانکردن بوون. ناشتوانین هەمان شت دەربارەی زۆرێك لە داهێنراوە بیناسازییەکان بڵێین. چونکی زۆربەی شتەکان شایستەی ئەوە نین خاپور بکرێن یاخود بکرێنە قوربانیی ـ تەنها داهێنراوە بژاردە و جیاوازەکان شایانی ئەوەن. ئەم پێشنیازە یەکجار نامۆ نییە و پرسیارێکی ڕیشەیی بەرەنگاری ئەندازیاریی بیناسازیی دەکاتەوە: نابێت چی دیکە بونیاد بنرێت تەنها ئەوە نەبێت کە لە بەر بژاردەیی‌و جیاوازییەکەی شایستەی ئەوەیە کە وێران بکرێت. بەر بنەمای ئەو پرسیارە گەڕانێك بکە دەبینیت شتگەلێکی کەم بەرهەڵستیی ئەوە دەکەن.

چەندین پێشینەی بەناوبانگ هەن بۆ ئەم دەستدرێژییەی لە مەڕ وێرانکردنی خۆویســـتی داهێنراوە باڵاکان، کە لە جوانیی یاخود هێزیدا وەك بەرەنگاریی دەردەکەویٚ. وەك وێرانکردنی تاوانکارانەی پەرستگای ئیفیز Ephese (٢)، رۆما و هلیۆگابال Heliogabal (٣). ئاگرکەوتنەوەکەی پەرستگای زێڕین pavillon d orی میشیما (٤). بیٚ ئەوەی لە رۆمانی بەکرێگیراوی نهێنی Agent secret ی کۆنراد Conrad دا هەوڵی بیناسازەکە لە بیر بکەین بۆ تەقاندنەوەی چاودێرگـــەی گرینویش بە هۆی دایناميتەوە «تا میللەت لە دەست کات رزگار بکات».

بە هەرحاڵ، دوو تاوەرەکە توونا بوون. بەڵام ســـەمبولی توونابوونی خۆیان بۆ بەجێهێشتین، سەمبولی توونابوونی شیاوی ئەو هێزە زەبەندەی کە بەرجەستەیان دەکرد. هەرچییەکیش بووبێت ئەو شـــتەی کە لە دواییدا روویدەدا، ئەم هێزە لێرەدا لە چاوتروکانێکدا تەفروتوونا کرا.

وێڕای ئـــەوەش، گەر دوو تاوەرەکە بزر بوون، بەڵام لـــە ناو نەبران. چونکە تەنانەت بە تەفروتوونابییش، فۆرمی نائامادەیی خۆیان بۆ جێهێشتین. هەموو ئەوانەی کە ئاشـــنایانبوون ناتوانن دەست لە وێناکردنیان، وێناکردنی خۆیانو نیگاریان لە ئاســـماندا، بە دیتراوی لە هەموو پنتەکانی شارەوە، هەڵبگرن. کۆتاییشیان لە ئاسمانی ماتەریالییدا وایان لێدەکات بەرەو ئاسمانێکی خەیاڵیی بێســـنوور بپەڕنەوە. بە هۆی تیرۆریشەوە بوونە جوانترین باڵەخانەی جیهانیی ـ لە کاتێکدا کە لە سەروەختی بوونیاندا وا نەبوون.

هەرچییەك بێت ئەو شـــتەی کە بە هۆیەوە دەربارەی ئاســـتی ســـتاتیکییان بیردەکەینەوە، دوو تاوەرەکە نواندنێکی رەها بوون، وێرانکردنیشیان هەر دیسان نواندنێکی رەها بوو. لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەمە پاساوی ئەو ستایشە ناداتەوە کە شـــتۆکهاوزن Stockhausen ستایشی ١١ی سێپتەمبەر دەکاتو بە باڵاترین داهێنراوە هونەرییـــەکان ناوی دەبات. بۆچی دەبێـــت رووداوێکی هەڵاوێرد ببێتە کارێکی هونەریی؟ گۆڕین بە دیوی بەرژەوەندی ســـتاتیکییدا قێزەونە



وەك گۆڕیـــن بە دیوی بەرژەوەندی مۆراڵیی یاخود سیاســـییدا ـ بە تایبەت کاتێـــك کە رووداوەکە تەنها لەبەر ئـــەوە دەگمەنە چونکە کتومت لە جوانیی تێدەپەڕێنیٚ وەك چۆن لە مۆراڵیـــش تێدەپەڕێنیٚ. رووداوەکە، وێڕای ئەوە و ـ لە چوارچێوەی ئەم واتایەدا لێدوانەکەی ناوبراو دروســـتە ـ خۆی لە خۆیدا سەرســـوڕهێنە و لە هەموو لێدوانێك تێدەپەڕێنیٚ. وێناکردنی دژوارە، چونکە لـــە خۆیدا هەموو خەیاڵ بەرەو خۆی بە کێـــش دەکاتو لەبەر ئەوەی هیچ واتایەك لە خۆ ناگرێت. بەو جۆرەی کە دەشیٚ رۆتکۆ (٥) بڵێت، بە هەموو ئاراستەکاندا بە سەر خۆیدا دادەخرێت. هیچ شتێك نییە کە بتوانیٚ شان بدات لە شـــانی. تاکە دەنگدانەوەش رەنگە لـــە دواییدا لە هەندێك لەو فۆرمانەی هونەری نوێدا بێت کە دەتوانین بە تیرۆریستو پاشان مژدانەهێنی ئەم چەشنە رووداوە، لـــە قەڵەمیان بدەین، بەڵام هەرگیز وەك نیگارکێشـــان نا ـ هەرگیز رەهەندیشـــی رەهەندی ئەم چەشنە رووداوە نییە، چیی تر کات سەبارەت بە هونەر درەنگە، چیی تر سەبارەت بە وێنەکێشان کات ڕابراوە.

یۆتۆپیای دۆخگەرایی (٦) ســـەبارەت بە هاوتایی هونەر و ژیان، لە بنەمادا تیرۆریســـت بوو: تیرۆریســـت ئەو خاڵە لەڕادەبەدەرەیە کە تیایدا، لە ماوەی نووســـینی میکانیکیی واقیعدا، ریشەییێتی نواندنی هونەریی یاخود بیرۆکە، رووەو شـــتەکان خۆیان پەڕینەوە، بە گوێرەی گواســـتنەوەیەکی شـــیعریی دۆخەکە. بەڵام ئەگەر هونەر توانیبێتی خەون بەوەوە ببینیٚ ببێتە ئەم رووداوە ماتەریالییە کە هەموو وێنایەکی شـــیاو بـــەرەو خۆی بە کێش دەکات، ئەوا یەکجار لەوەوە دوورە، لە رۆژگاری ئەمڕۆشـــدا هیچ شتێکی وەك سیستمی خەیاڵ یاخود وێنا ناتوانن شـــان لە شانی ئەم رووداوە بدەن یاخود رکەبەریی بکەن.

دەنا خوازەی بزوێنەری ئـــەو هونەرمەندە ئەفریکاییە، کە کارێکی هونەریی پیٚ ســـپێررا بە مەبەستی دانانی لە ســـەر بەردەڕێژی سەنتەری بازرگانیی جیهانیی. کارێك دەبوو وێنای خۆیی دەکرد، وێنای جەستەی کە فڕۆکەکان ســـمیویانە، وەك ئەوەی قەدیس سپاســـتیانێکی نویٚ بێـــت، پاش ئەوەی لە

بەرەبەیانی ١١ی سێپتەمبەردا هات بۆ تاوەرەکە تا لە ستۆدیۆکەیدا کار بکات، بە نێژراوی لە ژێر داروپەردوی دوو تاوەرەکە لەگەڵیدا گیانی سپارد. ئەو دۆخە دەبێت کە داهاتووی لوتکەی هونەری تێدا دەبێت ـ کەماڵی ئەفسوونیی داهێنراو کە دواجار و هاوکات لە لایەن رووداوە راستەقینەکەوە، کە پێشدەستیی نیگارکێشانی دەکرد، جێبەجێ کرا و شێوێنرا و لەناوبرا.

هەموو شتێك لە یەکەم تەماشادا. هەموو شتێك بە بەتاڵکراویی لە پێداکێشانی ئەوپەڕی سنووردا ئامادەیە. ئەگەر ئەم چرکەساتە لە سەرنجبەرییشمان رەتدایەوە کە مەزەندەکردنی رووداوە لەڕادەبەدەرەکە لە ماوەی جاویدانییی وێنەدا بە چڕیی هەیە، ئەو دەمە هەموو چانسێك سەبارەت بە تێگەیشتن لە مۆرکە هەڵاوێردەکەی لە دەست دەدەین. هەموو گوتارەکان هیچی تر ناکەن تەنها ئەوە نەبێت کە بە یەکجاری دوورمانبخەنەوە لێی، ئیدی هێزی رووداوەکە لە نێو پێودانگگەلێکی سیاسییو مۆراڵییدا بزر دەبێت.

کەواتە، لە بەرەنگاریی رووداوێکی دەگمەندا، کاردانەوەیەکی دەگمەنو دەسبەجێو یەکلاکەرەوە پێویستە، کە وزە شیاوەکەی خۆی بەکاربهێنێ ـ بەر بنەمای ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە دواتر دێن، بە شەڕیشەوە، چی تر نین جگە لە فۆرمێك لە هێورکردنەوە و ئاڵوگۆڕ. دژوارییی بەرەنگاربوونیشی بەبێ هەوڵدان بۆ راڤەکردنی بە شێوەیەك لە شێوەکان، لێرەوە هاتووە: هەر کەس بیەوێ واتایەکی پێببەخشێ، تەنانەت گەر وردترینو لایەنگیرترین واتاش بێت، بە نهێنی نکوڵیی لێدەکاتو رەتیدەداتەوە. چونکە ئەو شتەی کە رووداوەکە پێکدێنێ لە جیاکردنەوەی دەرەنجامەکان لە هۆکارەکانو، لە هەل لێهێنان لە دەرەنجامەکانو لە تێپەڕاندنێکی سۆنگەییێتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە هۆیانەوە وا دەردەکەوێ وەك بڵێی پرەنسیپەکەی مەحف دەکات (گومان لەوەدا نییە کە لە راستیدا هیچ شتێك رووی نەدا تەنها ئەوە نەبێت کە هۆیەکی بەسو پێویستی نییە بۆ روودان).

هەموو ئەو کارەی کە دەتوانرێت بکرێت وەلامدانەوەی رووداوێکە بە یەکێکی



دیکە، واتە بە هۆی شرۆڤەیەکی لەلایەنی شیمانەییەوە ناپەسەند هاوشێوەی رووداوەکە خۆی. گەر لە رووداوە دەگمەنەکەشدا دەرەنجامەکان لە دەست هۆیەکانیان ئازاد بن، ئەو دەمە پێویستە لە سەر ئەو هزرەی کە بەرەنگاری دەبێتەوە، لە دەست گریمانە و ژێدەر و سەرچاوەکانیشی ئازاد بێت.

ئایا هزر لەپێشترە لە رووداو؟ ئێمە وا هەست دەکەین کە رووداو هەمیشە هەر لێرە بووە، بە لەپێشتریی ئامادەیە و، خێراتر لە رێکردنی هزر رێدەکات. کتوپڕ بۆشاییی لە دەوروخولی خۆی دەخولقێنێو جیهان لە هەموو رووداوێکی دەردەست دادەماڵێت.

بە هەر حاڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئێمە وا ئەو رووداوە ناژین وەك ئەوەی بە راستیی روویدابێت، بەڵکو وەك دیمەنێکی لەڕادەبەدەر، هاوشانی نیگەرانییی هێنانەوە بیری ئەوەی کە دەشێ رووی نەدابێت، دەیگوزەرێنین. هەڵبەت دەشێ وردترین وردەکارییەکان شکست بەم پرۆژەیە بهێنێت، بەر بنەمای هەمان ئەم هۆکارە پڕوپووچەش ـ لەبەر ئەوەی کە چارەنووس کارامەیە ـ پتر لە رووداوێکی هەڵاوێرد هەیە کە هەرگیز روونادات. بەڵام کاتێك کە روودەدات، کاریگەرییەکی وەك کاریگەریی وەیشومە دەبزوێنێ، وەك بۆمبێکی راکێشکار هەموو رووداوەکانی داهاتوو کپ دەکات، سەرەنجام نەك هەر رووداوەکانی پێش خۆی بەڵکو هەموو ئەو رووداوانەش مەحف دەکات کە لە پاشی دێن.

بەڵام وێڕای ئەوە و، بە جۆرێك لە جۆران، هزر پێشدەستیی دەکات، چونکە ئەویش هەر دیسان کار لە سەر بەتاڵکردنەوە دەکات، تا ئەو شتە سەرهەڵبدا کە ئاشکرا نەکراوە و، کە بێگومان هەرگیز ئاشکرا ناکرێت. ئەمەیە کە هزری ریشەیی لە شرۆڤەی رەخنەیی جوێ دەکاتەوە. چونکە شرۆڤەی رەخنەیی کار لە سەر تاووتوێکردنی بابەتەکەی لە نێوان ئاڵوگۆڕی واتا و لێکدانەوەدا دەکات، بەڵام هزری ریشەیی هەوڵدەدات لەو دەمەتەقێیە قورتاری بکاتو بۆ ئاڵوگۆڕی ئەستەمی بگەڕێنێتەوە. چیی تر گرەو لە شیکردنەوەدا نییە،

بەڵکو لە زۆرانبازییدایە، لە بەرەنگارییەکی تایبەت بە هزرو رووداودایە. لە بەرانبەر ئەم گرەوەش دەتوانین مو بە موی رووداوەکە بهێڵینەوە.

شیکاری ریشەیی خۆی بە هەمان رووداو بەراورد دەکات. وەك بویەر تەماشای ناکات ـ هەر لێکدانەوەیەکی وەك «بویەر» لێکدانەوەیەکی «هاولێکچوو»ە. گەر ئەوەش راست بێت کە زوربەی رووداوەکان بەیدەستی هاتنەوەیەکیان دەبن بۆ دۆخی بویەر، تەنها ئەوە شایستەی ناوی رووداوە کە لە دەستی قورتار دەبێت. هاوکات شیکاریش ئاوێنەی ئەو نییە، چونکە هەموو بەرەنگاربوونێك لەگەڵ «رووداو» ئەستەمە (رووداو خۆی ئەستەمە، راستیی قەومانیشی هیچ لە ئەستەمێتییە بابەتییەکەی چاوپۆشی ناکات).

شایانی ئەوەیە لە ئەستەمایەتییەکەیدا بەراورد بەم رووداوە بکرێت، لە مۆرکە نا شیاو بۆ وێناکردنەکەیدا، تەنانەت وەك رووداوێکی ناکاو. گەر رووداوێك لە رووداوەکان هەبێت، ئەوا چیی تری لە تواناڎا نییە تەنها هەڵکەندنی واتاکان لە کایەگەلی ژێدەر و سەرچاوەکانیان نەبێت. ئەمەشە کە هەموو هەوڵێك بۆ لە خۆگریی، بە لە خۆ گرتن لە لایەن خراپە یاخود لە لایەن بەدتریشەوە، بێهودە دەکات. راستە کە سیستمەکە بەبێ ماندوبوون بەردەوام دەبێت، بەڵام لێرە بە دوا بێسنوورانە، تەنانەت بەبێ سنوورە ئەو دنیاییەکەشی بەردەوام دەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو دنیایی پێشتر و لە بنەڕەتدا لێرەدایە، لە فۆرمی پاڵاوتنی دڵنیای هەموو شارستانییەك‌و، بگرە رەنگە چەشنیشدا. بەڵام ئەو شتەی کە پاڵێورا، پێویستە وێرانیش بکرێت. هزر و رووداویش لە نێو ئەم کردەی وێرانکردنی سەمبولیکییەدا دەربەستن.

## ب ـ چەند گریمانەیەك دەربارەی تیرۆریزم

با بەیەکجار ئەو گریمانەیە وە لا بنێین کە دەڵێت ١١ی سێپتەمبەر ناشێ لە پێشهات یاخود هەڵکەوتێك لە سەر ڕێگای جیهانگیرییەکی چارەنووسساز پتر پێکبێنێ. ئەمە گریمانەیەکی لە بنەڕەتدا لاکەوتە و بێهیوایە، چونکە لێرەدا شتێکی سەرسوڕهێنەر روویداوە و نکوڵیی لێکردنی مانای قایلبوونە بەوەی کە ـ لێرە بە دوا ـ چیی تر ناشێ هیچ شتێك رووداوێك پێکبێنێو، ئێمە بناغە بۆ لۆجیکی بێ کەمایەسی هێزێکی جیهانیی دادەنێین کە توانای بەرەو خۆ راکێشانی هەموو بەرگرییەكو هەموو دوژمنایەتییەکی هەیە و، تەنانەت دەتوانێ لە ڕێگاشییەوە خۆی سەقامگیر بکات ـ لەبەر ئەوەی کە کردەی تیرۆریستیی کار لە هیچی دی ناکات تەنها بەتاوکردنی هەژمونی گەردونیی هێز و هزرێکی تاكو تەنها نەبێت.

ئەم گریمانەی سفرە بەرهەڵستیی گریمانەیەکی لەڕادەبەدەر و، گرەوە لەڕادەبەدەرەکە سەبارەت بە مۆرکی رووداوگەرایی ١١ی سێپتەمبەر دەکات ـ رووداو، لەو رووەوەو بە جۆرێکی خۆ دەستنیشانکارانە، بەو پێیەی ئەوەیە کە، لە سیستمێکی ئاڵوگۆڕی گشتگیر و پەرەگرتودا، کتوپڕ، ناوچەیەکی ئاڵوگۆڕی ئەستەم، دەخولقێنێ: ئاڵوگۆڕی ئەستەمی مەرگ لە ناخی رووداو خۆیدا و ئاڵوگۆڕی ئەستەمی ئەم رووداوە لە بەرامبەر هەر گوتارێکدا. هێزە سەمبولییەکەشی کە لە رووداوەکانی مانهاتن هەموومانی دووچاری سەرسوڕمان کرد، لێرەدایە.

بە گوێرەی گریمانەی سفر، رووداوی تیرۆریستیی بێ واتایە. دەبوو بوونی نەبێ، لە بنەڕەتیشدا بە پێی ئەو بیرۆکەیە بوونی نییە کە دەڵێت خراپە چیی تر نییە جگە لە وەهم یاخود پێشهاتێکی سەرهەڵداو لە خولگەی چاکەدا و ـ پاشان لە سیستمی جیهانییو لە جیهانگیرییەکی خۆشبەختدا. هەمیشە لاهوت بەر بنەمای ئەم خەیاڵگەراییەی خراپە لە خۆیدا، دامەزراوە.

گریمانەیەکی دیکە: ئەوانە دێوانەگەلی خۆکوژن، نەخۆشگەلی دەروونپەژارن، دەمارگیرگەلی دۆزێکی خراپن، هێزێکی دڕندە گەمەیان پێ دەکات کە چیی تر ناکات تەنها کەڵك وەرگرتن نەبێت لە قینو دڵنەخوازیی گەلانی چەوساوە بۆ تێرکردنی ئەو چاوچنۆکییەی کە بۆ وێرانکردن هەیەتی. هەمان گریمانە، بەڵام لێهاتوانەتر، دەیەوێ جۆرێك لە سۆنگەی مێژوویی بە تیرۆریزم ببەخشێ: ئەو سۆنگەیەی کە لە تیرۆریزمدا گوزارشتی راستەقینە لە بێهیوایی گەلانی چەوساوە دەبینێ. بەڵام خودی ئەم تێزەیە خۆی جێی گومانە، چونکە ئەوە بە سەر تیرۆریزمدا دەسەپێنێ کە تەنها لە ڕێگای نیشانەیەکی مسۆگەر لە کەمدەستیو بێدەسەڵاتییەوە نوێنەرایەتی کولۆڵیی جیهانیی بکات. تەنانەت گەر وەك چەشنێك لە بەرهەڵستیو ناڕەزایی سیاسیی لە دژی سیستمی جیهانیی ددان بە تیرۆریزمدا بنێین، ئەمە بۆ داشۆرینی شکستێتی بە شێوەیەکی گشتی، کە کتوپڕ ئەو دەرەنجامە چەپەڵەی لێدەکەوێتەوە کە لە پتەوکردنی نائاگایانەی ئەم سیستمە جیهانییەدا خۆ دەنوێنێ. ئەمەیە دەستەواژەکەی ئاروندانی روا (٧) کە ـ لە ڕێگای

داشۆرینی هێزی باڵادەستەوە ـ تیرۆریزم وەك برایەکی دوانەی دادەشۆرێ، دوانەی بزێو و شەیتانیی سیستەمەکە. بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤ بڕوای وا بێت گەر تیرۆریزم بوونی نەبووایە سیستەمەکە دایدەهێنا... ـ لە ئەوها دۆخێکیشدا ـ بۆچی دەستدرێژیی ١١ی سێپتەمبەر گورزێکی دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکیی نەبێت؟

لێرەشدا دیسان ئەوە مانای گریمانکردنی ئەوە دەگەیەنێ کە دواجار هەموو زەبروزەنگێکی دژکار هاوبەشێکی هاودەستە لەگەڵ سیستمی دەسەڵاتداردا، ئەوە مانای داماڵینی مەبەستەکانی بکەرانو خودی گرەوی کارەکەیان دەگەیەنێ. ئەوە مانای گەڕاندنەوەی ئەم کارەیان دەگەیەنێ بۆ دەرەنجامە «بابەتییەکانیان» (دەرەنجامە جیۆسیاسییەکانی ١١ی سێپتەمبەر) نەك هەرگیز بۆ هێزە تایبەتەکەی. کێ گەمەی ئەوی تر دەکات؟ ئەوە هەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوە ناوەندی تیرۆریستییە کەڵك لە پێشکەوتنی سیستمەکە وەردەگرێ تا خۆی، لە پێشبڕکێیەکی هاوشاندا کە، بە پێچەوانەی ململانێی چینەکانو شەڕە مێژووییەکانەوە هەرگیز دوو نەیارەکە بەجۆرێکی ڕاستەقینە بەرەنگار نابنەوە، هێزی خۆی پتەو بکات.

نەخێر بەڵکو پێویستە لەمە دوورتریش بڕۆین: چونکە لە بری گریمانەی هاودەستییەکی «بابەتیی» تیرۆریزم لەگەڵ سیستمی جیهانییدا، دەبێ گریمانی گریمانەیەکی تەواو پێچەوانە بکرێت، گریمانەی هاودەستییەکی ناوخۆیی، قووڵی، ئەم هێزە لەگەڵ ئەو هێزەدا کە لە دەرەوە لە دژی قیت دەبێتەوە ـ گریمانەی ناسەقامگیریی و کەمدەستییەکی ناوخۆیی کە بە واتایەك لە واتاکان رووەو دیداری وێرانکردنی توندوتیژانەی کردەی تیرۆریستیی هەنگاو هەڵدەگرن. بەبێ گریمانەی ئەم هاوپەیمانییە نهێنییە، ئەم ئامادەگییە پێشووترە هاودەستە، هیچ شتێك لە تیرۆریزمو لە ئەستەمێتی نابودکردنی ناگەین.

گەر ئامانجی تیرۆریزم لەقاندنی سیستمی جیهانیی بێت تەنها لە لایەنی



هێزەکانییەوە، بە هۆی پێداکێشانێکی بە تینو توندەوە، ئەمە ئامانجێکی پوچو بێهودەیە: پەیوەندیگەلی هێزەکان دەگەنە ئاستو ئەندازەیەك لە یەکسانی ـ بە هەر حاڵ لە بنەڕەتدا ئەم سیستمە جیهانییە شوێنی ئەو پاشاگەردانیو لەقینەیە ـ لەبەر ئەوە سوودی نییە هیچ شتێکی زیادە بکرێت. خولقاندنی ئەو پاشاگەردانییە زیادە، مانای گرەوکردنە لە سەر پتەوکردنی ئامرازگەلە پۆلیسییو ئەمنییەکانی چاودێریی بەو جۆرەی کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوە لە هەموو شوێنو جێیەك دەبینین.

بەڵام رەنگە خەونی تیرۆریستان ـ خەونی دوژمنێکی جاویدانیی، لێرەدا بێت. چونکە ئەگەر چیی تر دوژمن بوونی نەبێت، ئەو دەمە تێشکاندنی ئەستەم دەبێت. هەڵبەت گومان لەمەدا نییە، بەڵام تیرۆریزم ئاشکرایە و ئەنجامەکەشی پێوانەیەکی نامۆیە: ئەگەر بە راستیی دەوڵەت پەیدا ببێ واتایەکی سیاسیی بە تیرۆریزم دەبەخشێ. لەبەر ئەوەی کە تیرۆریزمیش لە رووواڵەتدا هیچ واتایەکی نییە (بەڵام خاوەنی واتاگەلێکی ترە)، ئەمە مەرجی ئەوەیە کە دەوڵەت بوونی نییە و دەسەڵاتی زۆر کەمە.

کەواتە پەیامە نهێنییەکەی تیرۆریزم چییە؟ لە یەکێك لە چیرۆکەکانی نەسرەدین (جوحا)دا دەبینین هەموو رۆژێك جوحا لەگەڵ گوێدرێژێکی بارکراو بە تورەکەگەل لە سنوور دەپەڕێتەوە. هەموو جارێکیش تورەکەکان دەپشکنرێن بەڵام هیچیان تێدا نادۆزرێتەوە. بەم جۆرە نەسرەدین لەگەڵ گوێدرێژەکەی لە پەڕینەوە لە سنوور بەردەوام دەبێت. ماوەیەکی زۆر لە پاش ئەوە پرسیاری لێدەکرێ ئەو شتە چی بوو کە هەموو جار ئەودیوت دەکرد، لە وەڵامدا دەڵێت: «گوێدرێژم ئەودیو دەکرد».

بەم جۆرە دەتوانین، لەودیو پاڵنەرە ئاشکرا و دیارەکانی کردەی تیرۆریستییەوە ـ لەودیو ئایین یاخود شەهیدبوون یاخود تۆڵەسەندنەوە یاخود ستراتیجگەراییەوە ـ بپرسین: بابەتی راستەقینە بۆ ئەودیوکردن چییە؟ بەوپەڕی سادەیی، لە ڕێگای ئەو شتەوە کە وەکی خۆکوژیی دەیبینین، ئاڵوگۆڕی ئەستەمە لەگەڵ

مەرگ. واتە بەرەنگاربوونی سیستمە بە هۆی بەخششی سەمبولیکیی مەرگەوە، کە دەبێتە چەکێکی رەها (پێدەچێ دوو تاوەرەکە لەم پرسە گەیشتبن لەبەر ئەوەی بە هەرەسهێنانیان بەدەنگییەوە هاتن).

ئەمەیە گریمانەی سەروەر: چونکی تیرۆریزم لە بنەڕەتدا هیچ مانایەکی نییە و، بێ ئامانجە و، بە هۆی دەرەنجامە «راستەقینە» سیاسییو مێژووییەکانییەوە پێوانە ناکرێت. لەو سۆنگەیەشەوە کە هیچ مانایەکی نییە، بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر رووداوێك لە نێو جیهانێکدا پێکدێنێ کە زیاتر و زیاتر پڕ دەبێت لە ماناگەلو لە چالاکیی.

گریمانەی سەروەر ئەو گریمانەیەیە کە تیرۆریزم لەودیو زەبروزەنگە لەڕادەبەدەرەکەیەوە، لەودیو ئیسلامو ئەمەریکاوەو وەك سەرهەڵدانی دوژمنایەتییەکی ریشەیی لە ناوجەرگەی پرۆسەی جیهانگیریی خۆیدا وێنا دەکات، کە خاوەنی هێزێکە ناتوانرێت لە تەواوی ئەم دەستکەوتە تەکنیکیو زەینییەی جیهانو لەم پەرەگرتنە مسۆگەرە رووەو سیستمێکی جیهانیی کاملدا، کۆبکرێتەوە.

هێزێکی دژبەری چالاك، لەگەڵ هێزی مەرگی سیستمەکە، لە ململانێدایە. هێزێکی بەرەنگاریی جیهانگەراییەکی تەواو شیاو بە لەبەریەکهەڵوەشانو توانەوە لە تێپەڕینو لە ئاڵوگۆڕدا. هێزێکی تایبەتمەند کە دژوارە سادە و ئاسان بکرێتەوە، بە ئەندازەی ئەوەی کە سیستم هەژمونی خۆی فراوان دەکات، توندوتیژتر دەبێت ـ تا بە رووداوێکی بنەبڕی وەك رووداوی ١١ی سێپتەمبەر دەگات، کە ئەم دوژمنایەتییە چارەسەر ناکات بەڵکو بە یەکجار رەهەندێکی سەمبولیکیی پێدەبەخشێ.

تیرۆریزم هیچ شتێك داناهێنێو سەرەتای دەستپێکردنی هیچ شتێکیش نییە. بەڵکو ئەو، بە ئەوپەڕی سادەیی، شتەکان رووەو ئەوپەڕی سنوورەکانیان، رووەو لوتکە، پاڵدەنێت. دۆخێك لە دۆخەکان، لۆجیکێك لە لۆجیکەکانی زەبروزەنگو نادڵنیایی، دەبزوێنێ. سیستمەکە خۆی، لە رێگای پەرەگرتنی



سفتەبازیی هەموو ئاڵوگۆڕەکانو ئەو فۆرمە شوێنهاتو شیمانەییەی کە لە هەموو شوێنێك دەیسەپێنێو، جوڵەی بێ بەزەییو سەرمایەی دەساودەسکراو و سانایی جوڵەو خێرایی ناچارییەوە، لێرە بە دوا گاڵ بۆ هەژمونی پرەنسیپێکی گشتیی لە نادڵنیایی دەدات کە تیرۆریزم چیی تر ناکات تەنها وەرگۆڕینی نەبێت بۆ نەمانی تەواوەتیی ئاسایشو ئارامیی. ئایا تیرۆریزم خەیاڵییو ناڕاستەقینەیە؟ بەڵام واقیعی گریمانکراو و سیستمەکانی زانیاریو پەیوەندیشمان بە هەمان شێوە و لە مێژە، لەودیو پرەنسیپی واقیعەوەن. بەڵام سەبارەت بە ترسو بیم، دەزانین کە لە بنەڕەتدا لێرە لە هەموو شوێنێکە، لە نێو زەبروزەنگی دامەزراوەییو زەینییو جەستەییدایە بە قومگەلی ئێجگار کەم. تیرۆریزم چیی تر ناکات تەنها تواندنەوەی هەموو پێکهاتەکان نەبێت لە نێو گیراوەیەکدا. زێدەڕۆیی هێز و ئازادیو هەڵکشانو ئەژمار تەواو دەکات کە دوو تاوەرەکە بەرجەستەیان دەکرد، لەو کاتەدا کە وێرانکردنی توندوتیژی ئەم فۆرمە لەڕادەبەدەرە لە چالاکییو باڵادەستیی، پێکدێنێ.

ئیدی بەم جۆرە، لە بەردەم خاڵی سفر و، لە نێو داروپەردوی هێزی جیهانییدا، چیی ترمان لە توانادا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دیسان بە چەشنێکی نائومێدانە وێنەی خۆمان بدۆزینەوە.

بەڵام لە خاڵی سفردا شتێکی دیکە نییە بەدی بکرێت ـ تەنانەت نیشانەیەك لە نیشانەکانی نەیاریی بەرانبەر بە نەیارێکی نەدیتراو. تەنها هاوسۆزیی فراوانی گەلی ئەمەریکی لەگەڵ خۆیدا، زاڵە ـ لە رێگای بەیداخگەلە ئەستێرەدارەکانو نیازکردنو پەرستنی قوربانییانو قارەمانانی پۆستمۆدێرنیزم کە لە پیاوانی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسدا خۆ دەنوێنێ. هاوسۆزیی وەك خواستی نەتەوەیی گەلێك کە دەیەوێت بە تەنها بێت لەگەڵ خودا و ئەوەی پێ باشترە کە لە لایەن خوداوە سزا بدرێ لە بری سزادران لە لایەن هێزێکی خراپەکارەوە. چیی تر رستەی: «خودا پشتیوانی ئەمەریکا بێت»، بووەتە: دواجار، خودا سزایداین. ئەمە سەرسوڕمانە، بەڵام لە بنەڕەتدا دادانپێدانانە بۆ ئەو خواستە خوداییە خراپە روو کە ئێمەی کردە قوربانیی.

لێکدانەوە مورالّییەکەی ویژدان دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە ئێمە چاکەین هەر بۆیە ئەوەی کە سزایداین ناشێ چیی تر بێت جگە لە خراپە. بەڵام گەر خراپە، لە روانگەی ئەوانەدا کە خۆیان بە بەرجەستەی چاکە دەزانن، وێناکردنی دژوار بێت، ئەو دەمە ناشێ جگە لە خودا سزایدابن. لە بنەڕەتیشدا بۆ ئەوەی لە پای چی سزایان بدات گەر لە پای لەڕادەبەدەرییەك لە ئاکارپەسەندییو لە هێزدا نەبێت، واتە لە پای ئەم لەڕادەبەدەرییە کە دابەشنەبوونی چاکە و هێز دەیگەیەنێت؟ وەبیرهێنانەوەی سیستمەکەیە بەوەی کە لە چاکە و بەرجەستەکردنی چاکەدا یەکجار زۆر رۆیشتوون. ئەمەش پرسێکە سەبارەت بە بەردەوامبوون لە کاری چاکە بەبێ رارایییو دوودڵییو، پاشان لەوەدا کە بە چەشنێکی قووڵتر بوونی خراپە پشتگوێ بخەن، نە زیانیان پێدەگەیەنێو نە رێگرییان لێدەکات.

برای دوانەی هاوسۆزیی (دوانە بە ئەندازەی دوانەیەتیی دوو تاوەرەکە)، مەزنییە. ئێمە بۆ خۆمان دەگرینو، هاوکات لایەنی بەهێزتریش ئێمەین. ئەو شتەی کە مافی ئەوەمان پێدەدات بەهێز بین ئەوەیە کە ئێمە لێرە بە دوا قوربانیین. ئەمە تەواوی بەهانەکە و هەموو پاکێتییە ئەقڵییەکەی قوربانییە کە تێیدا هەموو هەستکردنێك بە گوناە نامێنێو، بواریش دەدات بە بەکارهێنانی کارەسات بە واتایەك لە واتاکان وەك کارتی دڵنیایی.

ئەمەریکییەکان ئەم چەشنە زامەیان کەم بوو ( چونکە لە پیرڵ هاربۆر، بە وشەگەلی جەنگ پەلاماردران نەك بە وشەگەلی دەستدرێژیی سەمبولیکیی ). شکستی نموونەیی میللەتێکە کە دواجار دڵی پێکرا و، لەو رووەشەوە کە کوفرانەکەی دا، ئازادە لەوەی کە هێزی خۆی بە تەواوی هۆشیارییەوە بە کار بهێنێ. دۆخێکە لە خەیاڵی زانستییدا بەردەوام خەونی پێوە بینراوە: خەونی ئەوەی کە هێزێکی تەمومژاویی لەناویان دەبات، تا ئەو دەمە تەنها لە نێو هۆشیاری ئەواندا (یاخود لە نێو چەند ئەقڵ وەستانێکی تردا) بوونی هەبوو. ئەوەتا بە یاریدەی تیرۆریزم لە رووی ماتەریالییەوە خۆ دەنوێنێ! ئەوەتا بەرەی خراپە بە سەر نەستی ئەمەریکادا زاڵدەبێتو بە زەبروزەنگ ئەوە



جێبەجێ دەکات کە پێشان چیی تر نەبوو جگە لە خەیاڵپەروەرییو بیرۆکەی خەونێك!

هەموو شتێك لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوی تر، بە هەمان شێوەی خراپە، ناتوانرێ وێنا بکرێت. هەموو شتێك لە ئەستەمێتیی وێناکردنی ئەوی تر - چ دۆستو چ دوژمن - سەرچاوە دەگرێت، لە ئەویترگەراییە ریشەییەکەیەوە، لە بێگانەیەتییەکەیەوە کە لێکحاڵیبوون لە گەڵی دژوارە. رەتدانەوەیەکە لە وێك هاتنەوەی تەواو لەگەڵ خۆ لە دەوری بەهاگەلە مۆراڵییەکانو هێزی تەکنیکیی بنج دادەکوتێ. ئەمەیە ئەو ئەمەریکایەی کە خۆی بە ئەمەریکا دەزانێو کە لە پێویستییدا بۆ ئەویترگەرایی چاوچنۆکانە و لە چوارچێوەی دێوانەترین چەشنەکانی هاوسۆزییدا تەماشای خۆی دەکات.

با لێك بگەین: لێرەدا ئەمەریکا چی تر نییە جگە لە نوێنە یاخود فیگەری گشتیی هەر هێزێکی کەم تین لە گرتنی تاقەتی تارمایی نەیارێتیی. چۆن دەشێ ئەوی دی ئەگەر گەوج یاخود دەروونشێواو یاخود نائاسایی نەبێت، کە خۆی بە جیاواز بووێت، تەواو جیاواز، بێ ئەوەی تەنانەت خواستی هاتنە سەر ئینجیلی گشتیی ئێمەی هەبێت؟

ئەمەیە مەزنیی ئیمپراتۆریا - بەو جۆرەی کە لە نوێنەی (گەلانی ئاوێنە) ی بۆرخیس (٧) دا هاتووە: گەلە شکستخواردووەکان بەرەو ئەودیو ئاوێنەکان دووردەخرێنەوە، مەحکوم دەکرێن بەوەی وێنەی سەرکەوتووان بدەنەوە. (بەڵام رۆژێك لە رۆژان دەست دەکەن بە کەمکردنەوە لە باری لێکچوونیان بە سەرکەوتووان بەسەریاندا و، دواجار ئاوێنەکان تێکدەشکێننو دەکەونە پەلاماردانی ئیمپراتۆریا ).

هەمان مەنفا لەودیو ئاوێنەی لێکچوونەوەیە لای فیلیپ مورای Philippe Muray لە پەیامەکەیدا بۆ: «موجاهیدە بەڕێزەکان» : «ئێمە دروستمانکردن ئەی موجاهیدو تیرۆریستەکان، سەرەنجامیش دەبنە بەندی وێکچوون. رادیکاڵێتیتان شتێك بوو ئێمە بە نهێنی کردمانە ناختانەوە. دەتوانین ئەوە

بکەین چونکە ئێمە گوێ بە هیچ نادەین تەنانەت بە بەهاکانی خۆشمان. ئێوە ناتوانن بمانکوژن، چونکە ئێمە پێشتر مردوین. پێتانوایە کە بەرەنگارییمان دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی پێبزانن لە ئێمەنو، لە راستیدا چیی تر ئاوێزان بوون». یاخود هەروەها «ئێوە کارێکی چاکتان کرد، بەڵام لە خۆکوژیتان وەك تایبەتمەندییەك زیاترتان نەکرد.. بە هۆی هەمان کردەتانەوە چوونە نێو ئەو گەمە جیهانییەوە کە دەیکەن».

ئەمە پێلێنانێکە بە کرێتییو ئابڕووبەریی رۆشنبیرییەکەماندا کە لە سەرەمەرگدایە، بەڵام هاوکات پێلێنانێکیشە بە شکستی هەموو زەبروزەنگێکی رکابەردا یاخود کە خۆی بە رکابەر دەبینێ. ئای لە یاخیبووە بەدبەختەکان، ئای لە ساویلکە کەساسەکان! «سەردەکەوین بە سەرتاندا چونکی لە ئێوە مردوترین!»، بەڵام مەبەست لە مەرگ خۆی نییە. کاتێك کە رۆشنبیریی خۆرئاوایی خامۆشبوونی یەك لە دوای یەکی بەهاکانی بە خۆوە دەبینێ، رووەو خراپتر دەچەرخێ. مەرگی ئێمە خامۆشبوونە، نەمانە، گرەوێکی سەمبولیکیی نییە ـ بەدبەختییەکەشمان لێرەدایە. کاتێك کە تایبەتمەندییەك گرەو لە سەر مەرگی خۆی دەکات، لە چنگ ئەم ریشەکێشبوونە لەسەرەخۆیە قورتار دەبێو مەرگێکی سروشتیی دەمرێت. گەمەیەکی فراوانە یان ئەوەتا مرۆ هەموو شتێك دەدۆڕێنێ یاخود هەموو شتێك دەباتەوە. تایبەتمەندیی بە هۆی کوشتنی خۆیەوە هاوکات ئەویتریش دەکوژێ ـ دەتوانین بڵێین کردەوە تیرۆریستییەکان خۆرئاوایان بەتەواوی «کوشت». کەواتە ئەمە مەرگە بەرانبەر بە مەرگ، بەڵام بە هۆی گرەوی سەمبولیکییەوە ئاڵوگۆڕ کراوە.

مورای دەڵێت: «ئێمە جیهانی خۆمانمان تەواو رامالْی، ئیدی لەمە زیاتر چیتان دەوێت؟ ». بەڵام کتومت لە رامالْینی ئەم جیهانە زیاترمان نەکرد، هێشتا پێویست دەکات کە توونا بکرێت. تووناکردنی سەمبولیکیی. ئەمە هەرگیز هەمان کار نییە. گەرچی ئەوە ئێمە بووین کە کاری یەکەممان ئەنجامدا ـ بەڵام ئەوە تەنها ئەوانی ترن کە دەتوانن کاری دووەم جێبەجێ بکەن.



تەنانەت لە کاتی تۆڵەسەندنەوە و شەڕیشدا، دەتوانین هەمان تەلارگەل لە خەیاڵداندا ببینین ـ هەمان ئەستەمێتی وێناکردنی ئەوی تر وەك نەیارێکی تەواو نەیار و، هەمان چارەسەری ئەفسووناویی بەر بنەمای ریشەکێشکردنو مەحفکردنی بێ هیچ رێکارێك.

کردنی ئیسلام بە نوێنەی خراپە، لەهەمانکاتدا شەرەفێکە پێی دەبڕێت (هاوکات شەرەفێکیشە بە خۆ دەبڕێت). بەڵام بەو جۆرە تەماشای پرسەکە ناکرێت: سەروەختێك کە دەگوترێ ئیسلام خراپەکەیە، دەخوازرێ لەودیو ئەم قسەیەوە ئەوە بگوترێ کە تەندروستی ئیسلام باش نییە و نەخۆشە، چونکی وەك قوربانییەکی سووکایەتیپێکراو دەگوزەرێنرێو، لە جیاتی ئەوەی بە شادییەوە بێتە نێو سیستمی جیهانیی نوێوە، کینەی خۆی دەشارێتەوە. ئیسلام بە هۆی نائومێدییەوە کۆنەپەرستو فێندەمێنتاڵە. بەڵام گەر بووە پەلاماردەر ئەو دەمە پێویستە کەمدەست بکرێت. بە کورتی، ئیسلام نابێت لەو دۆخەدا بێت کە تێیدایە. ئەدی خۆرئاوا، لەم دۆخەدا کە تێیدایە؟

هەمان ئەستەمێتی ئەوەی کە بۆ ساتێك وێنای ئەوە بکەین ئەو «دەمارگیرانە» دەتوانن بە «ئازادی» یەکی تەواوەوە پابەندبن بێ ئەوەی کوێر، یاخود نا هۆشیار، یاخود فریوخواردو بن. چونکە ئێمە قۆرخکاری مەزەندەی چاکە و خراپەین ـ ئەوەش مانای ئەمە دەگەیەنێ: تاکە بژاردەی «ئازاد و بەرپرسیارانە» تەنها و تەنها دەبێت لەگەڵ یاسای مۆراڵییماندا وێك بێتەوە. کە بەر بنەمای ئەوە دامەزراوە هەموو بەرەنگارییو بەرهەڵستیکردنێکی بەهاگەلەکانمان بۆ نابینایی ویژدان، بگەڕێنینەوە (بەڵام ئەم نابیناییە لە کوێوە دێت؟ ). پرسی ئەوەی کە مرۆڤی «ئازاد و رۆشنگەر» بێ ئەولا و لا چاکە هەڵببژێرێت، ئەمە دادوەریی پێشاپێشی گشتییو ـ پاشان نامۆمانە، مادامەکی مرۆڤی ناچار بەم بژاردە «ئەقڵانیی»ە چیی تر لە بنەڕەتدا لە بڕیاریدا ئازاد نییە (دەروونشیکارییش دیسان بووەتە تایبەتکار لە لێکدانەوەی ئەم چەشنانە لە «بەربەرەکانێ» ).

لیشتینبێرگ Lichtenberg، دەربارەی ئەم خاڵە، شتێکی یەکجار نامۆ و یەکجار مەترسیدارمان پێ دەڵێت، ئەویش ئەوەیە کە بەکارهێنانی چاکی ئازادیی لە بەرخۆرییکردن تێیدا و لە زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانیدا خۆ دەنوێنێ. بە تاقەتگرتنی ئەرکی گرانی مەرگی تایبەتو مەرگی ئەوانی تریشەوە. بێهودەیی هاوەڵناوی «ترسنۆکان» کە بە سەر تیرۆریستاندا چەسپێنراوە، لێرەوە هاتووە. ترسنۆکن لەبەر ئەوەی خۆکوژییان هەڵبژارد، ترسنۆکن چونکی بێتاوانانیان کردە قوربانیی (سەروەختێك کە بەوە تاوانبار ناکرێن کەڵکیان لەوە وەرگرتووە بۆ چوونە بەهەشت).

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەوڵبدەین بە هۆی ڕێزلێنانی بێمەرج لە ژیانی مرۆییەوە لە فەرمانی مۆراڵیی تێبپەڕێنینو وێنای ئەوە بکەین کە دەتوانین لە ئەوی تر و لە خوددا ڕێز لە شتێکی تر و پتر لە ژیان بنێین (بوون هەموو شتێك نییە، بەڵکو کەمترین شتەکانە)، چارەنووس، دۆز، فۆرمێك لە شانازیی یاخود مەزنیی یان قوربانییدان. گرەوگەلێکی سەمبولیکیی هەن زۆر لە بوونو ئازادیی تێدەپەڕێنن ـ کە ئێمە ناتوانین تاقەتی لە دەستدانیان بگرین چونکی کردومانننەتە دوو بەهای پێ هەڵخوێنو بتپەرستی سیستمێکی هیومانیستیی گشتیی. ئیدی بەم جۆرە ناتوانین وێنای کردەیەکی تیرۆریستیی بکەین کە لە دۆخێك لە سەربەخۆیی خودییو «ئازادیی ویژدانیی» تەواوەدا ئەنجام بدرێت. لە ڕاستیشدا پەنابردن بە دەستەواژەکانی ئەرکی سەمبولیکیی لە هەندێك کاتدا یەکجار پەنهانو نهێنییە ـ ڕۆماند ئەوهایە، ئەو پیاوە جووت ژیانەی کە سەرجەم خێزانەکەی خۆی دەکوژێ، نەك لە ترسی ئەوەی نەبادا دەستەکەی ئاشکرا بێت، بەڵکو لە ترسی ئەوەی نەبادا خێزانەکەی دووچاری ناهومێدیی قووڵ بکات ئەگەر بە درۆکەی بزانێت. چونکە خۆکوشتنی ئەو تاوانەکەی نەدەسڕییەوە، بەڵکو بەوە لە دەست شەرمەزاریی ڕزگاری دەبوو کە دەیخستە ئۆباڵی ئەوانی تر. کامەیە ئازایەتیو، کامەتا ترسنۆکیی؟ پرسی ئازادیی، پرسی ئازادیی ئەو و پرسی ئازادیی ئەوانیتر، چیی تر بە هۆی دەستەواژەکانی ویژدانی مۆراڵیی بەر باس ناخرێ، لایەق بە ئازادییەکی باڵاتریشە کە بتوانێ وامان لێ بکات تا بەرخۆرییکردن تێیدا و تەنانەت تا



بەقوربانییکردنیشی ببینە خاوەنی. عومەر خەیام دەڵێت: «داخۆ کۆیلەکردنی تاکە بوونەوەرێك باشتر نییە، وەك لە ئازادکردنی گەردنی هەزار بەندە لە کۆیلایەتیی؟».

ئەگەر بەم جۆرە تەماشای پرسەکە بکرێت ئەوا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە خەریکە بەراوەژوبوونێکی دیالەکتیکی باڵادەستیی بە خۆوە دەبینین، بەراوەژوبوونێکی نامۆی پەیوەندی سەردار لەگەڵ بەندە. سەردار لە کۆندا ئەو کەسە بوو کە لە بەردەم مەترسیی مەرگدا بوو و دەیتوانی گرەوی لە سەر بکات. بەندەش ئەو کەسە بوو کە، لە کاتێکدا کە لە مەرگو لە چارەنووس بێبەش کرابوو، تەرخانی مانەوە و کارکردن کرابوو. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پرسەکە چۆنو بە چ جۆرێکە؟ ئێمە، ئێمەی بەهێزان کە لە ئێستا بە دواوە لە مەرگ لە پەسێوداینو لە هەموو لایەکەوە لە سەر ئاستێکی بڵند و بە چاکیی پارێزراوین، کتومت دۆخی بەندەمان گرتووە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە ڕەفتار بە مەرگی خۆیانەوە دەکەن وەك ئێمە نین کە مانەوە تاکە گرەویان بێت ـ بەڵکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوانەن کە لە لایەنی سەمبولیکییەوە دۆخی سەرداریان گرتووە.

لێرەدا بەرتەکێکی تری ڕاستەقینە هەیە، کە ئەم جارە بە ناوەڕۆکی سەمبولیکیی کردەی تیرۆریستییەوە بەندە نەك بە پاڵنەرەکانەوە. ئایا مەبەست لە دەستدرێژیی ١١ی سێپتەمبەر، لە دۆخی ئەم بەرەنگارییە توندو تیژەی لۆجیکی جیهانگیریی سەرکەوتوودا، کردەیەکی سەمبولیکییە بە واتا بەهێزەکە (واتە ئەوەی کە بەراوەژووکردنو وەرسوڕاندنی بەهاکان دەخوازێ)؟ بۆ نموونە لە دیدی کارۆلین هینریش Caroline Heinrich دا تیرۆریستان بە هۆی هێرشیان بە ناوی سیستمی بەهاگەلو واقیعێکی باڵاوە بۆ سەر لۆجیکی هاولێکچوویی بێدەربەستیی، چی تریان نەکرد تەنها زیندووکردنەوەی لۆجیکی شوناسێکی نوێ نەبێت، لە دژی لۆجیکی بێدەربەستیی ـ بەو جۆرەی کە ناوبراو دەڵێت ـ «تیرۆریستان کاریان بۆ ئەوە کرد واتا بە شتێك بدەن کە چیی تر هیچ واتایەکی نییە». لەو سۆنگەیەشەوە

که واقیع لە روانگەی ئێمەدا ئەوەیە کە هەیە، واتە وەهمێکی ژێدەرییە، تیرۆریستان چی تری زیاتریان نەکرد تەنها ئەوە نەبێت کە گرەوێکی تر و بەهاگەلێکی نوێی لە قوولایی سەدەکانەوە هاتوو لە شوێنی دابنێن.

هەر ئەم رەخنەیەشە کە فیلیپ مورای رەخنەیان Ph. Muray لێدەگرێتو دەڵێت ئێمە هەموو بەهاکانی خۆمانمان لەناوبردبوو، تەنانەت ئەوە مانای هەموو مێژوومانە، ئێوەش بەهاگەلی وەهمیو شوناسی وەهمیو پاکێتیی خۆتانمان بۆ دێنن، کە بە هۆیانەوە بەرهەڵستیی جیهانێکی لێکهەڵوەشاو دەکەن. تیرۆریستان، ژێدەرە «هاولێکچووەکان» (لە نموونەی: دوو تاوەرەکە، بازاڕ، رۆشنبیریی هەمەگیری خۆرئاوا) بە ژێدەرگەلی راستەقینە تێدەگەن. (دیسان لە روانگەی کارۆلین هینریشەوە) لە دژی نامرۆیی تەواوی ئاڵوگۆڕیش، میتافیزیکای راستیی سەر ڕێگا دەخەنەوە. لە کاتێکدا ئەوەی کە گرنگە بەرەنگاربوونی هاولێکچوویی نییە بەڵکو بەرەنگاربوونی خودی راستیی خۆیەتی. هەرگیز هیچ سودێك لە پەلاماردانی گریمانکراودا نییە، گەر لە پێناو هەمدیس دۆزینەوەی واقیعدا بێت.

بەتایبەتی چونکە، لە دیدی کارۆلین هینریشدا، خودی تیرۆریستان خۆیان لە دۆخی هاولێکچوویییەکی تەواودان: کردەی تیرۆریستیی لە نموونەگەلەوە لە دایك دەبێت. تەنانەت نموونەیەکی نایابی پێش لەپێشتریی نموونەکانە لە واقیع (بەڕێوەبەرانی هۆلیود لە لایەن ستراتیجگەرایانی نەیارانی تیرۆریزمەوە وەك راوێژکار بە کێش کرابوون). لە لایەکی ترەوە کاری ئەوان لە هەموو رووەکانییەوە بە گوێرەی ئامرازە تەکنەلۆجییەکانی سیستم دەسازێ. ئیدی ئەو کاتە یاری ئەو گەمەیەی کە دەیکات چۆن دەتوانێ لافی بەراوەژووکردنی ئامانجەکانی لێبدات؟

بەرتەکەکە بەهێزە، بەڵام لە لایەنی ڕادەدارییەوە لە نێو گوتاری ئاینییو فێندەمێنتاڵیی تیرۆریستاندا سنووردارە کە دەڵێن گوایە بە هۆیەوە بە کردەوە و بە ناوی راستییەکی باڵاوە نارەزایی بەرامبەر بە سیستمی جیهانیی



دەردەبڕن. بەڵام نەك لە نێو گوتاردا بەڵکو لە نێو هەمان کاردا ئەوە «سەرهەڵدانە هەرە کەمەکەی شیاوێتیی بەراوەژوبوونە» کە ئەم کارە دەکاتە کارێکی سەمبولیکیی. تیرۆریستان، بە یاریدەی کردەیەك کە، لە هەمان چرکەساتدا، نە خاوەنی مانا و نە ژێدەرێکی راستەقینەیە لە جیهانێکی تردا، تەواوی سیستمی واقیعێك تیرۆر دەکەن. مەبەستەکە، بەوپەڕی سادەیی، لەناوبردنی خودی سیستمە خەمسارد و بێدەربەستەکە خۆیەتی بە هۆی بەهاگەلە تایبەت بە خۆیەکانییەوە ـ بە گوێرەی چەکگەلە تایبەت بە خۆیەکانی. ئەو بنەماییترین شتەی کە ئەوان دەستی بە سەردا دەگرن لە چەکگەلە تەکنەلۆجییەکانی زیاترە، ئەو شتەش کە ئەوان دەیکەنە چەکێکی کاریگەر و یەکلاییکەرەوە، نا ـ مانا و ئەو بێدەرەستییەیە کە لە ناوجەرگەی سیستمەکەدان.

ستراتیجی بادانەوە و بەراوەژوبوونی هێزە، نەك بە ناوی پێکدادانێکی مۆراڵیی یا ئاینییو «پێکدادانی شارستانیی»ەکەوە، بەڵکو بە ناوی ناپەسەندێتیی تەواو و سادەی ئەم هێزە جیهانییەوە.

بەڵام پێویست بەوە نییە کە مرۆڤ ئیسلامیی یان خوازیاری راستییەکی باڵا بێت تا ئەم سیستمە جیهانییە بە ناپەسەند ببینێ. چ ئەم رەتدانەوە فێندەمێنتاڵییەش ئیسلامگەرایانە بێت یان نا ئێمە تێیدا بەشدارینو نیشانەگەلێکی زۆری شپرزەییو رەنجاوییو، لەرزۆکیی لە ناوجەرگەی ئەم هێزە خۆیدا هەن. ئەمەیە «راستیی» کرداری تیرۆریستییو هیچ راستییەکی دیکە لەگۆڕێدا نییە، بەتایبەتی راستییەکی فێندەمێنتاڵ بوونی نییە کە کرداری تیرۆریستیی بۆ بگەڕێنینەوە تا لە هەموو تایبەتمەندییەك دابماڵرێت.

ئەو شتەی کە تیرۆریزم دەیبزوێنێ، شتێکە کە لە نێو سیستمی جیاوازیگەلو ئاڵوگۆڕگەلی گشتگیردا وتووێژی دەربارە ناکرێت. جیاوازیو بێدەربەستیی کتومت لە نێوان خۆیاندا دانوستان دەکەن. ئەو شتەی کە رووداوەکە پێکدێنێ

ئەوەیە کە بێ هاوتایە. لە نێو هیچ راستییەکی پایە بڵندیشدا کرداری تیرۆریستیی هاوشێوەی نییە.

سەروەختێك کە کارۆلین هینریش لە رێگای نیگاری سەر دیوارەوە بەرهەڵستیی دەکات بەو پێیەی کە تاکە کرداری سەمبولیکیی توند و تۆڵە لەو رووەوە کە هیچ ناگەیەنێ‌و سەمبولە خاڵییەکان بەکاردێنێ تا بەرەو بێهودەیی بەرێت، بڕوای نییە کە شتێکی تازە بڵێت: دروست نیگاری سەر دیوار کردەیەکی تیرۆریستییە (لەگەڵ نیویۆرك ئەمیش هەر دیسان، بەوپێیەی کە پەسێوی سەرەکییە)، نەك بە هۆی داخوازییە تایبەتەکەیەوە بە شوناس - «من فلانم، من هەم‌و، لە نیویۆرك دەژیم» - بەڵکو لە رێگای ئەو لەناوبردنەوە کە نووسین‌و بیناسازیی شارەکە لەناودەبات، لە رێگای وێرانکردنی توندی خودی نیشانە خۆیەوە (شەمەندەفەرە نیگار لە سەر کێشراوەکانی میترۆ کتومت خۆیان بە ناوجەرگەی نیویۆرکدا دەکەن وەك چۆن تیرۆریستان فڕۆکەی بۆینگیان ئاراستەی دوو تاوەرەکە کرد).

پرسەکە پرسی واقیعە. لە روانگەی ژیژەك Zizek دا خەیاڵپەروەریی سەدەی بیست‌و خەیاڵپەروەریی سەدەی بیست‌و یەك، خەیاڵپەروەریی ئەو دنیایی واقیعە، خەیاڵپەروەریی تامەزرۆی ئەم شتە بزربووە یان رووەو بزربوونەیە. تیرۆریستانیش لە بنەڕەتدا هیچی تر ناکەن تەنها بە دەنگەوە چوونی ئەم داخوازییە کاریگەرەی واقیع نەبێت.

هەروەها لە روانگەی فیلیپ مورای دا، تیرۆریزمی موجاهیدان چی تر نییە جگە لە لەرزی واقیعێکی گیان کەنشت - دواجار شوێنەواری مێژوویەکی دراماتیکییە، کتومت روو لە خامۆشییە چونکە لە ئاویلکەداندایە. بەڵام خودی ئەم وەبیرهێنانەوەیەی سیستم کە واقیع‌و مێژوو پێیهەڵدەستن، جێی بەزەییە، چونکە لەگەڵ قۆناغێکی لەوەوبەرتردا وێك دێتەوە نەك لەگەڵ قۆناغێکی هەنووکەیی تەواوی واقیعێکدا کە ئەویش واقیعی جیهانگیرییە. لەم قۆناغەدا ناشێ بە هیچ نەرێنییەك، لە هەر چەشنێك بێت، وەڵامبدرێتەوە.



هاوکات ناشێ ئەم هێرشە «فێندەمێنتاڵەی» سیستمی جیهانیی بە هیچی تر وەڵامبدرێتەوە تەنها بە سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەك نەبێت کە لە لایەنی خۆیەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ واقیعدا نییە.

نوێترین‌و سەیر و نامۆترین گێڕانەوەی ١١ی سێپتەمبەر ئەو گێڕانەوەیانە کە هەموو شتێکی رووداوەکە بە کاری پیلانگێڕییەکی تیرۆریستیی ناوخۆیی لە قەڵەم دەدا (دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکی، راستڕەوی پەڕگیری فێندەمێنتاڵ،.. هتد). تێزەیەکە لەگەڵ گومانبردن بە هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر پینتاگۆن‌و، بەربڵاوتریش بە دەستدرێژیی بۆ سەر دوو تاوەرەکە دەستیپێکرد (تییێری میسان: درۆ سامناکەکە) (٩).

ئەی ئەگەر هەموو شتێك ساختە بوو؟ ئەی ئەگەر هەموو شتێك هەڵبەستراو بوو؟ تێزەیەکە هێند ناواقیعییە شایانی ئەوەیە، وەك هەر رووداوێکی هەڵاوێرد کە شایانی گومانلێبوونە، بەهەند وەربگیرێت. بەم جۆرە هەمیشە خواستی رووداوێکی رادیکاڵ‌و هاوکات فریودانێکی تەواو لە نێوماندا هەیە. جادوی پیلانگێڕییەك کە تا ڕادەیەك زۆربەی کات لەم فۆرمەدا جەختی لە سەر دەکرێت: چیی تر ئاماری بەرەنگارییە کوشندەکان، تیرۆرەکان، رووداوەکانی ئۆتۆمۆبێل ناکەین کە گروپ‌و دەزگا هەواڵگرییە نهێنییە هەمەجۆرەکان هەڵیاندەبەستن.

ئەو بەشەی کە لەم تێزەیەدا لەودیو راستیی واقیع دەمێنێتەوە، ئەو راستیی واقیعەی کە رەنگە هەرگیز هیچ شتێکی لەبارەوە نەزانین، دیسان ئەوەیە کە ئەوە هێزی باڵادەستە کە هاندەری هەموو شتێکە، لە نێو ئەو شتانەشدا شوێنەواری وێرانکاری‌و توندوتیژیی کە لە تەرزی فریودانن. خراپتریش ئەوەیە کە ئێمە بکەریانین. بە دڵنیاییەوە بەها دیموکراسییەکانمان خاوەنی هیچ جۆرە شانازییەك نین، بەڵام هێشتا ئەمە پەسەندترە لەددانپێدانان بەوەدا کە موجاهیدگەلێکی تەمومژاوی توانای ئەوەیان هەیە بەم چەشنە شکستمان پێ بهێنن. لەمەوبەر و پێشتر سەبارەت بە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە

بۆینگەکەی لۆکەربیو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گریمانی کەموکووڕیی تەکنیکیمان وەك لە گریمانەی کردەیەکی تیرۆریستیی لا پەسەندتر بوو. تەنانەت گەر ددانپێدانان بە کەمتەرخەمیی خودیی مەترسیدارتر بێت، بەڵام هێشتا لە ددانپێدانان بە هێزی ئەوی دی پەسەندترە (هەر ئەمەشە کە ڕێ لە سوکایەتی پارانۆیایی بە بەرەی خراپە ناگرێت).

گەر دەرکەوت کە ئەم چەشنە چاوبەستە شیاوە و ڕێتێدەچێ، گەر ڕووداوەکە بە تەواوی تەگبیرکراو و نەخشە بۆ کێشراو بێت، هەڵبەت هیچ واتایەکی سەمبولیکیی لە خۆ ناگرێت (گەر دوو تاوەرەکە لە ناوەوە بتەقێنرانایەوە ـ بەر بنەمای ئەوەی کە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە بەس نییە بۆ ئەوەی دایانبڕوخێنێ ـ ئەو دەمە دژوارە کە بگوترێ خۆیانیان لەناوبرد!) چیی تر تەنها مەبەست لە پیلانگێڕییەکی سیاسییە، بەڵام وێڕای ئەوە.. تەنانەت گەر ئەمە هەمووی کاری گروپێك لە پەڕگیران یان سەربازان بێت، لەگەڵ ئەوەدا نیشانەیەك (وەك لە دەستدرێژییەکەی ئۆکلاهوما سیتی دا) دەبێ بۆ زەبروزەنگێکی ناوخۆیی خۆ وێرانکەر، ئامادەیی تەمومژاویی کۆمەڵگایەك دەبێت کە کار بۆ لەناوچوونی خۆی دەکات ـ ناکۆکیگەل لە لوتکەدا دەردەخا، لە نێوان دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی CIAو پۆلیسی لێکۆڵینەوە FBI کە سەروەختێك یەکترییان لە زانیاریگەل بێبەشکرد دەرفەتێکی لەڕادەبەدەریان بۆ سەرکەوتن بە تیرۆریستان بەخشی.

ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر بە توندیی پرسی واقیعی خستە ڕوو کە گریمانەی خولقێنراوی نێو پیلانگێڕییەکە ئاکامە لاوەکییە خەیاڵییەکەی پێکدێنێ. ڕەنگە ئەو دەمارگیرییەش لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت کە لەگەڵی لە هەموو شوێنێکەوە ئەم تێزەیە ڕەتدرایەوە. داخۆ لەبەر ئەوەی کە دەشێ دوژمن بە ئەمەریکا لە قەڵەم بدرێو نکوڵی لە تۆمەتباربوونی تیرۆریستان بکات بۆیە ڕەتدرایەوە؟ (بەڵام نکوڵیکردن لە تۆمەتباربوونی ئەوان واتە داماڵینی بەرپرسیارێتی ڕووداوەکە لە ئەوان، ئەمەش دەچێتە پاڵ ئەو ڕوانگە سووککەرانەیەوە کە دەڵێ هەرگیز ئیسلامییەکان توانای ئەم جۆرە بەجێهێنانەیان نەبوو). نەخێر، ڕاستتر



بدوێین دیمەنی «نکوڵیکاری» ئەو تێزەیەیە کە ڕاڤەی توندیی کاردانەوەکە دەکات. نکوڵیکردن لە واقیع خۆی لە خۆیدا تیرۆریستانەیە. هەموو شتێك باشترە لە بەرهەڵستیکردنی وەك خۆی. ئەو شتەی کە پێویستە پارێزگاریی لێبکرێت پێش هەر شتێك پرەنسیپی واقیعە. چونکە نکوڵیکاریی دوژمنی گشتیی ژمارە یەکە. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە لە بنەڕەتدا و بە جۆرێکی بەرین لە نێو کۆمەڵگایەکی نکوڵیکاردا دەژین. چیی تر هیچ ڕووداوێکی «ڕاستەقینە» بوونی نییە. دەستدرێژی، سکاڵا، جەنگ، گەندەڵیی، لێکۆڵینەوەکان لە ڕا و بۆچونەکان. چیی تر شتێك بوونی نییە کە ساختە نەکرێت یاخود نەبڕێنرێتەوە. دەسەڵاتو، بەرپرسانو دامەزراوەکانیش یەکەمین قوربانیی ئەو نەهامەتییەن کە پرەنسیپەکانی هەقیقەتو واقیعی گرتووەتەوە. چونکە نکوڵییەکە گشتییە. تێزەی پیلانیش چیی تر ناکات، ڕاستتر بدوێین، تەنها هێندە نەبێ کە ئەڵقەیەکی کۆمیدیی بۆ ئەم دۆخەی پاشاگەردانیی ئەقڵیی زیاد دەکات. پێکۆڵیی بەرەنگاربوونی ئەم نکوڵیکارییە تەشەنەسەندو و کۆنزەرڤاتیڤە بە هەر نرخێ بووە لە سەر واقیعێك لە ژێر بەندکردنی بەردەوام، لێرەوە هاتووە. چونکە گەر لە توانادا هەبێت ئامێرێکی سەرکوتو پێشگریی لە دژی تیرۆریزمو مەترسیی ماتەریالیی دابمەزرێنرێت، ئەوا هیچ شتێك لەم تێکچوونەی ئاسایشی زەینیی نامانپارێزێ.

بەڵام تێکڕای ستراتیجە ئەمنییەکان چیی تر نین جگە لە درێژبوونەوەی تیرۆریزم. سەرکەوتنی ڕاستەقینەی تیرۆریزمیش لەوەدا دەردەکەوێت کە توانیویەتی سەرپاکی خۆرئاوا نوقمی نێو کەڵکەڵەیەکی ئەمنیی بکات، واتە نێو فۆرمێکی پەنهانو پۆشراو لە تیرۆریزمی بەردەوام.

تارمایی تیرۆریزم، خۆرئاوا ناچار بە تیرۆری خۆی دەکات ـ چونکە تۆڕی پۆلیسیی لە سەر ئاستی گۆی زەوی هاوتای بارگرژیی جەنگی ساردی گشتییە، واتە جەنگی چوارەمی جیهان کە لە جەستەکانو لە خووەکاندا خۆ دەنوێنێ.

بەم جۆرە، زلهێزەکانی ئەم جیهانە بەم دواییانە لە رۆما کۆبوونەوە بۆ واژۆکردنی پەیماننامەیەك، بە یەك دەنگ جاڕی ئەوە دەدەن کە کۆتایی بە جەنگی سارد دەهێنێ. بەڵام تەنانەت هێشتا لە فڕۆکەخانە دەرنەچووبوون، لە سەر ڕێڕەوەکە و دەوروخول تەنراو بە زریپۆشو تەلی دڕکاویو فڕۆکەگەلی هیلیکۆپتەر، واتە بە هەموو سەمبولە نوێیەکانی جەنگی ساردی نوێوە، مانەوە، جەنگی ئاسایشی چەکدار و، پێشگرییکردنی بەردەوام لە نەیارێکی نا ئاشکرا.

لەناوبردنی دوو تاوەرەکە نە لەلایەنی سیاسییو نە لەلایەنی ئابوورییەوە شکستی بە سیستەمی نوێی جیهان هێنا. بەڵکو لێرەدا شتێکی تر هەیە بابەتی گرەو لە سەر کردنە کە ئەمەیە: بەرکەوتنی کارەبایی دوژمنکارییەکە، ڕوداماڵراویی سەرکەوتنەکەیو هاوکات لەکیسچوونی ئایینو، لە دەستدانی وێنە. چونکی سیستم تەنها کاتێك دەتوانێ کار بکات کە بتوانێ لە بەرانبەر وێنەی خۆیدا خۆی ئاڵوگۆڕ بکات، کە وەك دوو تاوەرەکە لە جمکێتییاندا پێچەوانە ببێتەوە، کە هاوسەنگو هاوتای خۆی لە ژێدەرێکی ئایدیالییدا بدۆزێتەوە. ئەمەیە کە ئەو بێ وەیو پارێزراو دەکات. ئەوە ئەو هاوسەنگییەشە کە لەناوبرا. بەم واتایە، گەرچی ئەو وەك تیرۆریزم مەزەندەکردنی دژوارە، بەڵام لە دڵیدا پێکرا.

## ج ـ زەبروزەنگی جیهانیی

تیرۆریزمی هەنووکە نەوەیەکی مێژوویی نەریتیی ئانارشیزمو نەهلیزمو دەمارگیریی نییە. هاوسەردەمی جیهانگیرییە و بۆ ئەوەی لە تایبەتمەندییەکانیشی بگەین پێویستە سەر لەنوێ بە کورتی لە بنجو بناوانی ئەم جیهانگیرییە لە پەیوەندی لەگەڵ گشتییو تایبەتدا، بکۆڵینەوە.

لە نێوان هەردو واژەی جیهانیی mondial و گشتیی universel دا وێکچوونێکی فریودەر هەیە. گشتێتی، گشتێتی مافەکانی مرۆڤ، ئازادییەکان، کلتور، دیموکراسییە. بەڵام جیهانگیریی، جیهانگیریی تەکنەلۆجیاکان، بازاڕ، گەشتو گوزار، زانیارییە. وا دیارە جیهانگیریی ئاراستەیەکی نەگۆڕی هەیە، بەڵام گشتیی رووەو لەناوچوونە. لانیکەم بەو جۆرەی کە لە رێگای سیستەمی بەهاگەلێك لە سەر ئاستی مۆدێرنیزمی خۆرئاوا تیایدا دروست بووە، لە هەر کلتورێکی دیکەدا هاوتای نییە.



هەر کلتورێك ببێتە گشتیی تایبەتمەندییەکەی لە دەست دەداتو دەمرێت. ئەمە دۆخی هەموو ئەو کلتورانە بوو کە لە رێگای بە زۆر ئاوێتەکردنیانەوە، هەروەها بە هۆی کلتورەکەمانەوە لە خوازیارییەتیدا رووەو گشتیی، نابودمانکردن. جیاوازییەکە ئەوەیە کە کلتورەکانی تر لە تایبەتمەندیی خۆیانەوە لەناوچوون، ئەمەش مەرگێکی سروشتییە، بەڵام ئێمە بە هۆی لەدەستدانی هەموو تایبەتمەندییەكو، بە هۆی ریشەکێشبوونی هەموو بەهاکانمانەوە دەمرین، کە ئەمەش مەرگێکی توندوتیژانەیە.

ئێمە بڕوامان وایە چارەنووسی ئایدیالیی هەر بەهایەك لە پێشکەوتنو هەڵکشانیدایە رووەو گشتیی، بێ ئەوەی مەزەندەی ئەو مەترسییە کوشندەیە بکەین کە ئەم هەڵکشانە دروستی دەکا: ئەمە هەڵکشان نییە بەو ئەندازەیەی کە، راستتر بدوێین، داشکانە بۆ پلەی سفری بەها. لە سەردەمی رۆشنگەرییدا، گشتێتی بە جۆرێکی زێدەڕۆ، بە گوێرەی پێشکەوتنێکی بەرەو سەر، دەکرا ـ بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە رێگای نائامادەییەوە دەکرێت، بە هەڵهاتن بەرەو پێش رووەو پچوکترین کۆلکەی هاوبەش. سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، ئازادی، بابەتەکە بەم جۆرەیە. چونکە فراوانبوونیان لەگەڵ لاوازترین پێناسەکانیاندا وێك دێتەوە.

لە راستیدا گشتیی لە جیهانگیرییدا لەناودەچێ. جیهانگیریی ئاڵوگۆڕەکانیش کۆتاییەك بۆ گشتێتی بەهاکان دادەنێ. ئەمە سەرکەوتنی تاکە هزرە بە سەر هزری گشتییدا. ئەوەی کە بە جیهانیی دەبێت، سەرەتا بازاڕە، فرەیی ئاڵوگۆڕەکانو هەموو بەرهەمەکانو، دەساودەسکردنی بەردەوامی سەرمایە و پارەیە. لە لایەنی کلتورییشەوە تێکەڵبوونی هەموو نیشانەکانو هەموو بەهاکانە، واتە پۆرنۆگرافیا. چونکی پەخشبوونو بڵاوبوونەوەی جیهانیی هەموو شتێكو هەر شتێك بە درێژایی تۆڕەکان، پۆرنۆگرافیایە. هەرگیز هیچ پێویست بە بەرەڵایی سێکسیی نییە، تەنها ئەم جوتبوونە کارلێککارە بەسە. لە کۆتایی ئەم پرۆسەیەشدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان جیهانییو گشتیدا نامێنێ. چونکە خودی گشتیی خۆی بە جیهانیی بووە و دیموکراسیو

مافەکانی مرۆڤیش وەك هەر بەرهەمێکی جیهانیی، وەك نەوت یاخود وەك سەرمایەکان، لە سنوور دەپەڕنەوە.

ئەو شتەی کە لەگەڵ پەڕینەوە لە گشتییەوە بەرەو جیهانیی روودەدات، لە یەك کاتدا هاوڕەنگییو پرژ و بڵاوبوونەوەیەکی بێکۆتایە. ئەوە ناوخۆیی نییە کە شوێنی ناوەندیی دەگرێتەوە، بەڵکو لێکهەڵوەشاوە. ئەوەی کە لە ناوەند لادەبرێت ئەوە نییە کە شوێنی ناوەندیی دەگرێتەوە، بەڵکو لادەرە لە ناوەند. هەڵاواردنو وەلانانیش دەرەنجامێکی ناکاو نین، بەڵکو لە نێو لۆجیکی خودی جیهانگیریی خۆیدان.

ئەو دەمە، دەتوانین بپرسین داخۆ گشتیی پەیدەستی رەخنەی تایبەت بە خۆی نەبووە و داخۆ ئەو و مۆدێرنیزم لە شوێنێکی تر جگە لە گوتارەکانو مۆراڵی فەرمییان دیوەتەوە. بە هەر حاڵ، سەبارەت بە ئێمە، ئاوێنەی گشتیی ورد وخاش بوو. بەڵام رەنگە ئەوە دەرفەت بووبێت، چونکە لە پارچەکانی ئەم ئاوێنە شکاوەدا هەموو ئەم تایبەتمەندییانە پەیدا دەبن: ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئێمە واماندەزانی هەڕەشەیان لە سەرە، دەژین، ئەوانەش کە واماندەزانی لەناوچوون، سەر لەنوێ زیندوو دەبنەوە.

بە ئەندازەی ئەوەی کە بەها گشتییەکان دەسەڵاتو رەوایەتی خۆیان لە دەست دەدەن، دۆخەکە رادیکاڵتر دەبێت. لەبەر ئەوەی کە وەك بەهاگەلێکی نێوانکاریش خۆیان دەسەپێنن، تا ڕادەیەك سەرکەوتوو دەبن لە تێکەڵکردنی تایبەتمەندییەکان وەك جیاوازیگەل لە بازنەی کلتورێکی گشتیی جیاوازییدا، بەڵام چیی تر بۆ لەمەودوا ناتوانن ئەوە بکەن چونکە جیهانگیریی سەرکەوتوو هەموو جیاوازییەکانو هەموو بەهاکانی لەناوبردووە و بناغەی کلتور (یان نا کلتور)ێکی تەواو بێدەربەستی داناوە. هەر لەگەڵ گشتیی لەناودەچێ، چی تر نامێنێت تەنها بونیادی تەکنیکیی جیهانیی خاوەن هێزی تەواو نەبێت لە ڕووی ئەو تایبەتمەندییانەدا کە جارێکی دی کێوی بوونەتەوە و بە تەنها جێهێڵراون.



گشتیی چانسی مێژوویی خۆی هەبوو، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، لە سەروبەندی ئەوەدا کە لە لایەك بەرەنگاری سیستمێکی جیهانیی بێ ئەلتەرناتیڤ دەبێتەوە و لە لایەکی دی بەرەنگاری لادان لە ڕێ یان یاخیبوونی تایبەتمەندییەکان دەبێتەوە، چەمکەکانی ئازادیو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ بایەخی خۆیان لە دەست داوە، لەبەر ئەوەی چیی تر بوونەتە تەنها تارماییگەلێکی گشتیی تەفروتوونا.

گشتیی کلتوری باڵادەستییو، خود و چەمكو، واقیعیو وێنا بوو. بەڵام دۆخی جیهانیی گریمانکراو دۆخی سکرین، تۆڕ، ئامادەیی لە هەموو شوێنو، دیجیتاڵییە، دۆخ ـ کاتێکی بێ ڕەهەندە. لە نێو گشتیدا، هێشتا ژێدەرێکی سروشتیی جیهانو، جەستە و، یاد، هەبوو. جۆرێك لە کێشمەکێشی دیالەکتیکیو جوڵەی رەخنەیی هەبوو فۆرمی خۆیان لە زەبروزەنگی مێژووییو شۆڕشگێڕییدا دەبینییەوە. ئەوە وەدەرنانی ئەم نەرێنییە رەخنەییەیە کە دەروازە بە ڕووی جۆرێکی دی لە زەبروزەنگدا دەکاتەوە، زەبروزەنگی جیهانیی: باڵادەستیی ئەرێنیی تاكو تەنها و چالاکیی تەکنیکیی، ئۆرگانیکیی هەمەگیر، ئاڵوگۆڕی تەواو و، هاوتایی هەموو ئاڵوگۆڕەکان. کۆتاییهاتنی رۆڵی رۆشنبیر، ئەو رۆڵەی کە بە چاخی رۆشنگەرییو بە گشتەوە پەیوەندیدارە ـ هەروەها کۆتاییهاتنی رۆڵی خەباتگێڕ، ئەو رۆڵەی کە بە ناتەباییەکانو بە زەبروزەنگی مێژووییەوە بەندە، لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئایا چوون بەرەو جیهانگیریی بێ چەند و چوونە؟ هەموو کلتورەکانی دیکە جگە لە کلتورەکەمان، بە جۆرێك لە جۆران لە دەست قەدەری ئاڵوگۆڕی بێدەربەست هەڵدەهاتن. کوا ئەو بەردەرکە قەیراناوییەی کە تیایدا بەرەو گشتییو پاشان رووەو جیهانیی، پەڕینەوە ئەنجامدەدرێت؟ ئەو گێژاوە چییە کە جیهان رووە داماڵینی بیرۆکە و، ئەوەش کە رووەو وەدیهاتنی بێمەرجی بیرۆکە، ئاراستە دەکات؟

لەبەر ئەوەی کە گشتیی بیرۆکە بوو. سەروەختێك کە لە نێو جیهانییدا بەرجەستەبوو، وەك بیرۆکەیەك، وەك ئامانجێکی ئایدیالیی، خۆی لە بەین برد. بەڵام کە مرۆیی بووەتە دامەزراوەیەکی ژێدەریی تاكو تەنها، بەڵام کە مرۆڤایەتی، لە هەموو شوێن ئامادە بۆ خۆی، شوێنی خاڵیی خوداوەندی مردوی گرتووە، بۆ لەمەودوا تەنها مرۆیی باڵادەست دەبێت، بەڵام چیی تر خاوەنی هۆیەکی پایانیی نییە. لەو سۆنگەیەشەوە کە چیی تر دوژمنێکی نییە، لە ناوەوە بەرهەمیدەهێنێ‌و، هەموو جۆرەکانی پەرتەوازەبوونی نامرۆیی دەردەهاوێت.

ئەم زەبروزەنگە جیهانییە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە ـ زەبروزەنگی سیستمێك کە راوەدوی هەموو فۆرمێك لە فۆرمەکانی نەرێنییی‌و، تایبەتمەندێتیی دەنێت، بەم فۆرمە لەرادەبەدەرەی تایبەتمەندێتیشەوە کە خودی مەرگ خۆیەتی ـ زەبروزەنگی کۆمەڵگایەك کە تیایدا لە لایەنی گریمانەییەوە، لە ململانێ‌و، لە مەرگ، بێبەش دەکرێین ـ زەبروزەنگێك کە بە واتایەك لە واتاکان کۆتایی بۆ خودی زەبروزەنگ خۆی دادەنێ‌و کار بۆ دامەزراندنی جیهانێکی ئازاد لە هەموو سیستمێکی سروشتی دەکات، ئیدی چ سیستمی جەستە بێت، یان رەگەز، یان لەدایکبوون یاخود مەرگ. لە زەبروزەنگ زیاتر، پێویستە دەربارەی کوشتن بدوێین. چونکی ئەم زەبروزەنگە زەبروزەنگێکی ڤایرۆسییە: بە پەتا و، بە کاردانەوەیەکی زنجیرەیی یەك لە دوای یەك، کار دەکاتو، پەیتا پەیتا هەموو پارێزبەندییەکانو توانای بەرەنگارییمان تێکدەشکێنێ.

بەڵام وێڕای ئەوە، هێشتا پرسەکە کۆتایی نەهاتووە، جیهانگیرییش شەڕەکەی بەر لە دەستپێکردنی نەبردۆتەوە. چونکە لە بەرەنگاربوونی ئەم هێزە بە هەژمونو کاولکارەدا، لە هەموو شوێنو جێیەك سەرهەڵدانی هێزگەلی هەمەجۆر دەبینین ـ هێزگەلێکی نەك تەنها لێکدی جودا بەڵکو ناکۆكو ناتەباش. لەودیو چەشنەکانی بەرەنگاریی روو لە پەرەسەندن لە توندییشدا بەرامبەر بە جیهانگیریی، کە چەشنگەلێکن لە بەرەنگاریی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، پێویستە لە تەنها رەتدانەوەیەکی کۆن زیاتر ببینین: جۆرێك لە پێداچوونەوەی



بە سوێ‌و ئازاراوی بە دەستکەوتەکانی مۆدێرنیزمو «پێشکەوتن»دا، جۆرێك لە رەتدانەوەی نەك تەنها بونیادی تەکنەلۆجیی جیهانیی، بەڵکو بونیادی هاوتایی زەینیی هەموو کلتورەکان. دەشێ ئەم سەرهەڵدانە فۆرمگەلێکی توندوتیژ و نائاساییی‌و نائەقڵانیی بەخۆوە بگرێت بە بەراورد بە هزری رۆشنگەرمان ـ فۆرمگەلێکی دەستەجەمعیی ئەتنی‌و ئاینیی‌و زمانەوانیی ـ بەڵکو هەروەها فۆرمگەلێکی تاکەکەسیی میزاژیی یاخود دەروونپەرێشیی. دواتر کارێکی هەڵەیە ئەم راپەڕینانە لەو سۆنگەیەوە پرۆتیستۆ بکرێن کە پۆپۆلیستیی‌و کۆنو تەنانەت تیرۆریستیین. هەموو ئەو شتانەی کە لە ئەمرۆدا رووداوێك پێکدێنن لە دژی ئەم گشتایەتییە ئەبستراکتە پێکیدەهێنن ـ بەو دوژمنایەتییەشەوە کە ئیسلام دوژمنایەتیی بەهاکانی خۆرئاوا دەکات (چونکە لەو رووەوە کە توندترین جۆری بەرهەڵستییە لە دژی، لە ئەمرۆدا بووەتە دوژمنی ژمارە یەك).

کێ دەتوانێ پێشگریی لە سیستمی جیهانیی بکات؟ هەڵبەت ئەوە بزوتنەوەی دژکاری جیهانگیریی نییە، کە هیچ ئامانجێکی تری نییە تەنها کۆنترۆڵکردنی ناهاوسەنگیی نەبێت. دەشێ کاریگەریی سیاسی یەکجار گەورە بێت، لە کاتێکدا کە کاریگەریی سەمبولیکیی سفرە، ئەم زەبروزەنگە هێشتا جۆرێك لە رووداوی ناکاوی ناوەکییە کە سیستمەکە دەتوانێت، شان بە شانی مانەوەی بە سەرداری دۆخەکە، تێیبپەڕێنێت.

ئەوەی کە دەتوانێ پێشگریی لە سیستمەکە بکات، ئەلتەرناتیڤە پۆزەتیڤەکان نین، بەڵکو تایبەتمەندییەکانن. بەڵام تایبەتمەندییەکان نە پۆزەتیڤنو نە نێگەتیڤ. ئەوان ئەلتەرناتیڤ نین، بەڵکو لە تەرزێکی دیکەن. ئەوان چیی تر نە پەیڕەو لە دادوەریی بەها و نە لە پرەنسیپی واقیعگەرایی سیاسیی دەکەن. کەواتە دەتوانن باشتر یان خراپتر بن. ناتوانین لە توێی کارێکی مێژوویی گشتییدا یەکیانبخەین. ئەوان پێشگریی لە هەموو هزرێکی تەنها و باڵادەست دەکەن. بەڵام تاکە هزری دژبەر نین ـ گەمە و رێساگەلی گەمەی تایبەت بە خۆیان دادەهێنن.

تایبەتمەندییەکان توندوتیژ نین بێ ئەولا و لا، لەوانەش تایبەتمەندییە کاریگەرەکانی لە نموونەی زمان یا هونەر یا جەستە یا کلتور. بەڵام هەشیانە توندوتیژن ـ تیرۆریزمیش یەکێکە لەوانە. ئەوە ئەو تایبەتمەندییەیە کە تۆڵەی هەموو ئەو کلتورە تایبەتمەندانە دەکاتەوە کە لەناوچوونی خۆیان دا لە هەقی دامەزراندنی ئەم هێزە جیهانییە تاكو تەنهایەدا.

کەواتە ئەوەی کە مەبەستە «رووبەرووبوونی شارستانییەکان» نییە، بەڵکو رووبەرووبوونێکی تا ئەندازەیەك ئەنترۆپۆلۆجییە لە نێوان کلتورێکی گشتیی نا جیاواز و هەموو ئەو شتانەدا کە، لە هەر بوارێك لە بوارەکاندا، دەست بە ڕادەیەك لە ئەویدیگەرایی نەشیاو بە سادەکردنەوەوە، دەگرێت.

سەبارەت بە هێزی جیهانیی، کە بە ڕادەی ئەرتۆدۆکسیزمی ئاینیی هێزێکی فێندەمێنتاڵە، هەموو فۆرمە جیاوازەکانو تایبەتمەندییەکان هاولێکچوون. بەم پێودانگەش تەرخانی ئەوەن کە بە خوایشت یان بە ناچاریی بچنە نێو سیستمی جیهانییەوە، یان لە بەین بچن. کاری خۆرئاواش (یان راستتر بدوێین خۆرئاوای پێشوو، لەبەر ئەوەی کە لە مێژە خاوەنی بەهاگەلی تایبەت بە خۆی نییە) ڕامکردنی کلتورە هەمەجۆرەکانە بە هەموو ئامرازەکان، بۆ یاسای هاوتایی زیانبەخش. کلتورێك کە بەهاکانی خۆی لە دەست داوە چیی تری لە توانادا نییە بیکات تەنها تۆڵەسەندنەوە لە بەهاگەلی کلتورەکانی دیکە نەبێت. تەنانەت جەنگەکان ـ هەروەها جەنگی ئەفگانستانیش ـ پێش هەر شتێكو لە پشت ستراتیجە سیاسییو ئابورییەکانەوە، ئامانجی ڕامکردنی کێوێتییو ناچارکردنی هەموو وڵاتانە بە گوێدێریی. ئامانج سەرکوتکردنی هەموو ناوچەیەکی یاخیو، کۆڵۆنیالکردنو بەکارهێنانی هەموو پانتاییە سروشتییەکانە، هەم لە پانتایی جوگرافیو هەمیش لە جیهانی هۆشو زەیندا.

دۆخی سیستمی جیهانیی، دەرەنجامی ئیرەییەکی زیانبەخشە: ئیرەیی کلتورێکی بێدەربەستو پایەنزم لە بەرانبەر کلتورە پایەبەرزەکان ـ کلتوری



سیستمە نائومێد و خاڵییەکان لە توندیی لە بەرامبەر کلتورە خاوەن چڕییە باڵاکان ـ کلتوری کۆمەڵگا خاڵییەکان لە پیرۆزیی لە بەرانبەر کلتور یان فۆرمە قوربانییەکاندا.

سەبارەت بە سیستمێکی لەم شێوەیە، لە ڕاستیدا هەموو فۆرمێکی یاخی تیرۆریستە(١٠). ئەفگانستانیش هەر بەو جۆرەیە. پرسی ئەوەی کە، لە چوارچێوەی وڵاتێك لە وڵاتاندا، بشێ هەموو مۆڵەتەکانو ئازادییە «دیموکراسییەکان» ـ مۆسیقاو تەلەڤیزیۆن یان تەنانەت رووخساری ژنان ـ قەدەغە بێت، پرسی ئەوەی کە دەوڵەتێك لە دەوڵەتان بتوانێت دژایەتییەکی تەواو دژایەتی ئەو شتە بکات کە ئێمە بە شارستانییەتی ناو دەبەین ـ هەرچییەك بێت ئەو پرەنسیپە ئاینییە کە پشتی پێ دەبەستێ، بابەتێکە لە پاشماوەی جیهانی ئازاددا لە تاقەت بەدەرە و قابیلی قەبوڵکردن نییە. قابیلی قەبوڵ نییە دژایەتی ئاراستەی گەردونیی مۆدێرنیزم بکرێت. قابیلی قەبوڵ نییە وا پێشچاو نەکەوێ کە بەڵگەنەویستی چاکە و نموونەی باڵای سروشتیی چەشنە و، هەموو گشتێتی نەریتو بەهاکانمان بخرێتە ژێر گومانەوە، تەنانەت گەر لە لایەن هەندێك لەو ئەقڵانەوە بێت کە دەسبەجێ بەوە ناوزەند دەکرێن کە دەمارگیرن، ئەوە بابەتێکە، لە روانگەی هزری تاكو تەنها و ئاسۆی هاودەنگیی خۆرئاوادا، تاوانکارانەیە.

ئەم بەرەنگارییە لە بەر رۆشنایی دەربەستیی سەمبولیکییدا نەبێت دەرك ناکرێت. پێویستە، بۆ تێگەیشتن لە قینی پاشماوەی جیهان بەرانبەر بە خۆرئاوا، هەموو روانگەکان بەراوەژوو بکەین. ئەم قینە قینی ئەوانە نییە کە هەموو شتێکمان لێ سەندونو هیچ شتێکمان بۆ نەگەڕاندونەتەوە، بەڵکو قینی ئەوانەیە کە هەموو شتێکمان پێ داون بێ ئەوەی بتوانن بیگەڕێننەوە. کەواتە ئەوە قینی بە زۆر لێستاندنی موڵکایەتیو زەوتکردن نییە، بەڵکو قینی ئابڕووبردنە. لە راستیدا تیرۆریزمی ١١ی سێپتەمبەر وەڵامی ئەم قینە دەداتەوە: ئابڕووبردنە دژ بە ئابڕووبردن.

بەدترینیش، سەبارەت بە هێزی جیهانیی، لە دەستدرێژییکردنە سەری یان وێرانکردنیدا نییە، بەڵکو لە ئابڕووبردنیدایە. لە ١١ی سێپتەمبەردا ئابڕووی برا، چونکە تیرۆریستان لێرەدا شتێکیان بە سەردا هێنا کە ناتوانێ وەڵامی بداتەوە. هەموو چەشنەکانی تۆڵە چی تر نین جگە لە ئامرازگەلی زیانێکی ماتەریالیی، بەڵام ئەو لە رووی سەمبولیکییەوە بەزێنرا. جەنگ وەڵامی دەستدرێژیی دەداتەوە، بەڵام وەڵامی بەرەنگاریی ناداتەوە. لە بەرامبەریشدا تەنها بە ئابڕووبردنی ئەوی دی دەتوانرێت لە باری بەرەنگارییەکە کەم بکرێتەوە (بە دڵنیاییەوە نەك بە تەفروتووناکردنی لە ژێر بۆردومانی بۆمبو بە زیندانیکردنی وەك سەگ لە گوانتانامۆ).

بناغەی هەموو باڵادەستییەك نا ئامادەیی بەرانبەرە ـ دیسان بە گوێرەی رێسا فێندەمێنتاڵییەکە. بەخششی یەکلایەنە کاری دەسەڵاتە. ئیمپراتۆریی چاکە و، زەبروزەنگی چاکە، کتومت بەخشینە بە بێ بەرانبەرێکی شیاو، واتە بچیتە جێی خوداوەند، یاخود شوێنی سەردار، کە ژیان بۆ کۆیلە بە تەندروست جێدەهێڵێ، لە بەرانبەر کارەکەی (بەڵام کار بەرانبەرێکی سەمبولیکیی نییە، کەواتە تاکە وەڵام لە کۆتاییدا شۆڕش یان مەرگە). تەنانەت خوداوەند بوار بۆ قوربانییکردن دەڕەخسێنێ، لە یاسای نەریتییدا هەمیشە دەشێ لە رێگای قوربانییکردنەوە شتێك بۆ خوداوەند یان سروشت یان هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکان بنێررێتەوە. ئەمەیە کە هاوسەنگیی سەمبولیکیی لە نێوان بوونەوەرەکانو شتەکاندا دابین دەکات. ئەمڕۆ ئێمە، هیچ کەسێکمان نییە بۆی بنێرینەوەو، قەرزە سەمبولیکییەکەی بدەینەوە ـ هەر ئەمەشە نەفرەتی کلتورەکەمان. نەك لەبەر ئەوەی کە بەخشش تێیدا ئەستەمە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بەخششی دژکار تێیدا ئەستەمە، چونکە هەموو رێیەکانی قوربانییکردنەکان بێلایەن کراونو پەکخراون (چی تر بوونی نییە تەنها دەمەلاسکێی قوربانییکردن نەبێت، کە دەتوانرێ لە هەموو فۆرمە هەنووکەییەکانی قوربانیکارییدا بەدی بکرێت).

ئیدی بەم شێوەیە ئێمە لە دۆخێکی بێ چەندو چونی وەرگرتنو، وەرگرتنی



بەردەوامداین. وەرگرتن نەك لە خوداوەند، یان سروشت، بەڵکو لە تەرزێکی تەکنیکیی لە ئاڵوگۆڕی سەرتاسەریی‌و، لە بەخششێکی گشتییەوە. هەموو شتێکمان بە چەشنێکی شیمانەیی پێدراوە و، بمانەوێ یان نا مافمان سەبارەت بە هەموو شتێك هەیە. دۆخمان دۆخی ئەو کۆیلانەیە کە ژیانیان بۆ جێهێڵراوەو وابەستەی ئاینێك لە ئاینەکان بوون کە خۆ لادان لێی کاری نەکردەیە. هەموو ئەو شتانە، دەشێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بە هۆی تۆمار لە ئاڵوگۆڕ و لە رێسای ئابورییدا کار بکەن، بەڵام، لە خاڵێکدا، یاسای فێندەمێنتاڵیی زاڵ دەبێت. ئیدی بە شێوەیەکی بێ ئەولا و لا، گواستنەوەیەکی دژکاری نەرێنیی وەڵامی ئەم گواستنەوە ئەرێنییە دەداتەوە، خاڵییکردنەوەیەکی توندوتیژی ئەم ژیانە دیلە، ئەم بوونە پارێزراوە، ئەم تێر و پڕییە لە بوون. ئەم گەڕانەوەیەش یان فۆرمی زەبروزەنگێکی کراوە و والا بە خۆوە دەگرێت (تیرۆریزمیش بەشێکی پێکدێنێ)، یان فۆرمی رەتدانەوەیەکی دەستەوسانیی، تایبەت بە مۆدێرنیزمەکەمانو، قین لە خودیی‌و پەشیمانیی، هەموو ئەو هۆگرییە نەرێنییانەی کە فۆرمگەلێکی پایەنزمن لە بەخششی دژکاری ئەستەم.

ئەو شتەی کە لە خۆماندا قینمان لێیدەبێتەوە و، بابەتی قینی تەمومژاویمان، ئەم لەڕادەبەدەرییەیە لە واقیع، ئەم لەڕادەبەدەرییە لە هێز و لە خۆشگوزەرانیی، ئەم ئامادەگییە گشتییە، ئەم دوایین دەستکەوتەیە ـ ئەو چارەنووسەی کە، لە بنەڕەتدا گەورە پشکنەری خەڵکی ماڵیی لای دۆستۆیڤسکی، پارێزگاریی لێدەکات. کتومت هەر ئەم لایەنەشە کە تیرۆریستان لە کلتورەکەماندا پرۆتیستۆی دەکەن ـ ئەو دەنگدانەوەیەش کە تیرۆریزم دەنگدەداتەوە و ئەو سەرنجبەرییەش کە دەینوێنێ لێرەوە هاتووە.

هاوکات تیرۆریزم بە ڕادەی ئەوەی کە پشت بە بێهیوایی رسواکراو و رسواکراوان دەبەستێت، پشت بە نائومێدیی نا ئاشکرا و نەدیتراوی خۆشبەختانی جیهانگیریی، بە ڕامبوونی تایبەتمان بۆ تەکنەلۆجیایەکی تەواو، بە واقیعێکی گریمانکراوی بە تینو تاو، بە باڵادەستیی تۆڕ و

پرۆگرامگەلێك دەبەستێ كە رەنگە پرۆفایلێكی لاوەكیی تێكڕای چەشن نیشان بدات كە پەرەناسێنێت، پرۆفایلێكی چەشنی مرۆیی كە چیی تر بووەتە «جیهانیی» (ئایا باڵادەستیی چەشنی مرۆیی بە سەر پاشماوەی هەسارەی زەوی دا لە شێوەی باڵادەستیی خۆرئاوادا نییە بە سەر پاشماوەی جیهاندا؟). ئەم بێهیواییە نەدیتراوەش ـ بێهیوایی ئێمە ـ بێهیواییەكی پایانییە، چونكە لە هاتنەدی هەموو ئارەزووەكانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەر تیرۆریزم بەم شێوەیە لەم لەڕادەبەدەرییە لە واقیعو لە ئاڵوگۆڕی ئەستەمی واقیعو، لەم فرەییە بێ بەرامبەر و لەم چارەسەرە زۆرەملێیەی ململانێكانەوە سەرهەڵبدات، ئەوا بیرۆكەی ریشەكێشكردنی لەبەر ئەوەی كە خراپەیەكی بابەتییە، وەهمێكی سەرتاپاگیرە، چونكە، لەو بارەیدا كە تێیدایەتی، لە رووی بێهودەیی و بێماناییەكەیەوە، ئەو دادوەریی و سزایەیە كە ئەم كۆمەڵگایە بە هۆیەوە دادوەریی خۆی دەكات.

# (٣)

# دەمــامکی شـــەڕ

«نـــە لەگەڵو نـــە لە دژ ـ تەواو بـــە پێچەوانەوە». ئەمە ناونیشـــانی فیلمەکەی سیدیریك لاپیشە Cedric klapisch، نە لەگەڵو نە لە دژی شەڕ. دەستەواژەی «تەواو بە پێچەوانەوە» واتە هیچ جیاوازییەك لە نێوان شەڕو نا. شـــەڕدا نییە و بەر لە هەڵوێست وەرگرتن پێویستە سەبارەت بە دۆخی رووداوەکە هۆشیار بین. بەڵام، ئەم شەڕە نا رووداوە و، بەرانبەر بە نا رووداویش بێهودەیە هەڵوێست وەربگیرێت، پێش هەر شتێك پێویستە ئەو شتە بزانرێت کە شاردویەتییەوە و، ئەوەی کە شوێنی دەگرێتەوە و، ئەوەی کە ســـود لە خۆ لادان لێی چییە. پێویســـت بە گەڕانی درێژخایانییش نییە: چونکە ئەو رووداوەی کە بەرەنگاری دەبێتەوە ـ نا رووداوی شـــەڕە ـ ١١ی سێپتەمبەرە.



پێویســـتە لە سەر شیکاریی، کە ئەم ویستەی هەڵوەشاندنەوە و، مەحفکردنو، شـــتنەوەی رووداوە راســـتەقینەکە، بکاتە خاڵی هەنگاو هەڵگرتن، ئەمەش وێناکردنی ئەم شـــەڕە تارماییئاســـایە بە واتایەك لە واتاکان دژوار دەکات، چونکە خاوەنی ئامانجێکی تایبەت بە خۆ یان پێداویســـتیی یان دوژمنێکی راســـتەقینە نییە (سەددام تەنها بووکە ســـەماکەرەیەکە و هیچی تر). ئەم شەڕە تەنها فۆرمی کەینو بەینی هەیە، کەینو بەینی رووداوێك کە کتومت ئەستەمە مەحف بکرێت.

هەر ئەم هۆیەشـــە کە هەر لە ئێســـتاوە دەیکاتە بێپایان، تەنانەت بەر لەوەی کە دەســـت پێ بکات. لە راستیدا پێشتر روویداوە و هەڵپەسێراوییشی بەشێك لە درۆی ئەم شەڕە پێکدێنێ. سەرەتای شەڕێکی بێکۆتا سەر ڕێگا دەخات کە هەرگیز روونادات. ئەم هەڵپەسێراوییەشـــە کـــە لەمەوپاش لە داهاتوودا چاوەڕوانمان دەکات، ئەم رووداوە هەنووکەییە بەربڵاوانەی هەڕەشە و تیرۆریزم لە فۆرمی پرەنسیپێکی گشتیی پێشگرییدا.

دەتوانین لە نێو دوایین فیلمی ســـتیڤین سپیلبێرگ Spielberg دا بە ناوی راپۆرتی گروپی کەمایەتی Minority report پەی بەو میکانیزمە بەرین. کە بەر بنەمای پێشگریی لە تاوانەکانی داهاتوو تیمێك لە کۆماندۆی پۆلیس هەڵدەستێ بە دەستگیرکردنی تاوانکار بەر لەوەی تاوانەکەی ئەنجامبدات.

کتومت هەر ئەمەشە سیناریۆی شەڕی عێراق: کۆتاییهێنان بە کاری تاوانی داهاتوو لە شوێنی سەرهەڵدانەکەیەوە (بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە لایەن ســـەددامەوە). لێرەدا ئەو پرسیارەی کە بە جۆرێکی لە تاقەت بە دەر خۆی دەســـەپێنێ، ئەمەیە: ئایا تاوانە گریمانکراوەکە، ئەنجام دەدرا؟ ئێمە هەرگیز هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانین چونکە نەهێڵرا رووبدات. (سەددام خۆی هیچ بایەخێکی نییە) بەڵام ئەو شـــتەی کە لە ڕێگای سەددامەوە ئاشکرا دەبێت، هەڵوەشاندنەوەیەکی پرۆگرامســـازیی ئۆتۆماتیکیی هەموو ئەو شتانەیە کە دەشێ رووبدەن. چەشنێکە لە پێشـــگریی لە سەر ئاستی جیهان، نەك تەنها

له هەر تاوانێك بەڵكو لە هەر رووداوێك كە دەشێ، سیستمێكی جیهانیی كە بە باڵادەست لە قەڵەم دەدرێ، بشێوێنێ. ئەمە ریشەكێشكردنی «خراپە»یە لە هەموو فۆرمەكانیدا، ریشەكێشكردنی دوژمنە كە چیی تر لە خۆیدا بوونی نییە (بەوپەڕی سانایی ریشەكێش دەكرێت)، ریشەكێشكردنی مەرگە. «سفری مەرگ» دەبێتە پێویست بۆ ئاسایشی گشتیی. دەبێتە پرەنسیپێكی راستەقینەی بەرپێگیریی‌و، پێشگریی‌و «بەرگرتن بە گومڕایی»، بەڵام بەبێ باڵانسی تیرۆریزم.

ئەم پێشگرییە بە بێ شەڕی سارد، ئەم تیرۆریزمە بە بێ باڵانس، ئەم بەرپێگرییە دڵڕەقە بە ناوی ئاساییشەوە، دەبێتە ستراتیجێكی گەردونیی.

«خراپە» ئەوەیە كە بە بێ هۆشداریی‌و، پاشان بەبێ پێشگرییەكی شیاو، روودەدات، بەدڵنیاییەوە ئەمە دۆخی ١١ی سێپتەمبەرە ـ لە راستیدا لەم لایەنەشەوە رووداوێك پێكدێنێ‌و رادیكالانە بە نا رووداوی شەڕ ناكۆكە.

١١ی سێپتەمبەر رووداوێكی ئەستەمە، وێناكردنی دژوارە. بەر لەوەی كە شیاو بێت دێتە دی (تەنانەت فیلمی كارەساتەكانیش پێشدەستی نەكردووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە خەیاڵدانی خۆی تێدا بەكارهێناوە). لە تەرزی رووداوی ناكاوی رادیكاڵە (تێیدا ئەو پارادۆكسە دەدۆزینەوە كە بە هۆیەوە شتەكان تەنها لە پاش روودانیان شیاو دەبن).

جیاوازییەكە لەگەڵ شەڕدا جیاوازییەكی تەواوە، كە لە ئاستێكی بەرزی پێشبینیی‌و، پرۆگرامسازیی‌و، پێشدەستیدایە، چونكە چیی تر تەنانەت پێویستی بەوە نییە كە رووبدات. تەنانەت گەر «بە كردار» قەوماش، پێشان لە رووی گریمانەییەوە روویداوە ـ كەواتە ئەو كاتە نابێتە رووداو. لێرەدا واقیعیی، ئاسۆی گریمانەییە.

ئەم دەسەڵاتەی گریمانەیی بەو راستییەش قایم‌و پتەو دەبێت كە ئەم شەڕە راگەیەنراوە وەك هاوتا و، دوانەی شەڕی كەنداو وایە (بوش ـ یش جمكی



باوكێتی). كەواتە دوو رووداوی دووانەن لە هەردو لایەنەوە رووداوە گرنگ‌و یەكلاكەرەوەكە لە چێوە دەدەن.

لێرەشەوە و بە جۆرێكی باشتر، لەوە دەگەین كە چۆن ئەم شەڕە رووداوێكی تارماییئاسایەghost event، بوكەڵە بویەرێكە لە وێنەی سەددام دا. چاوبەستێكی ئێجگار گەورەیە بۆ خودی ئەمەریكییەكان خۆشیان: چونكی لەگەڵ ١١ی سێپتەمبەردا لە هەمان كات كە تیایدا دەست بە كاركردن لە پێناو لەبیرچوونەوەدا كرا، بنەمای كارێكی گەورە بۆ پێشگریی دانرا: ١١ی سێپتەمبەر، بە گوێرەی هەمان پرەنسیپی بەرپێگیریی روویندا، بەڵكو بە جۆرێكی گەڕانەوەیی روویدا. پرۆژەیەكی نائومێد و بێپایانە.

ئەی دواتر ئەو دوایین ستراتیجە، یاخود لانیكەم دەرەنجامی بابەتیی ئەم هەڕەشە پێشگرییكارە، چییە؟ هەڵبەت پێشبینیكردنی تاوانو، بەركەماڵكردنی چاكە و، راستكردنەوەی ئاقاری نائەقڵانیی جیهان نییە. تەنانەت نەوتو پێودانگە جیۆستراتیجییە راستەوخۆكانیش دوایین هۆكار نین. دوایین هۆكار دامەزراندنی سیستمی ئەمنییە، بێلایەنكردنێكی گشتیی میللەتانە لە سەر بنەمای نا رووداوێكی پایانیی. كۆتایی مێژووە بە واتایەك لە واتاكان، بەڵام نەك هەرگیز لە ژێر سەر دێڕی لیبراڵیزمی سەركەوتوو یان لە ژێر ناو و نیشانی دەستكەوتی دیموكراسیی دا وەك لای فۆكۆیاما ـ بەڵكو بەر بنەمای تیرۆریزمێكی پێشگرییكار كە سنوورێك بۆ هەموو رووداوێكی شیاو دادەنێت.

تیرۆریزمە دڵۆپێنراوەكە ـ سیستمەكە كە بە ناوی ئاساییشەوە رووەو تیرۆری خۆی چەرخاوە، ئەمەیە سەركەوتنی تیرۆریزم. ئەگەر شەڕی گریمانەییش تیایدا هێزی جیهانیی لە گۆڕەپاندا سەركەوتوو بوویێت، ئەوە تیرۆریزمە كە لە شەڕەكەدا لە ڕووی سەمبولیكییەوە سەركەوتوو بوو بە سەرهەڵدانی پاشاگەردانیی جیهانیی.

پاشان ئەوە دەستدرێژیی ١١ی سێپتەمبەر بوو كە پرۆسەی جیهانگیریی بە

جێ گەیاند ـ نەك جیهانگیریی بازاڕ و، دەساودەسکردنی سەرمایەکان، بەڵکو جیهانگیرییەکی سەمبولیکییو قووڵتر کە جیهانگیریی هەژمونی جیهانییە ـ بـــە هۆی ئەو بزواندنـــەوە کە هاوپەیمانێتی خۆبەخۆی هەموو دەســـەڵاتە دیموکراسی یان لیبراڵی یاخود فاشیی یان تۆتالیتارە هاودەستو هاوکارەکان لە داکۆکی لە سیستمی جیهانیی، بزواند. هەموو دەسەڵاتەکان لە دژی تاکە یەك «ئالیین»(١١). هەموو ئەقڵانییەتە توڕە و خرۆشاوەکان لە دژی لافی شەڕ. لە کاتێکدا کە لە راستیدا هەموو جیهان دژ بەم هێزە جیهانییە بەرەنگار دەبێتـــەوە و، هەر دژ بە ئەمیش هێزی دژکاری تیرۆریزمی ســـەمبولیکیی کتوپڕ ســـەرهەڵدەدا. ئەم هێزی دژکاری تیرۆریزمە ســـەمبولیکییە فیز و ناهەماهەنگیی ئەو هێزەی تەقاندەوە کە لە سەروبەندی شەڕێکی نا ڕوون دا هەموو جیهانی ناچار بە ریزلێنان لە خۆی کرد.

ئەم تیرۆریزمە پێشـــگرییکارە هەرگیز بایەخ نەدەرە بە پرەنســـیپە تایبەت بە خۆ (مرۆییو دیموکراســـی)ەکانی، لە بازنەی درامای مۆسکۆدا کاتێك کە هەموو شـــتێك کتومت بەو جۆرە قەوما کە لە ســـەروەختی رووداوی مانگا شـــێتەکەدا روویدا، بەوپەڕی ســـنوری دراماتیکیی گەیشت: بە مەبەستی پێشـــگرییکردن، هەموو مێگەلەکە لەناودەبـــرا ـ دواتر خودا بەندەکانی خۆی دەناسێتەوە. لە ماوەی کۆمەڵکوژییەکەدا دیلەکان تێکەڵ بە تیرۆریستان بوون ـ واتە ئەوان لە لایەنی گریمانەییەوە تێوەگلاون. پرەنســـیپە تیرۆریستییەکە بە سەر هەموو دانیشتوواندا گشتێنراوە. ئەمەیە گریمانەی شاراوەی دەسەڵات: خودی دانیشتووان خۆیان هەرەشەیەکی تیرۆریستیین بۆی. تیرۆریزمیش لە کردەیدا بە شـــوێن ئەم هاودەستییە لەگەڵ دانیشتوواندا دەگەڕێت بێ ئەوەی بیدۆزێتـــەوە. بەڵام لێرەدا ئەوە خودی دەســـەڵات خۆیەتی کە وەدیهێنانێکی توندوتیژانە ئەم تێوەگلانە خۆنەویستانەیە وەدی دەهێنێ.

ئێمە لە رووی گریمانەییەوە دیلگەلی دەســـەڵاتین، پێویســـتە لە ســـەرمان رووبەرووی هاوپەیمانیی هەموو دەســـەڵاتەکان لە دژی هەموو دانیشـــتووان ببینـــەوە ـ ئەمەش لـــە رۆژگاری ئەمڕۆدا کتومت لـــە نزیکبوونەوەی ئەو



شەڕەدا ئاشـــکرایە کە بە هەر حاڵ رووددەداتو هیچ گوێ بە رای گشتیی جیهانییش نادات.

ئەم دۆخـــە جیهانییەیە هەق بە ڤیریلیـــۆ virilioدەدات کاتێك کە باس لە شەڕێکی ناوخۆیی گەردونیی دەکات.

دەرەنجامـــی سیاســـیی هەرە دراماتیکیـــی ئەم رووداوانـــەش، هاڕەکردنی چەمکەکانی دەســـتەی نێودەوڵەتییو بە جۆرێکی گشتییانەتر چەمکەکانی تێکڕای سیستمی نوێنەرایەتیو رەوایەتییە.

خۆپیشـــاندانەکانی ئەم دواییانەش لە دژی شـــەڕ کە ئێمـــە بڕوامان وابوو سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی دژکار دەبینین، خودی ئەوەش خۆی چی تر نییە جگە لە نیشانەیەکی نیگەرانکەری ئەم کەلێنە، ئەم دەلاقەیە لە نوێنەرایەتیی دا ـ لەبەر ئەوەی کە هیچ کەس شەڕی ناوێت، بەڵام وێڕای ئەوە بەرپا دەبێت، بە رەزامەندیی نیمچە پەنهانی هەموو دەسەڵاتەکان.

ئێمـــە لێرە بە دوا رووبـــەرووی مانۆڕی هێزێك لە دۆخـــە پەتییەکەیدا دەبینەوە، رووبەرووی دەســـەڵاتێکی نا ســـەروەر. چونکی مادامەکی دەسەڵات سەروەریی خۆی لە نوێنەرایەتییەوە وەردەگرێو، مادامەکی بەهانەیەکی سیاسیی هەیە، ئەوا دەشـــێ مانۆڕەکەی باڵانســـی خۆی بدۆزێتەوە، بە هەر حاڵ دەشێ بەرەنگاریی بکـــرێو بە گژی دا هەڵبـــڕژرێ. بەڵام نەمانی ئەم ســـەروەرییە، بوار، بەبێ بەرانبەر، بۆ دەســـەڵاتێکی سەرکێش واڵا دەکات، دەسەڵاتێك لە دۆخێکی کێوییدا (کێوێتییەك کە بە قەدەر ئەوەی تەکنەلۆجییە، سروشـــتیی نییە). ئەم دەســـەڵاتە کە چیی تر ژێدەرێکی رەوا و، تەنانەت دوژمنێکی راســـتەقینەی نییە (چونکە بـــۆ جۆرێك لە تارماییەکی تاوانکار دەیگۆڕێ) بـــێ هیچ ناڕەحەتییەك دژ بە دانیشتوانە تایبەت بە خۆکانی دەچەرخێ.

بەڵام واقیعی تەواوی دەسەڵاتیش هەر دیسان بێکۆتایە. دەسەڵاتێکی تەواو کە چیی تر تەنها بەر بنەمای پێشـــگرییو بەرپێگیرییو ئاسایشو کۆنترۆڵ دادەمەزرێ،

دەسەڵاتێکە لە رووی سەمبولیکییەوە تاقەت نەگرە: چیی تر توانای گرەو لە سەر خۆ کردنی نەماوە و، دواجار لە دژی خۆی دەچەرخێ. ئەوە ئەم لاوازییە و، ئەم بێتواناییە ناوخۆییەی هێزی جیهانییە کە تیرۆریزم بە شێوازی خۆی پەردەی لە سەر هەڵدەماڵێ. وەك نیگەرانییەکی نا هۆشیار بە هۆی کردەیەکەوە خۆی ئاشکرا دەکات کە نەکراوە. (دۆزەخی دەسەڵات) کتومت لێرەدایە.

پێدەچێ رۆژی ١١ی سێپتەمبەر بەم جۆرە و لە دیدی دەسەڵاتەوە وەك بلێی بەربەرەکانێیەکی مەزن بێت کە هێزی جیهانیی ئارەقەی ئابڕووی تێدا تکاند. ئەم شەڕەش، کە زۆر لەوە دوورترە رووبەرووی بەربەرەکانێکە ببێتەوە، ریسوایی ١١ی سێپتەمبەر ناسڕێتەوە.

شتێکی سامناك لە نێو راستیی ئەوەدا هەیە کە ئەم سیستمە جیهانییە گریمانکراوە بتوانێ وا بەم ئاسانییە بچێتە نێو «واقیعیی»ەوە.

رووداوە تیرۆریستییەکە نامۆ بوو، نامۆییەکی لە تاقەت بە دەر. نا شەڕیش، سەبارەت بە ئەو، ئاشنایی نیگەرانکەری تیرۆریزم سەر ڕێگا دەخات.

# (٤)

# پۆرنۆگرافیای شەڕ

سەنتەری بازرگانیی جیهانیی: شۆکە کارەباییەکەی هێز، رسوایی سەپێنراو بە سەر هێزدا، بەڵام لە دەرەوەڕا. لەگەڵ وێنەکانی بەندیخانەکانی بەغدا، پرسەکە بەدترە، رسواکردنە، رسواکردنی کوشندە لە رووی سەمبولیکییەوە بە هەمان ڕادە، کە هێزی جیهانیی بە سەر خۆییدا دەهێنێت - واتە دەرەنجام بە سەر ئەمەریکییەکانیدا دەهێنێ - ، شۆکە کارەباییەکەی شەرمو ویژدانی بەد. ئەمەیە کە دوو رووداوەکە بە یەکدییەوە گرێ دەدات.

لە ئاست دوو رووداوەکەدا، پەرچەکردارێکی توند لە تێکڕای جیهاندا: لە دۆخی یەکەمدا هەستکردن بە پەرجو و، لە دۆخی دووەمدا، هەستکردن بە رسوایی.



سەبارەت بە ١١ی سێپتەمبەر، وێنە هەست بزوێنەکانی رووداوێکی گەورە، لە دۆخی دووەمدا، وێنە شەرمهێنەکانی شتێك کە پێچەوانەی رووداوەکەیە، نا - رووداوێکی پڕوپوچی نالەبار، داڕمانی، شەرمهێن بەڵام بێ نرخی، نەك هەر بە تەنها قوربانییەکان بەڵکو نووسەرگەلێکی ناشی کە سیناریۆی ئەم دەمەلاسکێیەی زەبروزەنگیان نووسی. چونکە بەدتر تا ئێستا لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە لێرەدا مەبەست لە دەمەلاسکێی زەبروزەنگە، دەمەلاسکێی خودی شەڕ خۆی، پۆرنۆگرافیا کە بووەتە دوایین فۆرمی شەرمەندەیی شەڕێکی دەستەوسان لەوەی کە بەوپەڕی سادەیی ببێتە شەڕ، لەوەی کە بە سادەیی بکوژێت، کە لە نێو دیمەنێکی واقیعییو ستەمگەر و گاڵتەجاڕ و هەرزەکارانەدا، لە نێو وەهمی هێزی بێهیوادا، خۆی شەکەت دەکات.

ئەم دیمەنانە روونکردنەوەی هێزێکن، پاش ئەوەی بە ئەوپەڕی پلەکانی خۆی گەیشتووە، چیی تر نازانێ چی لە خۆی بکات - روونکردنەوەی دەسەڵاتێکن کە لێرە بە دوا بێ بابەتو، بێ ئامانجە، چونکە بێ دوژمنێکی بە جێیە و، مل بۆ هیچ جۆرە سزایەك نادات. چیی تر لە سەپاندنی رسواییەکی خۆڕایی بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی پێ ناکرێت، وەك دەشزانین ئەو زەبروزەنگەی کە بە سەر ئەوانی تریدا دەسەپێنین هەرگیز هیچی دی نییە تەنها گوزارشت نەبێت لەو زەبروزەنگەی کە بە سەر خۆمانیدا دەسەپێنین، هاوکات هیچی دیکەشی لە توانادا نییە تەنها خۆ رسواکردنو، سووکایەتی بە خۆ کردنو نکوڵی لە خۆ کردن نەبێت بە جۆرێکی توندی لادەر. شەرمو شورەیی، بەڵگەی لە ڕادەبەدەری هێزێکن کە چیی تر نازانێ چی لە خۆی بکات.

لەگەڵ ١١ی سێپتەمبەردا، دۆخەکە وەك کاردانەوەیەکی هەمەگیری هەموو ئەو کەسانە دەهاتە بەر چاو کە چیی تر نازانن چی لەو هێزە جیهانییە بکەنو چیی تر تاقەتی ناگرن. دۆخەکە لە باری خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقییەکاندا بەدترە: هەر هەمان هێزە، ئەو هێزەی کە چیی تر نازانێ چی لە خۆی بکاتو چیی تر تاقەتی خۆی ناگرێت تەنها لە لاساییکردنەوەی خۆیدا نەبێت بە چەشنێکی نا مرۆییانە.

ئەم وێنانە سەبارەت بە ئەمەریکا کوشندەن بە ڕادەی ئەوەی کە بە هەمان شێوە وێنەکانی سەنتەری بازرگانیی جیهانییش کاتێك کە گڕ دەگرێت بەو چەشنەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خودی ئەمەریکا خۆی تاوانبار نییە و، هیچ سودی نییە ئەمەریکییەکان تۆمەتبار بکەین: چونکە ماشێنە دۆزەخییەکە، لە کردەوەگەلێکی تەواو خۆکوژانەدا تاو دەستێنێ. لە ڕاستیدا ئەمەریکییەکان لە لایەن هێزی تایبەت بە خۆیانەوە پێشدەستیی کراون. چیی تر ئامرازگەلی کۆنترۆڵکردنی ئەم هێزەشیان نییە. ئێمەش بەشێکی جیانەبووەوەین لەو هێزە. ئەوە تێکڕای خۆرئاوایە کە ویژدانی بەدی لە نێو ئەم وێنانەدا کریستاڵیزە دەبێت، ئەوە هەموو خۆرئاوایە کە لە پێکەنینێکی سادیستیکانەی سەربازە ئەمەریکییەکاندا پیرۆزبایی کرد، هەروەها ئەوە تێکڕای خۆرئاوایە کە لە پشت دروستکردنی دیوارە ئیسرائیلییەکەوەیە.

لێرەدایە ڕاستیی ئەو وێنانە و، ئەو شتەی کە پێی سەرشارە: لەڕادەبەدەریی هێزێك کە وەك بێ نرخو پۆرنۆگرافیی ئاماژە بۆ خۆی دەکات. ڕاستیی نەك ڕاستگۆیی. چونکە لێرە بە دوا، هیچ سودی نییە ئەوە بزانرێت کە داخۆ ڕاستە یان ساختەیە. ئێمە لێرە بە دوا و بۆ تاهەتایە، سەبارەت بە وێنەکان، لە دۆخێك لە نادڵنیاییدایین. تەنها کاریگەرییەکەی گرنگە لەبەر ئەوەی کە نوقمی شەڕە. بەڵکو تەنانەت هیچ پێویست بە پاشکۆی ڕۆژنامەوانیی سوپا embedded نییە، لەبەر ئەوەی خودی سەربازان خۆیان نوقمی وێنەن ـ بە هۆی ئامێرە دیجیتاڵییەکانی وێنەگرتنەوە وێنەکان بە تەواوی ئاوێتەی شەڕەکە بوون. چیی تر بەرجەستەی ناکەنو، چیی تر پێویستیان نە بە ماوە و، نە بە فامو زانینو، نە بە دادوەرییە. چیی تر نە لە خانەی تەرزی نوێنە و نە زانیاری بە واتا وردو دروستەکەی پۆلێن دەکرێنو کتوپڕ، پرسی زانینی ئەوەی کە داخۆ پێویستە بەرهەمبهێنرێو، سەر لەنوێ کۆپیو، پەخشو، قەدەغە بکرێت، یان پرسە «سەرەکیی»ەکە کە لە زانینی ئەوەدا خۆ دەنوێنێ داخۆ ڕاستە یان ساختەیە، چیی تر کەوتووەتە «دەرەوەی بابەتەکە».

بۆ ئەوەی کە وێنەکان زانیارییگەلی ڕاستەقینە بن، پێویستە لە شەڕ



جیاواز بن. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کتومت بە ڕادەی گریمانەیی شەڕەکە بوونەتە گریمانە، هەربۆیە زەبروزەنگە تایبەتەکەیان سەرباری زەبروزەنگی تایبەتی شەڕەکە دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی ئامادەییە باڵادەستەکەیەوە، هەروەها بە هۆی ئەو بنەمایەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووەتە جیهانییو بەر بنەمای ئەوەی کە هەموو شتێك شیاوی دیتنە، وێنەکان، وێنە هەنوکەییەکانمان، پێشتر بوونەتە وێنەگەلی پۆرنۆگرافیك، بە چەشنێکی خۆبەخۆ سیمای پۆرنۆگرافیکی شەڕ وەردەگرن.

لە نێو هەموو ئەوانەدا، بە تایبەت لە نێو دوایین زنجیرەی عێراقیدا، دادپەروەرییەکی یەکانگیری وێنە هەیە: هەر کەس گرەو لە سەر دیمەن بکات بە هۆی دیمەنەوە لە ناو دەچێت. دەسەڵاتتان بە هۆی وێنەوە دەوێت؟ کەواتە بە گەڕانەوەی وێنە لە ناو دەچن.

ئەمەریکییەکان تاڵاوی ئەزمونەکە ژیانو دەژین. وێڕای هەموو بەهانە «دیموکراسی» ەکانو، شێوە ڕۆشنییەکی نائومێد کە لەگەڵ شێوە هێزێکی میلیتاریی نائومێددا وێك دێتەوە. کێ ئەم کارانەی ئەنجامداوە و بە ڕاست کێ بەرپرسیارە؟ سەرکردایەتییە میلیتارییەکان؟ سروشتە مرۆییە ئاژەڵییەکە بەو چەشنەی کە ئاشنای هەین «تەنانەت لە دۆخی دیموکراسییشدا»؟ چیی تر ئابڕوچوونی ڕاستەقینە لە ئەشکەنجەداندا نییە، بەڵکو لە ناپاکیی ئەوانەدایە کە دەیانزانیو ئەوانەی کە دەربارەی ئەوە هیچیان نەگوت (یان ئەوانەی کە پەردەیان لە سەر هەڵماڵی؟). بە هەر حاڵ، هەموو زەبروزەنگە ڕاستەقینەکە ڕووەو پرسی نا لێڵیی ـ دیموکراسیی گۆڕڕا و لە بارێکدا خۆی دیتەوە لە ڕێگای ئاشکراکردنی نەنگییەکانییەوە ئاکارپەسەندیی خۆی وەدەست دێنێتەوە.

بە دەر لە هەموو ئەوانە، نهێنی ئەو وێنە ئابڕووبەرانە چین؟ جارێکی دی، لەودیو هەموو ڕووداوە کتوپڕە ستراتیجیو سیاسییەکانەوە وەڵامی سووکایەتیپێکردنی ١١ی سێپتەمبەر دەدەنەوە و دەیشیانەوێ بە

سووکایەتییەکی بەدتر وەلامیبدەنەوە ـ لە مەرگ زۆر خراپتر. بێ هیچ گوێدانێك بەو کاگۆلانەی (١٢) کە شێوەیەکن لە شێوەکانی سەر پەڕاندن (کە پەڕاندنی سەری ئەمەریکی بە جۆرێکی تەمومژاویی لەگەڵیدا وێك دێتەوە). بێ هیچ گوێدانێك بە کەڵەکبوونی لاشەکانو سەگەکان، رووتکردنەوەی زۆرەملێ خۆی لە خۆیدا دەستدرێژییە. (جەی ئای) مان بینی بەم چەشنە عێراقییەکان بە رووتیو بە کۆتکراوی بە نێو شاردا دەگەڕاند، لە نێو چیرۆکی ئەڵلاهو ئەکبەر Allah Akhbar ی پاتریك دیکارکPatrick Dekaerkeیشدا دەبینین فرانك، کە نێردەی هەواڵگریی ئەمەریکایە، پیاوی عەرەب ناچار بە خۆ رووتکردنەوە و بەوە دەکات کە پێچەوانەی خواستی خۆی قایشو گۆرەوی کون کونی ژنانە ببەستێو بپۆشێ تا دواجار ناچار بەوەی بکات لە لایەن بەرازێکەوە لاقە بکرێت، هەموو ئەمانە بە دەم وێنەگرتنەوە دەکات کە دواتر وێنەکان بۆ گوندەکەیو بۆ هەموو خزمانی رەوانە دەکات. ئیدی بەم شێوەیە ئەوی دی لە رووی سەمبولیکییەوە ریشەکێش دەکرێت. لێرەدا دەبینین ئامانجی شەڕەکە نە لە کوشتنو نە لە سەرکەوتندا خۆ دەنوێنێ، بەڵکو لە تەفروتووناکردنی دوژمن، تەفروتووناکردنی (بە گوێرەی بۆچوونی، پێموایە کانیتتی Canetti ) رووناکی ئاسمانەکەیدا، خۆ دەنوێنێ.

دروست، دەویسترێ ئەو مرۆڤانە پێ لە چی بنێن، ئەو نهێنییە چییە کە دەخوازرێ بە زۆر لێیان بگیرێ؟ ئەوە بەوپەڕی سادەیی بە ناوی چییەوە و بە پشتیوانیی چی لە مەرگ باکیان نییە. لێرەدا، ئیرەیی قووڵو تۆڵەسەندنەوەی «سفر مردو» لەو کەسانە هەیە کە باکیان پێی نییە ـ بە ناوی ئەوەوە ناچار دەکرێن تاقەتی لە مەرگ خراپتر بگرن.. بێشەرمیی قووڵو، بێئابڕوویی بێبەرگییو، دڕاندنی هەموو پەچەیەك ـ هەمیشە هەر هەمان کێشەی ئاشکراییە: داماڵینی چارشێو لە ژنان یاخود داپۆشینی سەری پیاوان تاکو رووتتر و، چەپەڵتر دەربکەون.. هەموو ئەم گاڵتەجاڕییە کە تاج لە سەری بێشەرمیی شەڕ دەنێ ـ تا بەم دەمەلاسکێ گاڵتەجاڕانەیە دەگات، لەم وێنە یەکجار دڕندەیەدا



(یەکجار دڕندە سەبارەت بە ئەمەریکا ) چونکە تارماییترینو «شیاوترینە بۆ بەراوەژوو بوون»، وێنەی ئەو بەندییەی کە هەڕەشەی لەسێدارەدان بە لێدانی کارەبای لە سەرە و بووەتە کاگۆلێکی تەواو، بووەتە ئەندام لە رێکخراوی کو کلوکس کلان ـ ی لە لایەن هاوچەشنەکانییەوە لە خاچ دراو. لە راستیدا لێرەدا ئەمەریکا دەبینین کە خۆی کارەبای لە خۆی داوە.

# پەراوێـــز:

(١) لـــە دەقەکەدا بـــە ئینگلیزی بەم جۆرەیــە: Twin Towers، هەروەها سەنتەری بازرگانیی جیهانیی.

(٢) پەرســـتگای ئیفیـــز (پەرستگای ئارتمیس) بە یەکێـــك لە حەوت سەرســـوڕمێنەکەی جیهان لە قەڵەم دەدرا. ئیروســـترات لە ساڵی ٣٥٦ ز بە ئامانجی نەمرکردنی ناوی خۆی ئاگری تێبەردا. دواتر بڕیاری سوتاندن بە سەردا درا و بە سزای مەرگ ناوهێنانی قەدەغە کرا.

(٣) هلیۆگابـــاڵ (٢٠٤ ـ ٢٢٢ز) ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانییە (٢١٨ ـ ٢٢٢). نـــاوی (جەبەل)ی خواوەندی لە ئایینی خۆرییـــدا لە خۆی نابوو، لە لایەن سوپای سوریاوە، سەروەختێك کە ئەو تەمەنی چواردە ساڵ بوو، بە ئیمپراتۆر دەستنشان کرا. بەڵام ئەوە دایکیو داپیرەی بوون کە دەسەڵاتی راستەقینەیان دە نێو دەستدا بوو. سیفیر ئەلیکساندەر ـ ی ئامۆزای خۆی گرتە خۆ و دواتر ویســـتی لەناوی ببات، ئەم کارەش هانی سەرکردایەتی یاساییو دەستوریی ڕۆمانیی دا کە خۆیو دایکیشی بکوژن.

(٤) یۆکیۆ میشیما (١٩٢٥ ـ ١٩٧٠) یەکێکە لە گەورە ڕۆماننووسە یابانییە هاوچەرخەکان، ڕۆمانی پەرستگای زێڕین یەکێکە لە ڕۆمانەکانی.

(٥) مـــارك ڕۆتکـــۆ Marc Rothko (١٩٠٣ ـ ١٩٧٠) نیگارکێشـــێکی ئەمەریکی بە نەژاد روســـییە، بە یەکێك لە گـــەورە نوێنەرانی قوتابخانەی دەربڕینخوازیی ئەبستراکت لە قەڵەم دەدرێ. (ە. م)

(٦) دۆخگەرایـــی Situationnisme ڕەخنەیەکـــی رادیکاڵـــی هونەر و



ڕۆشـــنبیریی باوی کـــرد. دۆخگەرایی پابەســـتی میراتێکـــە و خۆی لە چوارچێوەی هێڵی ئەو بزاوتە هزرییانەدا پۆلێن دەکات کە بەر لە ئەو جیاوازی نێوان ناڕەزایی هونەرییو خەباتی سیاســـییان نەهێشتبوو، وەك بزاوتی دادا و بزاوتی سوریالیزم. (بڕوانە: ئینسایکلۆپیدیای هاشیت) (ە. م)

(٧) Arundhati Roy ژنـــە ڕۆماننووسو لێکۆڵیارێکی هندییە، بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێ. خاوەنی چەند لێکۆڵینەوەیەکە، بەشداری ئەو لە خەباتی سیاسییدا نیشاندەدەن. ڕۆمانی «خواوەندی شتە پچوکەکان»ی، بۆ سەر چل زمان وەرگێڕراوە. (ە. م)

(٨) جان لوی بۆرخیس: نووسەرێکی ئەرجەنتینییە، لە ساڵی **١٨٩٩** لە بۆینس ئایرس لەدایکبووە و لە ساڵی **١٩٨٦** لە جنێف کۆچی دوایی کردووە.

(٩) Thierry Meyssan, L Effroyable Imposture.

(١٠) تەنانەت دەتوانین گریمانی ئەوە بکەین کە کارەســـاتە سروشـــتییەکان شـــێوەیەکن لە شـــێوەکانی تیرۆریزم. ڕووداوە تەکنیکییـــە گەورەکانیش، لە نموونـــەی ڕووداوی چێرنۆبیل، بە هەمان شـــێوە و لە یەك کاتدا ســـەر بە کردەی تیرۆریســـتییو کارەساتی سروشتیین. دەشـــیا ژاراویبوون بە گاز لە بۆپـــاڵ Bhopal لە هندســـتانیش ـ کە ڕووداوێکـــی تەکنیکییە ـ کارێکی تیرۆریســـتی بێـــت. هەر کەوتنـــە خوارەوەیەکی ناکاوی فڕۆکەش دەشـــێ گروپێکی تیرۆریســـتیی بەرپرســـیارێتیی خۆی لە هەمبەری رابگەیەنێ. ڕووداوە نائەقڵانییـــەکان تایبەتمەندییان بەو جۆرەیە کە دەشـــێ بدرێنە پاڵ هەر کەسو هەر شتێك. بە شـــێوەیەك لە شێوەکان هەموو شتێکیش سەبارەت بە خەیاڵدان دەشـــێ سروشـــتێکی تاوانکارانەی هەبێت، تەنانەت شـــەپۆلی ســـەرما یاخـــود بومەلەرزەکانیش ـ بـــە هەر حاڵ ئەم بابەتە تـــازە نییە، بە نموونە کاتێك کە بومەلەرزەکەی ســـاڵی **١٩٢٣**ی تۆکیۆ ڕوویدا، بە هەزاران هاوڵاتی خەڵکی کۆریا وەك بەرپرس لـــەو بومەلەرزەیە کۆمەڵکوژی کران. لە سیســـتمێکی تەواو کاملی وەك سیستمەکەماندا، هەموو شتێك سەبارەت

به لەناوبردنی سیسـتمەکە هەمان کاریگەریی هەیە. هەموو شتێك بەشداری لە کەمایەسییەکانی سیسـتمێکدا دەکات کە دەخوازێت پاكو بەری بێت. لە سۆنگەی ژێر فەرمانیی پێشتریشمانەوە لە چوارچێوەی کۆنترۆڵە ئەقڵانیو پرۆگراماتیکەکەیـدا، دەتوانین بپرسـین داخۆ خراپترین کارەسـات لە پاكو بەریبوونی خودی سیستم خۆیدا خۆ نانوێنێ.

(١١) ئاماژەیەکی نووسـەرە بۆ فیلمەکەی ریدلی سکۆت Ridley Scott کە هەمان ناوی هەیە، ناوی Alien، باس لە بوونەوەرێکی سـامناك دەکات لە دەرەوەی زەویو بە سواری کەشتییەکی ئاسمانیی هاتووە.

(١٢) کاگۆل Cagoule: ئۆرگانێکی نهێنیی شۆڕشگێڕییە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی پەنا وە بەر کردەی تیرۆریستیی دەبات.

**ئەم کتێبە لە روانگەی دەقە عەرەبییەکەوە کراوەتە کوردی کە ئەمەیە:**

الکتاب : روح الإرهاب

تألیف : جان بودریار

ترجمة : بدرالدین عرودکي

الهیئة المصریة العامة للکتاب ٢٠١٠